
# ئازادی لە عیشق پیرۆزترە



ڕۆمان

سەربەست خەسرەو عارف

**2008**

ISBN 978-82-997856-4-8

## خوێنەرانی بەڕێز

ئەم کتێبە پاشکۆی کتێبی پەیامی خواکانە... باسی تەنها ڕۆژێکی ژیانم دەکات وەک نووسەر، کەتیایدا بڕیار دەدەم پاسپۆرتەکەم بگێڕمەوە بۆ کۆشکی مەلیک لە نەرویج. باسی ئەو هەلویستەم دەکات لە دوو قوتبدا یان دوو تەوەری کەسێتیدا. چوونکە منی چیرۆکخوان توانای دابەش بوونم هەیە بۆ دوو قووتب یان کەسێتی لە ڕۆمانەکەمدا، هەمان لە ڕاستیدا، چوونکە من بەئاگام لە کەسێتی و جەوهەری خۆم. ئەم کتێبە ڕاستییەکی پەتییە. چوونکە من دەمەوێت بە ڕێزەوە بگەڕێمەوە بۆ وولاتی ڕاستەقینەی خۆم. لەماوەی بیست و چوار کاتژمێردا داڕێژراوە و کاری تیادا کراوە.

بەم کتێبە من پێداگری دەکەم، دەمەوێت ڕێکخراوە کوردییەکان ئاگادار بکەم لە سەفەری گەڕانەوەم. بە ناوی میللەتەوە، نیازمەندم لە 21.03.2009 دا بکەومە ڕێ لە وولاتی نەرویجەوە بەرەو کوردوستان و زاگرۆس. ئەگەر کەس بیستەرە یاریدەدەرم نەبێت.. ئەوا نازانم چیم بەسەر دێت. چوونکە من دەمەوێت جیهان من و کەلتوورو دۆزو ئایینو ڕەسەنایەتیی میللەتی کورد ببینێت. جا تکا و داواکاریم وایە کە مرۆڤی کورد بێن و لایەکم لێ بکەنەوە. بۆ مەبەستی گەڕانەوە. بۆ سەر چیای جوود. چوونکە ئەوێ مەککەی خۆرئاوایە.

### ئەمڕۆ 21.11.08

ئەمڕۆ لە مێژووی ژیانمدا؛ یەکەم ڕۆژی ژیامەوەی تەمەنی هەرزەکاریمە. بەڵێ ئەمڕۆ. ئەزانن بۆ؟ چوونکە بەو کارە هەستام کە پێویست بوو بیکەم... ئەوەی ڕاستی بێت خۆمم لە کۆیلەیی ڕزگار کرد. پاسپۆرتە نەرویجییەکەم گەڕاندەوە بۆ مەلیکی نەرویج! بەڵێ بەم ئەرکە مێژووییە هەستام. وا مەزانە ئەمە کارێکی ئاسانە! نا، وا نییە. بەڵکوو کارێکی زۆر سامناکە. چوونکە نەرویج وولاتیکی شازوو دەگمەنە لە جیهاندا بۆ خۆشی و دەوڵەمەندەی و ئاسوودەیی. بەڵێ، دێوەکان وا دەڵێن. دەڵێن وولاتی نەرویج یەکەمە لە جیهاندا بۆ خۆشی. چوونکە چەورن و پارەیان زۆرە... بە پشی پشیی نەتەوە یەکگرتووەکان، وولاتی نەرویج وولاتێکی دەوڵەمەندە... گەر وەهایان پێ نەڵێن، ئەمان یەک فلسی قەڵب نادەن بەوان. چوونکە وولات و گەلی نەرویج حەز ناکەن جیهان بەکەم سەیریان بکات. کەچی خۆیان بەکەم تەماشای هەموو کەلتوورێک دەکەن. من هەژدە ساڵە لەناویاندا دەژیم، کەچی نەمدیت ڕۆژێک کەسێک لەناویاندا لەخۆی ڕاپەڕمووێت و بڵێت: ئەم مرۆڤە هونەرمەندە وکۆیلەی ئێمە نییە. ئەم مرۆڤە جیهان پەروەرەوەهاتووە پەیامی هونەرو جوانیی پێیە بۆ ئێمە...ئەو بیر جوان و بیردۆزو بیرناسە. کەس ناوێرێت دان بە کورددا بنێت. بۆیە من ووێرام پاسپۆرتەکەم بەوان بدەمەوە... توانییم بەرامبەر بە دوو دێوی حەیتە بووەستم و بڵێم: هاتووم تا

پاسپۆرتەکەم بگێڕمەوە بۆ مەلیکی نەرویج. چونکە من باوەڕم بە هاوژیانیی میللەتێک نییە کە ناوێرێت ناوی وولاتی لەدایکبووی خۆم لەسەر ناسنامەی ئەوان هەڵبگرم! دان بە کوردوو کوردوستاندا نانێن... دەیانەوێت من فێر بکەن کە من عەرەبم،، فارسم، توورکم، نەرویجییم! دەیانەوێت من فێری مادده پەرستی و شەهوە پەرستی و هەوەسبازی و تەمبەڵی بکەن. دەیانەوێت من بکەن بە هەر شتێک دڵیان بیەوێت. چوونکە هەژدە دانی ساڵی ڕەبەقە من خەو بە کارێکی شایستەوە دەبینم. من هونەرمەندێکی وێنەکێش و نووسەرو جواننا‌سم. لە بواری گیانییدا خۆم بە حەزرەتی نوح دەزانم. چوونکە لە داهێناندا دووچاری ڕاوکردنی بیرەوەرییەکانی ئەو هاتم لە هەمیشەییدا. بۆیە ئەمڕۆ لەبەر دەیان و سەدان هۆکاری نالەبار؛ کە زووربەیان شایانی باس نیین، پاسپۆرتەکەم گەڕاندەوە ناو قووتووی پۆستی بەر دەرگای مەلیکی نەرویج. جا با بۆتان باس بکەم. با بەزمانی ئاسۆ تووتی بۆتانی بگێڕمەوە. ئاسۆ تووتی هاوڕێیەکی دێرینمەو ئەو باوەڕی بە من نی‌یە. هەڵبەتە ئەو ئازادە... چوونکە ئەو یەک دووساڵێک لە من گەورەترەو بە زمانی خۆی دوونیای دییوە. سۆسیۆلۆژە، ئەندازیارە! جارجارەیش گەر دێوەکان ڕووخسەتی بدەن، ئەوا سایکۆلۆژیشە. مارکس و ئەنجلس و باخ و فیورباخ و سپیینۆزا بەگوونی. هەرکەسێکی خۆش نەوێت دەبێت بە هاوڕێی... باسی ئەم هەتییوە دەخەینە بەشەکانی ترەوە... چوونکە ئەم کابرایە زۆر سەیرە! ئەمیش باوەڕی بەرامبەر بە دۆزی کورد سزە... بۆیە دواتر باسی ئەوتان بۆ دەکەم. بەڵێن دەدەم بەم کتێبە تێرتان بکەم لە داستانی هاورێیەتی و ئازاری دوورە وولاتی و تەنهایی و هەرەس. تەنانەت بە تێروو تەسەلی و بێ ئەرک گەشتێک بە بیرەکانت دەکەم... باسی تەنها ئەمڕۆتان بۆ دەکەم لە وڵاتی نەرویج. تا فێر بن وەک من سەر بۆ دۆزی کوردو ڕەسەنایەتی

میللیتان دانەوێنن، بگرین، سەرتان بەرز ڕاگرن و بڵێن: بەڵێ ئێمە کوردین. سەر بە مەملەکەتی کوردوستانی ئازاد.

ئەمڕۆ، کە بیستوویەکەمی مانگی سەرماوەرزە. کە تیایدا پاسپۆرتەکەم گەڕاندەوە بۆ بەڕێزی مەلیک هەراڵد.

## *بەشی یەکەم*

### *دووێنێ شەو!*

---

خووێنەرانی بەڕێز... دوێنێ شەو خەوم لێ نەکەوت... چوونکە ڕۆژێکی پڕ لە ئازار بوو بۆ من. تیایدا دوو فرسەتی گەورەم لەدەست دابوو. نەوەڵا سیان؛ بگرە زیاتریش. چوونکە تیایدا دڵی ئیزابێلام یەشاند. دوای ساڵانێکی درێژ یەکتری ناسیین و خۆشەویستی، بەوم فەرموو: تۆ شایانی ڕێزی من نییت، چوونکە دێو پەرستیت. دێوپەرستیش هاوڕێیەتی نافامێت؛ یان من خۆشم ناوێت.

هەر هەمان ڕۆژ خاوەنکارەکەم پێی ووتم مەیە بۆ سەرکار گەر دەتەوێت پرۆژەی گەڕانەوە بۆ وولات دابنێیت. بێ شەرمانە، بەبێ ئەوەی ڕێز بۆ گرێ بەندی کار دابنێت، فەرمانی دا نەچم بۆ سەر کار! لە هەمان کاتدا سەری پەیوەندی‌یەکی گرنگم بە کەڵە هونەرمەندێکی نەرویجییەوە لە دەست دا! هونەرمەندێک کە ئەو چاکتر من دەناسێت، کارە هونەرییەکانی منی دیبوو لە ئەنتەرنێتدا و دەترسا لە نزیکەوە من بناسێت... چوونکە بڕیار بوو پێکەوە پرۆژەیەکی هونەری بەڕێوە بەرین! بڕیار بوو پێکەوە کار بکەین! کاری هونەری، بەڵام دوو جار لە هەڵوێستی پەشیمان بووەوە و نەیتوانی بمبینێت. هۆکارەکەشی نادیار بوو لە خواستی ئەودا. بەڵام من دەمزانی دەترسێت و نەخۆشی ترسی هەبوو لە بێگانە! بۆیە بەوم فەرموو: ئەگەر لە خۆناساندن دەترسیت؛ ئەگەر لە بێگانە دەترسیت، چاتر وایە من نەبینیت. چوونکە من هیچیان نییم... من مرۆڤم بەر لەهەر ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئایینی. بەڵام وەک هونەرمەندو جوان ناس، ڕێناس و پێرفێکسیۆنیست و ئینقیلابییم لە بواری نەرێتی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ئاکاردا.

هەروەها بڕیاریشم دا تا پاسپۆرتەکەم بۆ مەلیکی نەروێژ بگەڕێنمەوە.

بۆیە خەوم لێ نەکەوت... کورد گۆتەنی گووێی مەدێ... با نۆیش لەبانی دەی بێت. خەوم لێنەکەوت. نەمتوانی بنووم... وەک کەروێشکێکی سەرلێشێواو بە دەم هەڵمەتی تانجیی ڕاوچییەوە لە شەکەتا وەنەوزم دەدا... لەناوجێگاکەمدا خەونم بە فریشتەکانەوە دەدی... خەوم بە ژیانەوە دەدی... خەوم بە دۆعاوە دەدی... دەبووم بەبەرد، بە دار بە تێڵاو دەکەوتمە وێزەی مەرگە قەزمە ناشیرینەکان... ئەو مەرگانەی کە دێن و

دەترسن دەست بۆ کەرامەتم بەرن. هاتن دەوریان تەنییم... هەر یەکەیان لە ئاوازێکی مەحزوونیان دەژەن... دەیانووت، نا... هانیان دەدام کە خوودکوژی بکەم. هانیان دەدام تەنها ڕەش ببین بم... منیش قنم تێدەکردن و بەدەم خەوەوە تڕێکم دەتەقاند بە ڕووخساری ترشاوی مەرگەکاندا. خەڵکیینە، ئێوە تا ئێستا تەنها باسی مەرگێک دەکەن و لە مەرگێک زراوتان چووە. بەڵام من باسی مەرگەکانتان بۆ دەکەم، ئێستا نا، بەڵکوو لە دواییدا، یان چاترە باسی مەرگ بخەمە لاوە. چوونکە حەز دەکەم باسی تەنها دوێنێ شەوو بڕیارەکانمی تیادا بکەم.

وەک فەرمووم، خەوم لێ نەکەوت... دەشێت تەنها ناوەختە کاتیک توانییبم بنووم و چەند پارچە خەوێک ببینم. فریشتەیەک لە فریشتەکانی خەیاڵم کە هێندەی شازادەی ووڵاتی نەرویج جوانە، پێی فەرمووم: بەڕێز حەزرەتی نوح بۆچی هەڵناسی قاوەیەک فڕ بکەیت و کەمێک بە گوڵزاری سەعدیدا بگەڕێیت؟ منیش فەرمووم: جا بۆ نا؟... پاشان هەستام، قاوەیەکم بۆ خۆم تەیار کردوو جگەرەیەکیشم کرد بە سەریا. بیرم لە ناوەرۆکی ئەو پارچە خەونانە کردەوە کە وەک زیینده خەو دیببووم...چوونکە بەر لە هەستان، عەیب نەبێت سەرتاپام تەڕبوو بوو... خەونم بە ئافرەتێکەوە دەدی کە تەنها بوو. بەڵێ ئافرەتێکی داماوی جوانی قەیرە و بێ نازوو پڕ لە خەوی شێواو... ئافرەتێک کە چەند ساڵێکە دەیناسم و بۆ عاشقەکەی دەگەڕێت ولە من دەپرسێت: حەزرەتی نوح من پێویستم بە کەسێکە مووچەیەکی هەبێت، دەنا پێکەوە هەڵناکەین. لە خەوما هاتە سەر سەرم، هەر وەک ئەوەی ئاسمان بڕوخێ بەسەرما... خەریک بوو خەفەقانم بکات! چوونکە زۆر تامەزرۆی تێکەڵ بوون بوو لەگەڵ من. زۆر پێویستی بە خۆشەویستی و دەسبازی بوو... چوونکە تەنهایی داگیری کردووە. چوونکە تەنهایی

شەکەتی کردووە. بۆیە لە خەونەکەمدا بە پەرۆشەوە خۆی دا بەسەر سنگمدا، هەستێکی دێرینەی بۆ من هەبوو ، دەیزانی کەمن ئەوەی پێ ڕادەفەرمووم و ڕێگەی دەدەم خۆی بخزێنێتە ناو باخەڵ و ژووری نووستنم.

خۆی نیمچە ڕووت کردەوانێ وفەرمووی: تووخوا کەمێک ناخی ناخم بۆ بشێلە. منیش نەمکردە نامەردی ژێرکراسەکەیم هەڵدایەوە... ژێرکراس و دەرپێ نییو پەنجەییەکەی کە ڕەنگیان شینی ئاسمانی بوو... پەڵەی هەوری جوانی تیا بوو... فەرمووی: ئەگەر تۆ حەزرەتی نوح یت، ئەوا منیش فریداو دایکی ئاسمانەکانم... بە شێلانی دەستەکانت شیری ئاگری ناخم دەتکێ. منیش بێ تۆ ناخۆش خوای ئەو چۆنی ویست وەهامکرد... سووێی بۆوە هێندە ناڵەو ئاخ و ئۆفی کرد... هێندە هاواری کردوو نووزایەوە من خۆم فریا نەکەوتم خۆشاییم بێتەوە... بۆیە خۆمم مت و خپ کردبوو، خوا خوام بوو خەبەرم نەبێتەوە... بۆیە بەر لەوەی فریشتەکە بێت بە میوانییم ؛ من لافاوی ئاوچکان و شیرپژانی گیانی ژێرکراسشینی ئاسمانی بردمی... ئەو ئاوێکی سپی لەسەر گۆکانی مەمکی فیچقەیان کرد، لەهەمان کاتدا بوو، خۆشایی بە ناخی ئەو؛ ئینجا من گەیی. هەموو گیانم تەڕ بوو... وابزانم بێ درۆ یەک دوو پەرداخ ئارەقەم کردبووەوەلە شەرم و لەخۆشیدا. لەخۆشایی هاتنەوەی ئەو، کە هات و بە تیلەی چاوە شینەکانی، بۆنی بغوردو بۆنی سێکسیی تێکەڵ بەیەک کردبوو. کاتێکیش کە لە ڕاستییدا دێت؛ بە گوڵاوی بۆنی بە من دەڵێت: دەدەی کوڕی باش دەستێ بۆ مەمانم بەرە. منیش بۆنی پێوە دەکەم. پێی دەڵێم کچی باش، منیش حەز لە تێکەڵاو بوونت دەکەم، بەڵام دەترسم نغرۆ بیت لە عیشقی مندا... ئاخر تۆ عیشقی منت بۆ بار ناکرێت. بۆیە چاکترە کاری وەها تەنها لە خەونەکاندا ڕوو بدات. چوونکە ئەو

وا دەزانێت عاشقەکەی دەبێت مووچەخۆر بێت! جارێکیان بەووم فەرموو: بەڕاستی من لە عیشقی ئەم سەردەمە تێ ناگەم... نازانم چۆن ئێوە یەکتری بە مووچەکانتان هەڵدەسەنگێنن! ڕاستە من باوەڕم بەوە هەیە کە مرۆڤ پێویستە لەسەری مووچەیەکی هەبێت. بەڵام هەڵبژاردنی خۆشەویست پەیوەندیی نییە بە مووچەوە! چوونکە مووچەخۆر گەر بێگانە بێت، ئەوا لەم وولاتەدا وەک منی بەسەر دێت. عاقیبەت بێ مووچەو بێ کاریش دەبێت، نەخۆش دەکەوێت، دووچاری وەڕزی دەبێت. ئەی ئەگەر کەسێک دڵی چوو بە مندا؛ من چیی پێ بڵێم؟ بڵێم بێ کارم؟ بەڵێ، کەواتە کەس حەزم لێ ناکات،با کەسیش زەحمەت نەکێشێت.

تەنانەت هەمان ئافرەت کە باسی دەکەم و هاتە خەوم، سوور دەزانێت کە منی خۆش دەوێت، کەچی دێت و لەمن دەپرسێت:ئەرێ حەزرەتی نوح تۆ لەو باوەڕەدایت من خۆشەویستێکم چنگ بکەوێت؟ منیش جارێکیان لەکەنار دەریا، کەرۆژێکی هاوینی ڕابردوو بوو، پێیم فەرموو: بەڵێ، هەندێک جاری وا هەیە مرۆڤ زۆر بەدووای هەمان شتدا دەگەڕیت کە لەناو چنگی خۆیدایە. بەڵێ. من هاوڕێیەکم هەیە هەمیشە کە بۆ شقارتە دەگەڕێت، تا جگەرەکەی پێ داگیرسێنێت. شقارتەکە لەدەستێتی و ڕای دەوەشێنێت و لەبەرامبەرەکەی دەپرسێت: هەتیو کوا شقارتەکەم؟ ئێستا لەدەستما بوو! کوا؟ هەیە هەمیشە بۆ شتێک دەگەڕێت کە وونی کردووە، کەچی لەبەر دەمیشیایەتی. وەک کوڕە گەورەکەم. ئەویش هەمیشە کە تەنها دەبێت، دەگەڕیت. دەگەڕێت بە دوای مندا. منیش زرتە زەلام لەبەر دەمییدام و نامناسێتەوە. چوونکە ژیانی نامۆیی کارێکی ئەوتۆی کردۆتە سەر ژیانی خێزانیمان، کە باش یەکتری نابینیین. چوونکە وولات و گەلی نەرویج هەمیشە بێگانە بە

هەڵگری تاوان و شەڕو کێشە مەحکووم دەکەن. ناچاریان دەکەن باش سەیری خۆیان نەکەن. بۆیە کوڕەکەم بەدوای من و بەدوای دایکییدا دەگەڕێت... منیش بەدوای وولاتێکی وونبوودا. دایکیشی لەبەردەمی مندا بە دوای مندا دەگەڕیت!

کوڕە گەورەکەم بە دوای هیچدا دەگەڕێت، کاتێک پرسیاری لێ دەکەم: کوڕم لەچی دەگەڕێی؟ ئەو لە وەڵامدا دەفەرمووێت: هیچ! چوونکە من زۆر ئەوم خۆش دەوێت؛ حەز دەکەم هەموو ژیانی پڕ بکەم لە دڵنیایی و ڕێز بۆی. حەز دەکەم بتوانم ببمە باوکێکی پیرۆز بۆی. بەڵام دێوەکان لە وولاتی نەرویج نایەڵن لە بواری کارکردندا هەست بە ئامان بکەم. لەم ساڵەدا وازم لە شەش کار هێناوە... شەش دانە کار، کە هیچیان لەمن ناوەشێنەوە. نەک من وازم هێناوە، بەڵکوو ناچار کراوم واز لەوکارانە بهێنم... بەڵام بەپێویستم زانییوە کارێکم هەبێت تا دڵنەوایی بدەم بە منداڵەکانم. گەرچی دەڵێم وازم لێهێناوە، بەڵام لەدەستم داون.

من خاوەنی سێ منداڵم. ستەمە بەخێوکردنی منداڵ بەبێ لەئەستۆگرتنی ئەرکێک.

جا بۆیە لەدەستدانی کار ژانێکی بەسووێیە بۆ باوکێکی وەک من... چوونکە من تەمەنم گەر بیشوبهێنم بە تەمەنی نوح چوارسەدو بیست و نۆ ساڵم. بە پێودانگی خەڵکی، پیر بووم و سەرم لە پاڵ قەبردا دەلەرزێ. بەڵام ناتوانا سەیری بەهرەی کارگووزاریم ناکەم. هەروەها گووڕو تاوم بۆ کیژۆڵەیەکی ناسکۆڵەی قژ زەردی چاوشین و مەمک خڕ وەک هەوەسی لاویم سرک و تامەزرۆیە... هێشتا حەزم لە دەستبازی و گەمەی ژێر جێگەو یاری کردنە لەگەڵ خاوەن ژێرکراسی شینی ئاسمانی و دەرپێی تەلیزم باریکدا... لێتانی ناشارمەوە، دوێنێ

شەو گەرچی وەک کەروێشکی بەردەمی هەڵمەتی تانجیی ڕاو، کاتێک کە بەشەکەتی چاوم نایە سەر یەک، ڕاستەوخۆ ئەو ئافرەتە هات بە میوانییم لە خەوما! نەمزانی چۆن توانیی تەلیسم بشکێنێت! چۆن و لە کوێوە خۆی کرد بەژووورداو خۆی دا بەسەرما. تەنها عەبایەکی سپیی لەخۆیەوە پێچابوو کە هات. لە پێشدا ترسام، وامزانی یەکێک لە فریشتەکانێتی... چوونکە ئەو هەمیشە دوو فریشتەی هاوشانە. من هەردوو فریشتەکانی سەر شانی ئەو بە زەقی دەبینم. ئەو دوو فریشتەی هەیە، یەکێکیان سەوزەو ئەوی تریان سوورە. جا بێ تۆ ناخۆش کە عەباکەی لا دا؛ ئاسمانم بینی..ڕاستەوخۆ دەمم ئاوی تێزا؛ چوونکە ژێرکراسەکەی ڕەنگی ئاسمانی شین ونەخشی پەڵە هەوری سپیی تیابوو و دەرپێ دزوولەییەکەی هەمان شێوە ئاسمانی بوو! نازانم کێ ئەو دەرسەی دادابوو؟! یەکەم جارم دەست بۆ لەشی ئاسمان بەرم؛ چوونکە ئەو لەئاسمان دەچوو بەو پرچە خاوە زەردە تیشک شێوەیەوە... چوونکە کووت و مت لە ئاسمان دەچوو...پرچی وەک خۆر لە تاریکیی ناو نهۆمی حەوتەمی کەشتییەکەمدا دەدرەوشایەوە. فریشتەکانی خۆمی لەبیر بردمەوە... ئەو فریشتانەی کە لە بازاڕوو فرۆشگاو لە مەیخانەو لە شەقامەکانی شاردا دەیانبینم و هەڵیان دەگرمەوە. چوونکە ئەوان کیژۆڵەی چاو کووژەکەیی و چاوڕەش و پرچ خاوو سوورو زەردوو سەوزن! هێندە جوانن نەبێتەوە. بەڵام بچووک خۆیان دەبینن، بۆیە من زاتی ئەوە ناکەم گفتووگۆیان لەگەڵدا بگۆڕمەوە چوونکە هێشتا باڕن. حەز ناکەن فێری بابەتی ڕابواردن و گەمەی سێکسی وتێکەڵ بوونی گیانی بن لەگەڵ خەڵکیدا، چوونکە دابی سەردەم دەیەوێت بیانگۆڕێت بە سەگ پەرست، بە دێو پەرست. بۆیە من بچووک دەیانبینم، ڕۆژانە چەند دانەیەک لە دەروونمدا ماڵی دەکەم و بە شەویش لە خەودا ئامۆژگارییان دەکەم، باسی داستانەکانی نوح ـیان بۆ دەکەم، واتە

باسی کەرامەتی خۆم، باسی ئەندێشەی خۆشەویستی و دڵداریی لاوان. باسی چل تووتی و شیرین و فەرهاد و باسی کەساسیی ئافرەتی کوردیان بۆ دەکەم.

لەبەر ئەو هۆیە کاتێک کە ئەو ئافرەتەی ناسیاوم هاتە خەوم؛ بەپێی داخوازیی خۆی ئەوم وەک ئیزابێل شێلا، ئیزابیل کەیەکەم هۆگرو خۆشەویستم بوو لە وولاتی نەرویج. کە بەر لەتاویَ باسم کردوو فەرمووم وازم لە پەیوەندیی ئەویش هێنا!

بۆیە کار لە کار ترازاو گشت گیانم غەرقی ئاوو لافاوی ڕژانی حەزی ئەو بوو؛ بێدار بووم کە خۆشم خەریک بوو خۆشاییم بێتەوە... دەعباکەم بوو بوو بە کۆلەکەی ئاسمان. کەمێکیش تەریق بوومەوە کاتێک کە هەستمکرد دەشێت فریشتەکانی ناو ناخی خۆم بێدار بووبێتنەوە لە ناڵەی بە دەم خەومەوە. چوونکە وامزانی پیَ دەزانن من خەریکی بینینی چی خەونێکم! بۆیە کەمێکی پێچوو تا لە ناو جێگەکەم هەستام. کاتێکیش کە هەستام ئاو بە دەم و چاوو لەشمدا دەچۆڕی! بەواقوڕماوی بەدەم خەوەوە لە خۆمم پرسی: ئەریَ حەزرەتی نوح خۆ ناشێت میزت کردبێت بە خۆتدا!؟ فەرمووم نا، ئینجا خۆشاوی خەونەکەم یاد هاتەوە...سەرمام بووم لەو هەموو ئارەقەی کردبوومەوە! یادیشم هاتەوە لە خەوما لافاو هەستابوو... فریدا تەنها هەڵمەتی نەهێنایە سەرمن؛ بەڵکو تەبیعەتی تەڕو ئاوپژێن کرد و بارانێکی بە ڕەحمەتی باراند بەسەرماو منیش لە سەرمابووردەیی و نقوومبوون نەجاتم بوو!

من تەنها دوو کوڕو (یەک) فریشتەم هەیە، فریشتەی کچم تەنها گیانێکە کە ڕاستەوخۆ و بێیاریدە بتوانێت بمدوێنێت... ئەو فریشتەیە کچمەو ناوەکەیتان گەر پێنەڵێم؛ خۆتان دەیزانن... چوونکە فریشتە ناوی تری پێویست نییە. فریشتەی کچم. کە

بەر لە ساڵانێک، ساڵانی قڕان، دێوەکان قەپاندیان لێم و خواردیان. بەڵام ڕۆحیانەتەکەی لای باوکی خۆی دەژی. ئێستا نووستووە. جار ناجار بەدەم خەوەوە دەدوێت.

لەبەر ئەوە کاتێک کە بێدار بوومەوە، هەستام، ئاوم بۆ قاوەیەک کوڵاند... قاوەکەم نۆش کرد؛ هاوکات جگەرەکیشم بۆ بەبادا... پاشان چوومە ژێر دووشەکەوە، بە ئاوی گەرم خۆش خۆش خۆمم گەرم کردەوە.

ئاوە گەرمەکەم بەر دایەوە سەر سەری سفرم... تێر تێر خۆمم لەباوەش گرت و زیدەخەوێکم بەپێوە بۆ کرد. بەڵێ لەژێر ئاوی گەرمدا، چوونکە لەوێدا هەست بە پاکژی دەکەم. هەست دەکەم باوەڕم پاکژ، بیرم پاکژ، هەستەکانم پاکژ دەبێتەوە لە گەردوو تۆزی ڕۆژگار. بۆیە مەرجە مرۆڤ هەموو ڕۆژێک دووجار خۆی پاکژ بکاتەوە. چوونکە پاکژی بیری مرۆڤ دەحەوێنێتەوە... ئەوانەی حەزیان لەخۆشۆردن نییە، پاک دامێن نیین. ئەوانەی خۆیان ناشۆن دێون. دێوەکان پاکژی ناپەرستن. من ئەو پەرستارییە دەکەم. کاتێک کە باسی پاکژی بۆ هاوڕێکانم دەکەم دێن بەگژمدا، دەڵێن: خۆ ئێمە کەروو گا نیین. بۆچی جەناب نازانیین کە پاکوو تەمیزی ئەرکە؟ منیش دەڵێم، نەخێر، پاکوو تەمیزی مەیلە، ئارەزوو ویستێکی خۆشی هێنە. پاکژ هۆگری خوای خۆیەتی.

لەژێر دووشەکەدا، بە دەم چۆڕەی ئاوی گەرمەوە، جارێکی تر هەوەسم بزووا... ئافرەتە خاوەن دوو فریشتەکە هاتە ناو ژووری حەمامەکەش! وازی نەهێنا... پەردەی لای دووشەکەی لابردوو، ئەمجارەیان بە هەمان ژێرکراسی شینی ئاسمانییەوە هاتەوە لام، دەرپێکەی لەپێدا نەبوو، نیمچە چیچکان دانیشت لەسەر یەک ئەژنۆ و ئەژنۆکەی تری نایە بن باخەڵی نەرم و

مەمکی توورتی... پاشان کەوتە هەناسە هەڵکێشان و مژین  و بە دەستەکەی تری تووند یاریی پێ دەکرد. منیش چاوم هەڵنەدەهات، ڕوو لە ئاسمان، لە ناخەوە بە خاوی دەمووت: ئاخ خوای گەورە؛ ئۆف. ئەویش زیاتر گووڕو خرۆشیی خۆی تاو دەدا! هێندە یاریی لەگەڵدا کردم ئاوم پەڕی... ئەوسا سیحر ئاسا کە چاوانم کردەوە دیار نەما... دووشەکەم گرتەوەو هاتم کەمێک بەتەنها دانیشتم. مۆمێکم بۆ گیانی ئەو ئافرەتە پیرۆزە داگیرساندوو کەمێکیش بیرم لەو کردەوە. بەڵام زیاتر بیرم دەهاتەوە سەر گەڕاندنەوەی پاسپۆرتە نەرویجییەکە. چوونکە ماوەیەکە ماخۆلانم تووش بووە. حەز دەکەم لە میللەتی نەرویج بگەیەنم کە من بەرگەی ستەمی هەژدە ساڵ ژیان ناگرم لە ناویاندا. پاشان بە لەشی پاکەوە چوومەوە ناو جێگا...

هەرچەندم کرد خەوم لێ نەکەوتەوە، تا فریشتە بچکۆلەکەم بێدار بووەوە، پێی فەرمووم: بابە دەهەستە ، گەر خەوت لێناکەوێت ، زۆر لەجێگەدا ئەمدییوو ئەو دیو مەکە. قاوەیەک تەیار بکە.

لەناو هۆلە تەسکەکەی کەشتییەکەمدا... لە ناو نهۆمی یەکەمی کەشتییەکەمدا، سەیرێکی حەوزی ماسییەکانم کرد... ماسییە زێڕیینەکان... چوونکە سێ ماسیمان هەیە... هەڵبەتە کە یەکێ لەماسییەکان دەمرن، من ئەرکی هێنانی ماسییەکی تر لە ئەستۆ دەگرم، بەڵام ئێستا دوو ماسیمان هەیە. چوونکە بەر لە ئێستا هەمیشە سێ ماسیمان هەبوو، کە یەکەمیان مرد، دایکی منداڵەکانمی لەگەڵ خۆیدا برد، خوالەگووناحەکانی خۆش بێت... هێندە هەستیارو ناسک بوو، لەدوای مردنی ماسییەکە بەر لە چەند ساڵێک ئەویش تەمەنی کۆتایی هات. بە لاوی گیانی لەدەست دا... ئەو دووچاری شێرپەنجەی گیانی بوو، گیانی داڕزاو لەماوەی چەند مانگێکدا هیچێکی ئەوتۆی نەمایەوە بینێژیین... منداڵەکانم باوەڕیان نەدەکرد ئەوە دایکیانە؛ چوونکە شێرپەنجە ئەوی گرمۆڵەو وەها لەڕکردبوو، زۆر سەیر قەبارەی گۆڕابوو. ماسیی یەکەم کە مرد، لە ماوەی سێ ڕۆژدا ڕەنگی کاڵ بووەوە، دیار بوو ژانە سکی گرتبوو، چوونکە لەناو حەوزەکەدا لەسەر پشت مەلەی دەکرد... پاشان چاوەکانی تانەی لێهات، ئینجا بە چاوی خۆم مەرگم بینی لە پشتەوە زەفەری بەو برد و لەمسی پەڕسەوڵی کلکی ئەوی کرد. مەرگ، یان مەرگەکان حیزانە فرسەت لە گیاندار دێنن، لە پشتەوە شاڵاویان دەبەنە سەر... ماسییەکەم بینی لە ماوەی دوو ڕۆژدا پەڕسەوڵی ڕەش هەڵگەڕا... یەکەمجار بوو ببینم کە ڕەش بوونی کلکی ماسییە زێڕینەکان نیشانەی مردنیانە... بە

تایبەتی ئەو ماسییانەی کە دروست کراون و ووردن و زۆر نازین.

سەیرێکی ماسییەکانم کرد، بە ئیجا فەرموویان: بەیانییت باش حەزرەتی نوح؟ فەرمووم: هەمان ڕۆژباش لە ئێوە... بەڵام هێشتا نیوەی شەوە... ئەوان فەرموویان: جا بەرێزتان کەی توانیوویێتی تاکە شەوێک هەمووی بنووێت؟ماسیی دووەم بە نازێکی نێرەمووکانەوە فەرمووی: نازانم!

پاشان حەزمکرد بچم سەیرێکی هەردوو کووڕەکەم بکەم، کە یەکەمیان گیتار ژەنە... دووەمیان هونەرمەندێکی وێنە کێشە وەک خۆم... یەکەمیان ناوی مۆسیقایە، دووەمیان ناوی هونەر. دوایی بە کوورتی باسی ئەوان و باسی ڕەحمەتیی خوالێخۆش بووی داکیانتان بۆ دەکەم. باسی ترس و شێرپەنجەو و گوومان و ڕاڕایی و دوودڵیی ئافرەتانی ئەمڕۆتان بۆ دەکەم، تا پەندێ فێری دایکان و خوشکانی بەڕێز بکەم، چوونکە نەخۆشی دووژمنێکی گەورەترە لە مەرگ، مرۆڤ هێندە وەڕز دەکات کە هەندێک جاری واهەیە مرۆڤ بەدەستی خۆی خۆی لەناو دەبات.

کاتێک کە چوومە ژووری مۆسیقا، بینییم کوڕە گەورەکەم بە پەنجەکانی لە حەوادا یاری دەکاو دەمی لە دۆخی وەک ئەوەی فلووت لێبدات، وەها دەبزواند، هەستم دەکرد فوو دەکات بە و توونێلەدا کە دوو هەسارە پێکەوە بەند دەکات لە ئاسماندا. بە ئاستەم وبە هێواشی لێفەکەم دا بە پشتییداو هێواش لە ژوورەکەی وەدەر کەووتم. پاشان چوومە ژووری هونەری کوڕە بچووکم... ئەویش بەدەم خەوەوە خەندەی دەکرد، هەستمکرد تەماشای شاکارێکی هونەریی مەزن دەکات کە لە خەونەکانییدا دروستیان دەکات. ئەویشم داپۆشی و هاتمەوە ناو هۆڵی نهۆمی یەکەمی

کەشتییەکەم. چوونکە من لە ناو کەشتییەکدا دەژیم. یان ئێمە لەناو کەشتییەکدا دەژیین. کە هەمیشە لە دەریادایین. جاران کە تەنها بووم هەر ڕۆژەو لە وڵاتێک بووم، بەڵام ساڵانێک بەر لەژنهێنان و منداڵ بوون؛ لەوڵاتی نەرویج جوانی سەرنجی ڕاکێشام. لێرە مامەوەو ئەنجام لەبەربێ باوەڕیی خەڵکی و لە کاتەکانی بێکاریدا سەرگەرمی داهێنان و دروستکردنی کەشتییەک بووم.

لەم ساڵانەی دواییشدا لەبەر ناشتن و نزیکی لە تەرمی دایکیانەوە،هێشتاحەزدەکەین لە دوورگەی ئۆسگۆرد بژیین... بەو شێوەیە خۆمان بە میوانی ئەو قەبرسانە دەزانیین کە ڕەحمەتیی دایکیانی تیادا نێژراوە. بە ڕەحمەت بێت، ئەو زۆری حەز لە هاودەنگی و پێکەوەبوون بوو، حەزی نەدەکرد بەجێمان بهێڵێت... بەرگەی ئەو هەموو هەڵمەتە ناهەموارانەی شێرپەنجەی دەگرت، تا مردیش خەندەکانی لەسەر لێو بوون، هەر لە خەندەکانیشیدا گیانی سپارد... ئەو ناوی پیرۆز بوو، واتە هاوسەری کۆچ کردووم. پیرۆز لە زۆر ئافرەت جوانترو پیرۆزتر بوو... خاوەنی یەک زەڕڕە گوومان نەبوو، قینی لە هیچ نەبوو... بەڵام زۆر کەسیشی خۆش نەدەویست. بۆ نموونە ئەم کەشتییەی باسی دەکەم لەم ڕۆمانەدا، تا تەواوم نەکرد باوەڕی نەکرد... کە باوەڕیشی کرد داوای لێبووردنی نەکرد... بەڵکوو بووغزی کرد... بەو بووغزە پیسەی لای ساراو هەندێک ئافرەتی نەرویجی هەیە. بووغزێکە پیاو گێل دەکات،، پیاو بچووک دەکاتەوەو هەمیشە دووچاری ژانە سک دەبێت لەگەڵیاندا. بەتایبەتی لە کاتی جیماعدا... چونکە ئەو جۆرە لە ئافرەتان بووغزیان هێندە ووشک و بێبەرە،، منداڵی ساغ نادەن بە پیاوەکانیان. چوونکە بە بووغزی خۆیان هەناوی پیاو زەجر دەکەن. پیاوەکانیش وەهان کاتێک کە بووغز دەکەن. من تەنها

لەو کاتانەدا دەستم لە لغاوی ئەو بەر دەدا،، چوونکە بێ باوەڕ بوو! خاوەنی هیچ خوایەک نەبوو، گیانی ووشک بوو. ئەویش تەنها دزێوییەکانی دەبینی!

بەڵام ئەوەی نەتوانێت جوانییەکانی بەرامبەرەکەی ببینێت، جوانیی چنگ ناکەوێت... هەن لەناوماندا بە دوای جوانییدا ناگەڕێن، بە جوانی بێزار دەبن. بۆیە هەمیشە وەک کێچ دەچنە کەوڵی مرۆڤەوە. وا دەزانن بەوە سوود بە خواکان دەگەیەنن. نازانن دزێو بیین ؛ جوانناس نیین. بەڵام جوانناس دوولانە بینە. هەردوو تەوەرەکانی خێرو شەڕ دەبینێت و خاوەن باوەڕە بە سروشت و هونەر و جوانی. چوونکە ئەم چەمکانە بەر دەگرن، بە بەریان پرۆژەی مرۆڤی کامڵ بەدی دێنن. ئەوسا تەکنەلۆژیا دەمی بە زیپ دا دەخرێت... گەشەکردن دەوەستێت... مرۆڤایەتی وایان لێدێت دەم بۆ ئاسمانی ووشەکانم دا دەپچڕن. من هێندە زانا نییم، بەڵام دەزانم چەند برسیمە بۆ زانست... زانستی سک. هەست، بیری پەتی و ئازاد. من لەوانە نییم قەپاڵ لە ووشەکان بگرم و بێ ناوەڕۆک بە سوودی ئێوە دەریان ببڕم. من کاری وا ناکەم، وام فەرموو بە نووسەرێکی ئەمەریکی، بەوم ووت: نووسینەکانی من سادەن، بەڵام سروشتێکی تازەیان هەیە. من تایبەتم لە نووسیندا چوونکە پەیامی هونەرو جوانییم پێیە. بەوم فەرموو: ڕۆمانەکانی من ئاستێک لە کەرامەتی من نیشان دەدەن،، ئێوە تێی ناگەن، چوونکە ئافرەتانتان هێندە ڕەزیل و سووک کردووە کە بۆنی پیاوێکی بەدخۆرو بەد مەست و پڕ ڕقیان لێ دێت. ئافرەت مافەکانی لێ سەنراوەتەوە و جێگەی پیاوی لەخۆی و لە پیاوو نەوەی داهاتووشدا مۆلەق کردووە. دا دەنیشن لەگەڵ مندا بە هەزار چاو هەوڵی لە تەفرە بردن و ئازار دان و پەشیمانکردنەوەت دەدەن، درۆ لەگەڵ ناخی خۆیاندا دەکەن و فەرزیشی دەکەن ڕێز لە هەڵوێستەکانیان بگریت.

یەکسان بوونی ڕەگەز بریتی نییە لە گۆڕاندن و شیواندنی ڕەگەزێک بەوی تر. هەڵکو هارمۆنی بوونیان مەرجە. ئێوە تێناگەن. چونکە بووغزتان کوێری کردوون و جوانییەکان بە چاوی درۆ دەبیینن. بۆیە بووغز پردێکە من بەسەریا ناپەڕێمەوە. چوونکە من ڕێگەی بنیاتنانی پردی بووغز نادەم لە نێوان نێرو مێدا، لە نێوان من و ئەواندا... تەنانەت لە نێوان خۆم و پیرۆزیشدا، یادی بەخێر.

کاتێک کە مۆسیقاو هونەرم گەرم داپۆشییەوە، هاتمەوە نهۆمی یەکەم. لە پەردەی پەنجەرەکەوە سەیرێکی قەبرسانەکەم کرد... چوونکە کێلی هاوسەرەکەم لەوێوە دەبیینم؛ لە قەبرسانی ئۆسگۆرددا... کە دەکەوێتە کەنار دەریاوە... بینییم دەریاو شاخ و زەمیین و ئاسمان سپییەکی مەیلەو پرتەقاڵی و تەمیین... چوونکە هەموو شتەکان بەستبووی. بەفرێکی تەنکیش باریبوو... خۆر خەریک بوو هەڵبێت... تەنانەت کێلەکەی پیرۆزی هاوسەرمم بە جوانی بۆ نەناسرایەوە، چوونکە ئەویش بەستبووی. بیریم دەکرد، خۆمم بۆ نەگیرا بەو بەیانی زووە لە کەشتییەکەم دەرپەڕیم و چووم بەرەو قەبرسانەکەو فتییلەیەکم لەپاڵ کێلەکەی ئەویشدا پێکرد... زانیم گیانی هەست بەخۆشی دەکات... من لەمێژە ئەوە دەزانم، باوکە گەورەم حەزرەتی ئادەم وەهای دەکرد بۆ کۆرپەی یەکەمی کاتێک کە مرد. بۆیە منیش ڕێز لە مردووی خۆشەویست دەگرم. بەڵام بەر لەوەی بگەڕێمەوە ناو کەشتییەکە بینییم، قەلە ڕەشکەیەکی تەنها ڕەق هەڵهاتبوو، بووبوو بە شەختە و لە ژێر دار ئەرخەوانە زووقمگرتووەکەدا کەوتبوو. بە ئاستەم تەرمەکەیم لە زەوی جیا کردەوەو خستمە سەر لەپی دەستم، کە بەرماڵەکەمم پێ هەڵگرتبوو. بیرم لەوە کردەوە کە وێنەیەکی بکێشم، چوونکە دیار بوو تەنهایی ڕەقی کردبووەوە نەک سەرما... چوونکە قەلەکان پێکەوە هەڵناکەن،

پێکەوە نانوون، لانەش درووست ناکەن. بۆیە کە گەڕامەوە ناو کەشتییەکە، حەزمکرد چەند سکێچێکی قەڵەڕەشکەکە بکێشم و نیشانی هونەری کوڕمی بدەم تا توانام هەڵسەنگێنێت. چوونکە دەمێکە وازم لە وێنەکێشان هێناوە... لەوەتەی لە ووڵاتی نەرویج دەژیین، من وازم لە کاری وێنە کێشان هێناوە. چوونکە ئەوان ڕێگە نادەن کەلتووری تر لەناویاندا گۆش بێت. هەر بۆیەشە من دەمویست ڕۆژ بێتەوە تا خۆم ئامادەی سەفەر بکەم و بچم پاسپۆرتەکەیان بدەمەوە، پاشان پێیان بڵێم، من کۆیلەی ئێوە نییم.

### دوای هاتنە ژوورەوە

کە هاتمە وە ناو کەشتییەکەم، هەستمکرد شتێک بانگم دەکات، هەستمکرد گیانی پاکی پیرۆز هاتووە بۆ سەردانمان. وا بوو، کاتێک کە گەڕامەوە نهۆمی حەوتەم؛ بینییم مۆمەکەی لای جێگەی نووستنەکەمەوە داناوە و لەگیانێکی ناسکی بلوورین و ڕۆشندا چاوەڕیی منە. ڕووخساری وەک مانگ دەدرەوشایەوە، چاوە شینەکانی هەر دەتووت هەمان ئەو چاوانەن کە پاش مردن هیچمان نەمانتوانی لێکیان بنێین، چوونکە ژیانی زۆر خۆش دەویست. ئەو مۆسیقا و هونەری زۆر لە ڕادە بەدەر خۆش دەویست. بینییم ڕووت و قووت لە شەرمی نازدا ڕاکشاوە. فەرمووی: پیری خۆشەویست کەمێک گیانم بشێلە، زەحمەت نەبێت. منیش بێ یەکوو دووکردن تا ئەوکاتەی شێوەی گیانی کاڵ و کاڵتر بووەوە، تا ئەو کاتەی نەبوو بە هەڵم لە ژێر شێلانی نەرما؛ لە شێلانی گیانی نەکەوتم... پاشان هەستمکرد پێویست دەکات سەرخەوێک بشکێنم ، چوونکە دەبوو ئەمڕۆ کاتژمێر

دووی پاش نیوەڕۆ بچم بۆ کۆشکی مەلیکی نەرویج تا پاسپۆرتەکەم بگەڕێنمەوە بۆ مەلیک و سووپاسی هەژدە ساڵ تەمەن بەفیڕۆدان بکەم لەگەڵ نەوەکانییدا. چوونکە گەلی نەرویج حەزیان لە بێگانە نییە، لە بێگانە دەترسن. ناوێرن باوەڕ بە بێگانە بکەن.

لەبەر ئەوە وێنەکێشانی قەلەڕەشکەکەم پشتگوێ خست، ئەوم پێچا لە زەرفێکەوەو نامە ناو خانە بەفرێکی دێرییینەوە لە کەلەگیی چەپەری کەشتییەکەمدا. بە چاکم زانی کەمێک بنووم. چوونکە ماندوو بووم، چوونکە سێیەم جارم بوو هەستمەوە... دەبوایە کاتژمێر حەوتی بەیانیش هەردوو کووڕەکەم بنێرم بۆ قووتابخانە... چوونکە ئەوان زۆر هۆگری زانستن. فریشتە؛ کە کچە بچکۆلەی ماڵە، هەمیشە لەگەڵ مندایە. ئەو لەناخمدا دەژی، چوونکە ئەو بەر لەوەی لەدایک بێت، دێوەکان پیرۆزیان ترساندوو ئەویان پێ لەبار برد... کە فریشتەی لەبار چوو، گیانی ئەو ئاوێتەی گیانی من بوو. لەوکاتەوە زووربەی کاتەکانی لای من بەسەر دەبات. شەوانە یاری بە یارییەکانی براکانی دەکات. ئەو یارییانەی کە ئەوان پاشەکەوتیان کردووە لە تەمەنی هەرزەکارییەوە. فریشتە حەزی لە یاری کردنی هەڵماقۆیە... بەو کەلایانەی کە براکانی هەیان بوو، شەوان هەڵماقۆ دەکات. یان وەک کوڕ مووشێن دەکات. بۆیە بەدوای لەبارچوونی ئەودا ئیتر پیرۆزی هاوسەریشم ڕوو لەکزی چوو تا وای بەسەر هات و نەخۆشی لەشی ئەویان کرد بە ماڵ و تا ئەویان تەواو دانەکرۆشت، ماڵەکەیان جێ نەهێشتیین. خوانەکا نەخۆشی بات بەسەر کەسێکدا... خۆ نەخۆشی خوا ناناسێت، مرۆڤ هەراسان دەکات. بۆیە فریشتە گیانی مندالە کیژۆڵەیەکی کچمەو لە گیانمدا زیندووەو چاودێرو هاوڕێمە. ئەو لە هەناسەمدا دەژی. دێوەکان خواردیان، کاتێک کە پیرۆز ئەوی

لەبار چوو، دێوەکان تەرمە بچووکە هەرمێ شێوەییەکەیان برد و قووتیان دا... بە درۆش بە ئێمەیان ووت: ئەومان لە قەبرسانی دەوڵەتی ناشتووە، چوونکە ئێوە پارەی ناشتنی تەرمی ئەوتان نییە! ڕاستیشیان دەکرد دێوەکان، ئەو کاتە هەردووکمان بێ کار بووین... یان بڕێکی کەم پارەیان پێ دەداین.

سەرمام دەبوو کاتێک بیرم لەو هەموو شتانە دەکردەوە... نەمزانی چۆن خۆم بخافڵێنم لەژێر لێفەکەمدا! ناچار هەستامەوە. ئەو کاتە بوو کە فریشتە هات بەلامەوە. بێدار بووەوە و فەرمووی بابە هەستە و قاوەیەکی تر تەیار بکە. بەڵکو کەمێک بیرەکانت دەحەوێنەوە.

پاسپۆرتەکەم لای تەرمی قەلەڕەشکەکەوە دانابوو. خۆنەویست دەستم دایە پاسپۆرتەکە و ویستم بیدڕێنم. بەڵام زوو پەشیمان بوومەوە... چوونکە مەبەست وابوو ئەمڕۆ بیگەیەنمەوە بەر دەستی مەلیک، ئەمڕۆ، واتە ڕۆژی بیستوویەکەمی مانگی سەرماوەزە، بڕیار بوو بچم بۆ کۆشکی مەلیک و پاسپۆرتەکەم بگەڕێنمەوە. چوونکە ئەوەی ڕاستی بێت من ناتوانم لەم وڵاتە بژیم. ناچار کەمێک بە دۆش داماوی سەیری پاسپۆرتەکەم کردوو، لەخۆوە دەستم کرد بە وێنەکێشانی کەشتییەکەم. چوونکە لەم دواییەدا تەنها وێنەی ماچ و کەشتی و فریشتەو ڕێگاکانی کەماڵ و پۆرترێتی گیانیی خۆم دەکێشم. پاش تەواو بوونی وێنەکە، لە سەر لاپەڕەی بەرامبەر بە وێنەی سەر پاسپۆرتەکە، نووسیم: من کۆیلە نیم، من ئازادم. پاشان دەستم کرد بە نووسینی نامە بۆ جەنابی مەلیکی بەڕێز. نوسیم:دوا نامەی بڕیار پاشان لە دێڕی دووەمدا نووسیم: بۆ بەڕێزی سەرۆک دەسەڵات جەنابی مەلیک

بەندەووڵاتی دایکم بەرلە بیست و یەکساڵ جێهێشتووە... دایک بیرم دەکات هەمان شێوە کە من بیری دایک دەکەم زۆر بە دڵگەرمی. لەوکاتەوە من گیانی خۆمم جێهێشتووە، واتە ووڵاتی خۆم، کە هیچ کەسێک ناوێرێت وەک ووڵات دان بە ناوییدا بنێت، واتە ووڵاتی کوردوستان؛ بە دڵتەنگی دەژیم لە هەندەران، نیگەرانم و تەنهام، وە هەمیشە خەونی جوان بەوێوە و بە گەڕانەوەوە دەبییمن. گەڕانەوە بۆ ناو میللەت و خاکی خۆم. بۆیە لە دواییدا پاش چەندین ساڵ نازناوی خۆمم گۆڕی بە: عیشقی بێ ووڵات. ئەمەش بووە مایەی ئازارەکانم، چوونکە بێ ووڵاتی ئازارم دەدات... ئازارێک کە لە ئازاری شێرپەنجە بەژانترە.

لەو کاتەشەوە هەوڵ دەدەم هاوڕێ بم لەگەڵ ژیانداو خەندە بۆ هەر شتێک دەپروێنم... چوونکە ژیان هێندەی خەندەکانی شازادەی ووڵاتی نەرویج جوانە... ئەو خەندانەی ئەو نیشانیان دەدات بۆ فریشتە نادیارەکان ـ کە لەڕاستییدا زادەی خەندەکانی خوودی خۆین. کەچی شازادە خۆی فریشتەکان لە نێو خەندەکانی خۆیدا نابینێت. بەڵام من دەیانبیینم. من گیانی گەلەکۆی میللەتی نەرویجیش دەبیینم. هەروەها من تووڕەم لێتان. زۆر تووڕەم لێتان.

لە دواییدا توانییم ببم بە هاوڕێی ئاسمانەکان و زەمیین، توانییم ببم بە هاوڕێی فریشتەکان، خواکان، پێغەمبەرەکان و گیانەکان! توانییم ببم بە هاوڕێی خشۆک و کۆترەکانیش، بەڵام... بەڵام نەمتوانی ببم بە هاوڕێی تەنها مرۆڤێکی نەرویجی. نەمتووانی و نەمتووانی بە داخەوە!

من سرۆش و باوەڕی هاوژیانییم لەگەڵ گەلی نەرویژدا لەدەستداوە... هەست دەکەم لەگەڵ مرۆڤەکانتاندا توانای هەڵکردنم نییە...حەز دەکەم بگەڕێمەوە بۆ ئەو مەنزڵگەیەی کە

خاوەنی نییم هێشتا! کە هێشتا من و میللەتەکەم خاوەنی نیین. ئەمەش مایەی دڵتەنگی‌یە.

سووپاسگوزاری خۆمم، ماڵئاواییتان لێ دەکەم، چوونکە لە وولاتی ئێوەدا جێگەم نابێتەوە. نە وەک کوردێک، نە وەک هونەرمەندو ڕێناس، نە وەک نووسەرو تەنانەت وەک دامێن پیسیش جێگەم نابێتەوە. لەعنەتانە زۆر هەوڵم دا گرەوێک بەرمەوە... زۆر هەوڵم دا تا بتوانم کەلتووری خۆمتان نیشان بدەم، کەمێک شکڵ و شێوەکاری و ڕەنگەکانم نیشانتان بدەم. بەڵام بەداخەوە، ئەو زەربانەی بەر ڕووم کەوتن و پێم گەیین، ئازار بە گیانم دەدەن.

لەتۆڵەی ئەوەدا، لە پاداشتی هەڵەکانتاندا دوو منداڵی جوانم بەخشی بە میللەتەکەتان، ئەوەم بە یاریدەی ئافرەتێکی بولغاریی ئەنجام دا، چوونکە ئەو بێ ئەوەی بمناسێت، بە بێ ئەوەی دوودڵ بێت لە خێرمەندی و کەرامەتم شووی پێ کردم و دوو کوڕی جوان و ژیرمان خولقاند. منداڵەکانم هەڵگری بەهرەکانی منن. ئەوان پڕن لە پەیامی خواکان، پێغەمبەرەکان و فریشتەکان. ئەوان بێ نموونەن لە جوانیدا. ئەوان لە یادی دووریی من دروست بوون، ئەوان ئازارەکانی من و سوێکانی منن.

من هونەرمەندم... من بە پێوەرێکی جوانناسی داوەریی سرۆش دەکەم... بۆیە ناجۆر دان دەنێم بە سیستەمی وولاتەکەتاندا. چوونکە سیستەمێکی پاک و بێخەوش، دەبێت لەسەر بنەمای ڕێز لە جوانی و ئاکار داڕێژرێت.

بۆیە کاتی ئەوە هاتووە بڵێم: با بەس بێت، چوونکە من پڕ بووم لێتان. سوپاس بۆ من مالتان ئاوا... ئەمەش ناسنامەی میللی

ووڵاتەکەتان. من هەڵگری ناسنامەی ئێوە نییم. بە گیانێکی ماندووەوە بۆتانی دەگێڕمەوە... حەزیش دەکەم بڵێم ماڵتان ئاوا. وە بەنرخترین دیاریشم بۆ میللەتەکەتان منداڵەکانمە، چوونکە من ئەوانم بە نان و ئاوو پەروەردەی ئێوە گۆش کردووە. ئەگەر هێندەی قوورسایی ئەوان گەوهەر بدەن بە من، بێگوومان ناتوانن پاداشت و قەرەبووی تەنها یەک سەعاتی دووریم لەوان بدەنەوە...چوونکە ئەوان بەنرخترین سەرمایەی منن.

هەڵبەتە من ناوێرم ئەوان لەگەڵ خۆمدا بەرم بۆ ووڵاتییێک کە سەرکردە دیموکراتخوازەکانی ناوێرن ناوی کوردوستان بەرن. بەڵام من دەوێرم ناوی ووڵاتی خۆم بەرم. من دەمەوێت بگەڕێمەوە تا پێیان بڵێم: من زۆر چاک دەربارەی ووڵاتێک دەزانم کە ناوی کوردوستانە. هەروەها من پەیداغی ئەو ووڵاتە جوان و پیرۆزەم کێشاوە. جا ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان منداڵەکانم توانییان بەسەربەرزی بێن بۆ دیدەنییم،پاشان کە گەڕانەوە لاتان؛پێتان بفەرموون کە باوکی ئێمە سەری ڕەش بوو.

سووپاس بۆ هەموو شتێک... بە داخەوە کە گەلی نەرویج بواریان نەدام کە هەست بکەم لەناو گەلی خۆمدام لە ووڵاتی نەرویج. چوونکە بۆ من جیهان کوردوستانێکی گەورەترە یان نەرویجێکی گەورەترە.

لەگەڵ ڕێزی پڕی منداڵییمدا بۆ ئێوەی خاوەن شکۆ.

نووسەری نامە حەزرەتی نوح 21.11.2008

ئەمەبوو دەقی ئەو نامەیەی بۆ مەلیکم نووسی. بەڵێ خەو نەچووە چاوم ، ڕۆژ هەڵهات و ناچار هەردوو کوڕەکەم بێدار کردەوەو ئامادەم کردن بۆ بەشداری کردن لە هەڵوێستی باوکیان

بە ڕوویەکی نادیار. حەزمکرد هەردووکیان لەگەڵ خۆمدا بەرم بۆ کۆشک و بەدەستی پیرۆزی ئەوان نامەکەم بگەیەیەنم بە مەلیک. بۆیە کاتێک کە ئەوانم بێدار کردەوە، پاش بەیانی باش و نان خواردن و خۆ گۆڕینیان بەوانم فەرموو: حەز دەکەن ئەمڕۆ لەبری قووتانخانە لەگەڵ باوکتان بێن و بەکەشتیەکە بچیین بۆ کۆشک، دەشێت ڕۆژێکی خۆش بەسەر بەرین، پاشان نانێکی خۆش دەخۆین و کەمێک بە پایتەختدا دەگەڕێین، ئەوسا دەمەو ئێوارە دەگەڕێینەوە. هەڵبەتە ئەمڕۆ لە ژیانی مندا ڕۆژێکی پیرۆزە، چوونکە بیستوویەکەمی مانگە. هەرچییەک دڵتان بیخوازێت دەتوانن داوای بکەن.

پاش کەمێک هەڵسەنگاندن، ئەوان بڕیاریان دا بچن بۆ قووتابخانە. چوونکە لە کەین و بەینی داخوازییەکانی من تێنەگەیشتن. نەیانزانی کە من نیازمەندم پاسپۆرتەکەم بگێڕمەوە بۆ کۆشکی مەلیک. نەیانزانی کە من هەڵوێستێکی مێژوویيم دەرهەق بە ژیانی خۆم وەرگرتووە. چوونکە ئەوان لە کۆسپەکانی من بە ئاگا نیین. نازانن کە من لە ماوەی ئەم چەند مانگەدا چەند کارێکم لەدەست داوە. نازانن کەمن شەکەت و پیرم و توانای ئەنجامدانی هەموو کارێکم نەماوە... نازانن کە ئیتر ژیان وەها ناچێت بەڕێوە. دەبێت چارەیەک بۆ ژیان بکەم تا نەبووم بە کۆیلەی پزیشکەکان و نەخۆشی خەستەخانەکان. چوونکە زیللەت لەوێوە دەست پێدەکات کە مرۆڤ بکەوێتە ژێر ڕەحمەتی یاریدەی نەخۆشخانەکانی وولاتی نەرویجەوە. بەداخەوە، من ناوێرم خۆم لە قەرەی ئەو غەمە قووڵە بدەم. من ناوێرم بە دکتۆرەکانی ئێرە بڵێم پیرم و توانای کۆکردنەوەی قنە جگەرەم نەماوە، توانای کار کردنم نیيە لە تەعزیبخانەدا یاریدەی لێقەوماوان بدەم... چوونکە ئەوانەی کە دێنە وولاتی نەرویج، شایانی ئەوە نیین ئازار بدرێن، برسی بکرێن یان

گوێیان لێ نەگرن و دەست بەسەریان بکەن. چوونکە دواکارم کارێک بوو کە لەگەڵ پەناهەندە کوردو عەرەبەکان کارم دەکرد... دەبوو بەخێر هاتنیان بکەم و بێ هەستانە مامەڵەیان بکەم و گوێ لە داواکارییەکانیان نەگرم، نەخۆشەکانیان نەنێرم بۆ لای دکتۆر بۆ چارە سەر، دەست و پێ شکاوەکان فێر بکەم وورە بەرز بن و داوای چارە نەکەن. دەبوو لە ترسیان بڕەوێنمەوە و نەیەڵم هەست بە دۆڕان بکەن. چوونکە گەنجەکانی کورد وولاتی باوانی خۆیان چۆڵ کردووە. هەموو هەڵدێن بۆ هەندەران، باوەڕیان بە ژیان مردووە لە کوردوستان، بۆیە من بە چاکم زانی بگەڕێمەوە... واز لە جەرگی خۆشم بهێنم تەنها لە پێناوی ئەوەدا بتوانم دەنگم بگەیەنم بە سەرکردە ڕامیارییەکان.

منداڵەکانم لە کەین و بەینی پیلانەکانی ئەم دواییەی من بەئاگا نیین. نازانن من خەریکی چییم... ئەوە بۆ دوو ڕۆژیش دەچێت بەڕێوە بەری پەناهەندەکان تڕۆی کردم لەسەر کار. پێی ووتم: جا ئەگەر تۆ پرۆژەی گەڕانەوەت هەیە، بۆچی دێیت بۆ کار؟ گەرانەوەت خۆش، پێویست ناکات بێی بۆ کار، دەشێت کار بە سوودی تۆ نەبێت. ئەم ڕاستییەم بەسەر هات، کاتێک کە بینیم لاوانی وولاتەکەم دێن و کارمەندان وەک داوێن پیس و چەکل و پۆخڵ و وەک گورگی هار لەوانیان دەڕوانی... لەتەماشایاندا قێزی منیان دەرهەق بە خۆیان دەخرۆشان. ڕاستە مرۆڤی کورد ماندوو ترساوو دۆڕاو دیارن. بەڵام ئەوان لای من شایانی پیرۆزترین ڕێزن، چوونکە هەرچییەکم بینی بە گەورەو بچووکیانەوە بانگیان دەکردم یان بە مامۆستا، یان بە بەڕێز و بە کاک.

بەهەرحاڵ باسی پیرۆزیی مرۆڤ ناکەم، چوونکە هەر مرۆڤە خاوەن جەوهەرێکی تایبەتە، تا ئەو کاتەی مرۆڤ ڕێزی خۆی نەدۆڕێنێت، شایانی هەموو ڕێزو حورمەتێکە. لەبەر ئەوە نەمتوانی دەقاو دەق پیلانی ئەمڕۆم بۆ هەردوو کوڕە گەورەکەم بە ڕاشکاوی داڕێژم، بەڵام زۆرم پێ خۆش بوو کە هەڵوێستیان وەرگرت و مەیلی چوونیان بۆ قووتابخانە گریمان کرد بەسەر خۆشایی پایتەخت و گەڕان و خواردندا.

کاتێک ئەوان بەرێ کەوتن بۆ قووتابخانە، منیش نامەکەی مەلیکم جوان قەد کردوو خستمە ناو پاسپۆرتەکەمەوە. پاشان بیرم لەوە کردەوە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکان ئاگادار بکەم، گەرچی شەوێ لە هەنگاوی یەکەمدا بەو کارە هەستا بووم، نامەم بۆ ڕۆژنامەکان ناردبوو، هەروەها سووپاسی بە دەستگەیشتنی نامەیان لێکردم. بەڵام سوور بووم لەوەی کە کەسیان هاوکاریم ناکەن و نایەن بە دەنگمەوە بۆ باس کردن و بڵاوکردنەوەی ویستی گەڕانەوەو گێڕانەوەی پاسپۆرتەکەم بۆ مەلیک.

بەر لەوەی خۆم بگۆڕم بیرم لەوە کردەوە کە دەبێت زۆر پۆشتەو پاک و بۆنخۆش بم، چوونکە چوون بۆ کۆشکی دەوڵەتی کارێکی جوانە و مرۆڤ دەبێت جوان و دڵپاک و پۆشتە بێت لەناو مەیدانی کۆشکدا. بەڵام کاتێک جل و بەرگەکانم دەرهێنا، هیچیان کەڵکی ئەوەیان نەبوو لەبەر بکرێن، هەر قاتەو شتێکی کەم بوو، یان پێڵاوم نەبوو بۆ ئەو قاتانە، پاشانیش قاتە جلەکانم هاوینەیی بوون. لەبەر ئەوە دوای چەندین جار تاووتوێکردنی جل وبەرگ، بڕیارم دا بە بەرگی سۆفییانەوە، بەو قاتە جلەوە بڕۆم کە جارێکیان لە خەونمدا ئافرەتە خواوەندێکی گەلی نەرویج پێشکەشی کردم. کە دەستێک بەرگی

خووریی سپییە. لە ڕانک و چۆغەو ستارخانیی کوردی دەچێت کە بە فەنتازیای فریشتە دوورابێت یان چنرابێت. دەستێک بەرگی زۆر نایابە و هەرگیز دڵم نەیدەهێنا لەبەری بکەم، چوونکە دەمتوانی تەنها لە خەوندا سوود لەو دەستە جلە ببینم. بەڵام ئەمڕۆ چوونکە ڕۆژی یەکەمی ئازادییم بوو، توانییم خەونەکان بەچاوی ڕاستەقیینە هەڵبسەنگێنم... توانییم دەستە جلە خوورییەکە لە بووخچە دەر بهێنم و بە ڕاستەقینە لەبەری بکەم. توانییم خۆم ببینم!

هەروەها تا ڕاددەیەکی زۆر دڵنیا بووم لەوەی کە مەلیک بەبێ ئاگادار کردنەوە، نایەتە دەرێ بۆ مەیدانی کۆشک و پێشوازی لەمن ناکات. هەروەها من کۆشکم ئاگادار نەکردبوو. بەڵکوو تەنها ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەم ئاگادار کردبوو. دڵنیاش بووم لەوەی ڕاگەیاندن هەواڵ دەگەیەنن بە پۆلیس و دەشێت دووچاری مەترسییەکم بکەن. چوونکە بە پێی پێودانگی تێگەیشتنم، هەستم دەکرد دەشێت پۆلیس ڕێگریم بکات، چوونکە کاری وەها لە پێودانگی ڕاگەیاندندا لە مرۆڤێکی مێشک ساغ و دەروون ساغ ناوەشێتەوە. چوونکە وولاتی نەرویج باشترین و خۆشترین مەملەکەتە لە جیهاندا، ئەوەی ڕازی نییە بە هاوژیانی لەگەڵیاندا، بێ شک دەبێت نەخۆش یان شێت بێت. هەر بۆیەشە حەزمکرد هەردوو کوڕەکانم هاودەمم بن، تا ناڕاستەوخۆ نیشانی بدەم کە هەڵوێستم ئاشتییانە بەڕێوە دەبەم.

لەگەڵ ئەوەیشدا کە دوێنێ شەو هیچ نەنووستبووم، ڕوو و ڕەوانم هێندەی دەهێنا بەڕێ بکەوم. بۆیە بڕیارم دا باژۆم. کەشتییەکەم خستە کارو بۆ یەکەم جار بە کەشتی لەکەنارەکانی ئۆسگۆردەوە بەرەو کەنارەکانی ئاکەر بریگە لە پایتەخت کەوتمە بەبادانی چارۆکەی کەشتییەکەم. چوونکە بۆ دە ساڵ

دەچێت ئێمە لەم دوورگەیەدا دەژیین. دواهەمیین کتێبیشم نایە بن دەستم، کتێبی پەیامی خواکان کە لەم ساڵانەی دواییدا نووسیومە. نامەو پاسپۆرتەکەشم خستە ناو زەرفێکی نامەی سپییەوە... پاشان لە پۆشاکی سپییدا؛ لەئاوێنەکەدا تەماشایەکی خۆمم کرد. هەڵبەتە کەس بەو قاتە جلە سۆفییانەوە منی نەبینییوە، بێجگە لە پیرۆز. وابزانم ئەویش هێشتا منی وەها نەبینییوە. چوونکە وەک فەرمووم ئەو دەستە جلەم تەنها لە خەونەکانمدا شک دەبرد. بەڵام ئەم بەیانییە چوونکە ئازاد بووم، توانییم سوود لە ئازادیم بەرم، توانییم بەرگەکە بەڕاستی بکەم و لەبەریشی بکەم. درەختێکی پیرۆزیش کە ناوی درەختی زەمانە وەک کڵاوێکی سێ لۆی ڕەق ڕاوەستاو وەک درەخت لەگەڵ هەمان دەستە جلدا بوو، ئەویشم نایە سەر سەرم، باڵام دوو هێندە دەر دەکەوت. هەستم دەکرد تابلۆیەکی زۆر بە شکۆو تایبەتم لەناو ئەو دەستە جلەدا. لەناو چۆغە و سەڵتەو کڵاوی وەک درەختدا! کە تەنها لایقی من بێت واتە حەزرەتی نوح.

### لەنگەرگرتن ودابەزین

لەناو کەشتییەکەمدا تەنها نەبووم، چوونکە من لە ناو کەشتییەکەمدا هەزاران هەزار ئیکۆنی گیانی مەسیحە ئازادکراوەکان لە خاج و؛ هەزاران گیانی پاکی حەزرەتی مارياکانم لە شێوەی خەندە و دڵی لە ئاوریشم چنراو درووست کردووە، یان پەنام داون. درەختەکەی سەر سەرم کە کڵاوێکی پیرۆزە، لە تەنافەکانی خاڵجاڵۆکەی مەزن چنراوە... درەختێکی پیرۆزە بە واتای خواوەندی دێرینەی گەلی نەرویج. بۆیە هەستم

به تەنهایی نەکرد، پەشموورده نەبووم لەوەی هەردوو کوڕەکانم نەهاتن بۆ ئەو گەشتەی چارەنووسم.

لە ناو نهۆمی هەرە ژێرەوەی کەشتییە چارۆکەدارەکەمدا، کۆمەڵێک مێروولەی سپی لە دێر زەمانەوە دەژیین، ئەوانیش هاو سەفەرم بوون، لە ڕێگەدا نەیانهێشت هەستی پەشیمانی دەستم بەسەردا بگرێت، تا توانییان نەوازشیان کردم و عوودو سەنتوور و کەمانچەیان بۆ لێدەدام... یەکێک لە پەیکەرە ئاڵتوونییەکانی حەزرەتی مەسیح فەرمووی: مرۆڤ نابێت خۆی بداتە دەست وویستەکانی ئەوانی تر، چوونکە مرۆڤی ڕەسەن خاوەنی گەیاندنی پەیامە. هەر مرۆڤێک کە دێتە بوونەوە، بوونی خۆی بەوە گریمان دەکات کە بتوانێت بە ڕێگا سەختەکاندا هەنگاو بنێت، تا دەگاتە ترۆپکی وویست و پەیامەکانی دەگەیەنێت. تۆش ئەی نوح پەیامت پێیە بۆ میللەتان، پرۆژەی ئازادکردنی میللەتێکی چەوساوەت لە ئەستۆ گرتووە. دوودڵ مەبە، دڵنیا بە بە سەرفرازی دەگەیت. چوونکە ئەو ڕێگایەی تۆ لەبەرتە، زۆر دوورو درێژە. ئەنجام دەگەی بە ئاوات. حەزرەتی ماریا فەرمووی: ئامیین.

مێروولەیەک لە مێروولە ڕەشەکان؛ ئەو مێروولانەی لە قەبرسانی ئۆسگۆرددا دەژیان و دزەیان کردبووە ناو کەشتییەکەم. لەگەڵ مێروولە سپییەکانی مندا لە گفتوگۆدا بوو. کاتێک کە من نیازی سەفەرم ڕاگەیاند؛ ئەوخەریکی برنج خواردن بوو. زۆری خواردبوو، بە دەم پێکەنینەوە بە هەڵوێستەکانی من؛ قاقا وورده برنج لە دەمی پرتەی دەکردوو خۆی لەیاد نەبوو. بەر لەوەی زیاتر گاڵتە بە لەدەستدانی کەرامەتی خۆی بکات، ڕووی هێندەی تر ڕەش بوو، پاشان ووتی: باشە کاکی چیرۆکخوان تۆ بە چییەوە دەنازی!؟ ئاخر تۆ

خۆت بەچی دەزانییت؟ تۆ کێیت وا خۆتت لێ گۆڕاوە؟ تۆ گووی سەگیش نییت. فەرمووم هەر بوونەوەرێک دەبێت بە وەی کە دەیەوێت، چوونکە سروشت نەخشی کردەوەو گفتارو پەیامەکان و کردەوە و خەونەکانیشمان دەکێشێت. بەڵێ جەنابی مێرووولە. بۆ منێکی چیرۆکخوان جێگەی شانازییە، کە حەزرەتی نوح لە دەروونمدا زیندووە. چوونکە ئەوە پەیامێکی سرووشتییە. سروشت خۆی بڕیار دەدات چی بەسەر مرۆڤێکدا یان بەسەر تۆدا دەهێنێت. کەس نازانێت سروشت چەند شێتە! کەس، بەڵام بەڕێز جەنابی مێرووولە، تۆ چی خۆشاییەکت پێ دەگات؟ بۆچی بە بوونی من قارس بوویت؟ ئایا هەڵەیە مرۆڤ پەیامی پێغەمبەرو خواکانی پێ بێت؟ ووتی نەخێر بەڵکوو ئەوە گووخواردنە. مێرووولەکانی هاوڕێی کە گوێیان لەو زەمیمەیە بوو، کشانەوە و فەرموویان ئەستەخفیروڵا. خۆ هاوڕێکەمان ڕووخساری ڕەش بوو! مێرووولەکە بە هەڵە داوان ئاخاوتنەکەی لەیاد چوو. بە پەلە پرووسکێ دەگەڕا بۆ پارچە ئاوێنەیەک. لەتاودا کەوتە ناو پەرداخی شەرابەکەمەوە، کە تۆزێ شەرابی دوێنێ شەوی تیا مابوو. چوونکە لە خۆشیی سەرزەنشتەکانی باڵی لێ ڕوا. منیش بە سەری پەنجە تووتەم ئەوم دەرهێنا و کەمێک تەماشای چاوە خوومارو گێژبووەکانیم کرد. پاشان بەوم فەرموو: تۆ نەبووی کاتێک کە پێغەمبەر لە دۆڵێکدا بوو و قوورئانی دەخوێند فەرمووت: لەقەد سەممەعتول قورئانە عەجەبا!؟ لە بیرت نایەت لەو سەردەمەدا تۆ جنۆکە بوویت؟ بەدەم پڕمەی گاڵتەی دەمەلاسکێ کردنەوەوە لەو پەڕی ئامان و دڵنیاییدا ڕەنگی ڕەشی زەرد هەڵگەڕا... وێنەی خۆی لەناو گلێنەی هەردووچاوی مندا بینی لە قەترانەوە دەگۆڕا بە زەرد. لە وەڵامداووتی: گەورەم قوورئان ئەفسانە و بەلاغە وئیعجازە... بەڵێ من بووم. من خوودی پێغەمبەریشم دیوە. ئەو هێندە نوورانی بوو، کە ئافرەت بەتەماشاکردنی تووشی ئالۆش

دەبوون... خۆیان دەڕنییەوە بۆ ئەوەی بچنە باوەشی، چوونکە لە باوەشی ئەودا کەرامەتیان پاک دەبووەوە، ڕەنگیان وەک من ڕەش بوو، کەچی لەپاڵ پێغەمبەری مەزنا سپی سپی دەبوونەوە. ئەو دروودی خوای لێ بێت، حەزی دەکرد تاریکی لابدات... لەبەر ئەوەی هەندێک شەو لەگەڵ فریشتەکان جێژوانی هەبوو، وەک ڕووناکی لەشەودا دەدرەووشایەوە، حەزی دەکرد هەرچی تاریکییەکانە ڕۆشنیان بکاتەوە. ئەو ئێوارەیە ئێوارەیەکی پرتەقاڵیی بوو، کاتێک کە من گوێم لە خوێندنی قوورئان گرت، دەنگی ئەو تێکەڵ بە کۆراڵی ئامیینێک بوو لە ئاسمانی یەکەمییندا... ئەویش دەیخوێند:ئەلف لام ڕا... تیلکە ئایاتوولکیتابیلموو‌بیینی1. ئیننا ئەنزەلناهو قوورئانەن عەرەبییا لەعەلەکوم تەعقیلوونە...

دەنگی ئەو لە پەیامی قوورئاندا پڕ بوو لە گریان... پاشان کە بێدار بووەوە بە دەم خوێندنی قوورئانی پیرۆزەوە، سەری نایە کۆشی فریشتەیەکەوەو فەرمووی: ئەم میللەتە دەڵێی خوا غەزەبی لێگرتوون، واز لە شەڕ ناهێنن، چی بکەم خوایە تا ئەمانە لەم جەهالەتە دەربازو ڕزگار بکەم؟ ئەی داد و هاوار چی بکەم، ئەم شەڕە بەمن ناکرێت. فریشتەیەک لە فریشتەکان فەرمووی: ئەوەی سەری کەسێک دەبڕێت وەک ئەوە وایە سەری جیهان ببڕێت، ئەوانەی بە ناوی خواوە سەر دەبڕن گەر دەوێرن با یەشماخەکانیان داگرن و تەماشای خەڵکی بکەن. ئەگەر پیاون با ئەو کارە لەبەر چاوی خەڵکییدا بکەن لە مەیدانی شاردا. پێغەمبەر دروودی خوای لێ بێت زۆر دڵی بە جەهلی عەرەب و پۆزو قۆشمەی ئەوان دەسووتا. هاواری لە ئاسمان دەکرد، دەیفەرموو: من دەمەوێت دێو لە دەروونی عەرەب ڕیشەکێش بکەم.

بۆیە من بە هاوڕێ مێروولەکانم فەرموو، مەترسن، هەر یەکەتان خواوەند بەو جۆرە بپەرستێ کە دڵی دەخوازێت... با خواکانمان لەیەک نەچن، بەڵام ئەگەر گشتمان هەوڵ بدەین خواکانی یەکتری ببینیین، ئەوسا دەتوانیین سەری ڕێز بۆ کەرامەتی یەکتری دانەوێنیین. مێروولەکان فەرموویان ئامیین.

کاتێک مێروولەکە ڕووی خۆی بینی سپی دەبێتەوە لەناو ئاوێنەی گلێنەی چاوی مندا، فەرمووی: ئەی نوح ـی بەڕێز، بۆ لێم خۆش بوویت؟ فەرمووم لێبووردن پەیامی باوەڕمانە. تا سێجار لێت دەبوورم، ئەوسا لێت زویر دەبم. لێزویر بوونیش هەڵەیەک لە ناخی تۆدا دەچێنێت، بەوەش سروشت توڕە دەبێت، چوونکە سروشت زویر بوون و زیز بوونی پێ خۆش نییە... سروشت لەناو ڕەقیی دڵمان پڕی کردووین لە کینە و ڕق و تۆڵە و بەغیلی و پەشیمانی و مەیلی بەدکاری و بەد ڕەوشتی. سروشت بە کردەوەکانمان پیس بووە. بۆیە جوانترین دیاری پێشکەشی سروشت دەکەین کاتێک کە لەیەکتری دەبوورین. بەڵام نەکەن بە مەبەست کەرامەتی یەکتری سەرزەنشت و ئەتک بکەن، نەکەن.

بە مێروولەکانم فەرموو: کاتێک کە هاوڕێکەتان هەڵەیەکی کرد، پشتی تێ مەکەن. مێروولەکان سەریان دانەواند، سەریان لەقاند، پاشان بە ئامێرە مۆسیکییەکانیان دەستیان کرد بە ژەنیینی ئۆکوردوێن، ئاوازێکی فۆلکلۆری نەرویجییان بۆ ژەنییم، ئۆکردوێنەکان دڵی مێروولەکان بوو. مێروولەکانی مەملەکەتی من، یان ناو کەشتییەکەی من، دڵیان لە ئامێرێکی بچووکی مۆسیکی درووست بووە... هەر پۆلێک لەوان جۆرە ئامێرێک لە دڵیاندایە. جوانترە بڵێم دڵی هەر پۆلێک لەوان جۆرە ئامێرێکی تایبەتە... تەنها بۆ من دەژەنن لەکاتە ناهەمواروو

دژوارەکاندا. ئاهەنگێکی بەجۆشیان بۆ ژەنییم پاش ئەوەی کەشتییەکەم لەکەنار لەنگەر گرت و نیازی دابەزیینم لەدڵ گرت. چوونکە بۆ دواهەمیین جار بەسەر هەڵوێستی خۆمدا چوومەوە و دڵنیا بووم کە هەڵە نیـیە لە منەوە گەر ئەو کارە بکەم. هەڵە نییە ئەگەر نەهی و نکوولی لە هاوژیانی بکەم لەگەڵ گەلی نەرویجدا. چوونکە ئەوان هەژدە ساڵە منیان بەهەڵە مەحکووم کردووە... هەژدەساڵە من خەون بە ئازادیی هونەری و داهێنانی هونەریـیەوە دەبیینم. هەژدەساڵە من بەوان دەڵێم ئەی هاوار داد، ئەرێ شوێنێک نیـیە مرۆڤ بە ئاسوودەیی کاری تیادا بکات؟ ئەرێ من کەی بتوانم بە هونەر جەوهەری میللەتەکەمتان نیشان بدەم؟ هەژدە ساڵە ئەوان بە یاسای ناجۆر و دەمخوار بەر زلەی تەماشام دەدەن و دەڵێن: تۆ مافی گەشەی کەلتووری و هونەریت نییە. دەڵێن ئێرە وولاتی سەگپەرست و دێوپەرست وپشیلە پەرست و چەواشەکردنی جوانیـیە، تۆ بۆت نییە لەوە زیاتر پێداگری بکەیت تۆ هیچ مافێکت نییە تا داوای بکەیت. تۆ کێیت؟ کوڕی کێیت؟

ئیتر بۆچی هەڵە بم! نا من خۆم بەهەڵە نازانم گەر مەیلی هاوژیانی لەگەڵ گەلێکدا لەدەست بدەم، بەر لە ئێستا من؛ وویستی هاوژیانییم لەگەڵ میللەتی خۆشمدا لەدەست دا... ئەوا ئێستا مەیلی گەڕانەوە دەکەم. مرۆڤ تەنها لە دەستی زوڵمەت هەڵدێت. زووڵم مرۆڤ هەراسان دەکات، وونی دەکات تەنانەت گەر لەناوماڵی پادشاشدا بێت. مرۆڤ کامەرانی لە دەست دەدات کاتێک زوڵم دەستی بەسەردا دەگرێت، کاتێک کە دێوەکان زۆر دەبێت. کاتێک کە جەجاڵی شەڕ هەڵدەستێت... ئەوسا بەچاوی خۆتان دەبینن کە چۆن مرۆڤ دەبێت بە دوژمنی هاوڕێ و خوشک و براکانی خۆی! ئەوسا کارێکی ئەوتۆ نابێت بییکەن. ئەوسا کردەوەکانتان غەرقی تووڕەیی سروشت دەبێت،

باکان سەریان لێدەشێوێت، بارانەکان هار دەبن،، سەرماکان گەرمایان دەبێت. گەرماش سەرمای دەبێت. بۆیە من هەڵوێست لەم ووڵاتە وەر دەگرم، چوونکە ڕاستگۆیی ملی شکاوە، مرۆڤ حەز بە سەرزەنشت کردنی خۆی دەکات. من ناتوانم سەر بۆ هەڵوێستی مرۆڤی هەڵە بلەقێنم. من شەکەت بووم لە تەماشا گومڕاکانی ئەوان. ماندوو بووم لە هەڵمژیینی هەناسەی پڕ لە گوومان و بووغل و دوودڵی و قێزیان. ئەوان خوارو خێچ لە ڕاستییەکان دەڕوانن. بۆیە من هەڵە نییم. چوونکە ئەوان مرۆڤی قژ ڕەش و پێست بۆرو ڕەش لە خۆیان بە کەمتر دەزانن. ئەوان بەو ڕەوشتە شەرمەزارن. من ناتوانم خۆم بەکەمتر لەهیچ بوونەوەرێک بزانم. من هێندەی ڕێز لە مێروولەکان دەگرم، هەمان هێندەش ڕێز لە خواکان دەگرم، تەنانەت ڕێز لە دێوەکانیش دەگرم تا ئەو کاتەی گۆبەندی گەورەم بۆ ساز نەدەن. دەنا لێیان تووڕە دەبم.

بەڵام لەوانەیە حەز بکەیت بزانییت بۆ بەر لە بیست و یەکساڵ من وڵاتی نەبووم، کوردوستانم جێ هێشت! دەزانن بۆ؟ ئەها... دەبا بە کورتی تووتی ئاسا کورتەیەکتان دەربارەی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی ئەفلەقی بۆبکەم، کە خوا چۆن غەزەبی لێگرتوون،، فەرموون:

خەڵكيينە، من بە ويژدانی پاكەوە فەرموودەكانم دەگێڕمەوە، دڵنیاتان دەكەم كە زیادەڕۆیی ناكەم... ساڵەكانی هەشتاكان ڕژێمی بەعس ڕۆژێكیان دای بەسەر شارەكەمداو وەک كوولەی ڕەشی چاوسوورو دڕو گۆشتی بۆگەن خۆر... شارەكەم داگیر كرا بە جەللادەكانی بەعس... لەهەر گەڕەكەكێكی شارەكەمدا چییان بوویستایە دەیانكرد. ئەوەی كردیان بە زمان باس ناكرێت... بەڵام ئەوەی دیمان كەم نەبوو. من تەنها باسی ڕووداوە بچكۆلەكان دەكەم... كە منداڵی هەتییویان بە دارتێلی شەقامەكانەوە دەست و پا بەست دەكردوو لەخۆڕا گولە بارانیان دەركردن و پارەی فیشەكەكانیشیان لە دراوسێو دایكی بێوەژن دەسەند... ئەوانە لەشكری تایبەتی حەرەس جمهوریی سەدام بوون، هاتبوون بە قیین و ڕق و چاوترسان میللەتەكەم بتۆقێنن. چاویان دەتگووت چاوی ئەهریمەنە، لووت فش و پڕ قیین و قێزو تف بوون دەمووچاویان دەتگووت بە قیین سواغ دراوە، پێدەچوو خواردنەوەیان خوێنی مرۆڤی كورد بێت... لە هەر كۆڵانێكی شارەكەمدا دەیان و بیست و سی خۆیان دەكرد بەماڵاندا و لە دەرگای كەسیان نەدەدا... چوونكە كورد هەمیشە دەرگای واڵایە بۆ دووژمن. بۆیە دەبێت مرۆڤی كورد فێری چارەسەركردنی ئەم دوژمن ڕێزلێنانە بكات. كەچی جەللادەكانی بەعس میوانداری و دوژمن دۆستی كوردیان پێشێل دەكردو منداڵی كۆڵانەكانی شارەكەمیان لە خۆڕا گوولە باران دەكردو هەندێكیان بێ سەرو شوێن دەكردن.

ئەو ڕۆژە كە ئەوەم بینی، ڕووم كردە خوا... پرسیم ئەمانە چیین؟ ئەمانە كێن؟ ئەمانە بۆ وا غەزەبت لێگرتوون؟ شەوەكەی پێغەمبەرێک هاتە خوم، نەمزانی كام یەكە لە پێغەمبەران بوو، فەرمووی: ئەوانە ئەو لەشكرەن كە تەنها خۆیان دەتوانن خۆیان

قڕ بکەن، ئەو کارەش دەکەن... چوونکە شەڕ ئێخەی ئەوانی گرتووە، ئەوان وا دەزانن شەڕ ژیان بەڕێوە دەبات. دڵگیر مەبە، خواوەند ئەوانی لە بییر چۆتەوە. ئەوان هەر وەها بوون. ئەوان لەشەڕن و بۆ شەڕی ئەوان لێرە مەمێنەرەوە... بڕۆ، ترست نەبێت، شەر قڕی تێدەکەوێت، چوونکە ئەوان وایان لێ دێت کە چییدی شەڕ دادیان نادات. ئەوسا قڕ دەبن. بە دەردو نەخۆشی و فیتنە. بەر لە زلهێزەکان لەناو دەچن.

بۆیە هەڵهاتم بۆ ووڵاتی ئێران؛ لەوێ بەچاوی هاوڕێیەکی تێکچوو بیینیم ئافرەت و پیاوێکیان ڕەجم دەکرد... خەڵکەکەش سەڵەواتیان لە دیداری پێغەمبەران و ئەسحابەکان دادەدا! ئاسمان گڕی لێدەباری لەناو جەهلی مرۆڤی جاهیلی... فریشتەکان حەوت ئاسمان هەڵهاتن و لە کردەوەی مرۆڤەکان حاشایان کرد. ئەوەی توورک و فارس و عەرەب بە میللەتی کوردیان کرد هیتلەر بە جولەکەی نەکرد... ئەو دێوە کافرە دیینسزانە چوونکە لە ئەژدەهاک و مەغۆل و عیفریتن ناتوانن بەبێ سزاو تۆڵەو تاوان ڕۆژێک بژین. خوا چیی داوە لە کردەوەکانی ئەوان! خوا شەڕی دانەهێناوە. چوونکە سروشتی خواو خواکان بێ بەرین لەشەڕ. جا هەر ئایین و باوەڕێک دەڵێت بکووژن لە پێناوی خوادا، هەڵەیە. ئەوە واتاو ئەلف و بێی هیچ باوەڕێکی پیرۆز نییە.

لەبەر هۆکاری شەڕ پشتم کردە دیداری دایکم، ڕووم کردە هەندەران تا بزانم سەرچاوەی شەڕ لە کوێوە سەری هەڵداوە و لەکوێ چاوگی تەقییوە!

زیا ڕۆییم نەکردبێت لە کۆچەکانمدا بەرەو ئێران، بەرەو زاگرۆس، بەرەو ئەفغان و پاکستان و هیند... پاشان بە دووربیینی خەیاڵ تەماشای چیین و یابان و ئەمەریکام کردوو،

ئەورووپاشم دیت. گەڕام تا لە ووڵاتی نەرویج گیرسامەوە. وامزانی ساردی و تووڕە نەبوونی ئەو گەلە لە ژیربیانەوەیە، چوونکە بینییم تووڕە نابن! حەزم کرد فێری هونەری تووڕە نەبوونیان ببم. ئەنجام پاش ساڵانێکی درێژ تێگەیشتم کە تووڕە نەبوون، حەماقەتە. نەخۆشییەکی پیس و موزمینی گیانییە. تێگەیشتم کە تووڕە نەبوون لە ئەنجامی کەمزانی و ووڕ بوون و تەخدیری خانە دەماری‌یەکانەوە دەست بەسەر تەبەقەو ئەندامەکانی کۆمەڵگەدا دەگرێت. نەخۆشییەکە دڕی وهاری و شێتی و گۆجی و وەسواس و سستی دووچاری مرۆڤ دەکات، خانە دەماری‌یەکانی سڕن و درەنگ زەبر بە دەماریان دەگات. تێگەیشتم کە پایەکانی شەڕ لەسەر عەرشی نەزانی بنیات نراوە. تێگەیشتم کە مرۆڤەکانی جیهانی یەکەم تاوانبارن بەرامبەر بە زۆربوونی شەڕ. بەرامبەر بە ساردبوونەوەی خرۆشی ژیانیان. چوونکە ئەوان هێندە ترسۆو لاوازن کە لە تاواندا جۆرەها تەرز چەکی کۆکوژو ئەتۆم و کیمیایی و بایەلۆژییان داهێناوە. نازانن، هێندەش گێلن کە نازانن بەوە خۆیان لەناو دەبەن. بۆیە من تەمەنم لەدەست دا لەناو زیندانەکانی ئەم ووڵاتە ئەورووپیانە و زلهێزەکانی ئەوروپاو جیهان. ئەوان دووچاری شەڕێکی تر بوون.

بۆیە وەک چۆن لەوێ هەڵهاتم، لە تاوا وا خەریکم لێرەش هەڵبێم. بۆیە بەچاکی دەزانم کە باسی ناواخنی هەڵوێستی بەجێهێشتنی ووڵاتی خۆمتان بۆبکەم، تا بزانن کە لەبەر هەمان هۆیە بگرە زیاتریش ئەم ووڵاتەش بەجێ دەهێڵم.

جا با بێمەوە سەر باسی لەنگەر گرتن و خۆ تاو دان بەرەو دەرەوەی کەشتی... بۆ پیاسەکردن بەناو شەقامەکانی ئاکا بریگەو کۆشکی پادشادا... مێروولەیەکی کەنەفتی پیر

فەرمووی: قووربان زیاڕۆیی نەبێت لە ڕووتا، ئایا دوای وولاتی نەرویج ژینگەت کوێ دەبێت، ڕوو لەکوێ دەکەیت؟ گوێم لێ بوو، قەلەڕەشکەیەک چوار جار قیژاندی و فەرمووی: بلێ مالم تیشکی خۆرە.

خواحافیزییم لە مێروولەکان و گیانە پیرۆزەکانی ناو کەشتییەکەم کرد و کتێبەکەم خستە ژێر بالم و پاسپۆرتەکەم نایە ناو نامە سپییەکە... پاشان بەڕێ کەوتم.

هێشتا زوو بوو، چوونکە بڕیارم دابوو کاتژمێر چواردە یان دووی پاش نیوەڕۆ لە کۆشکی مەلیک ئامادە بم. بۆیە بە پیاسە چووم بۆ کۆلانی مووسا، تا لەوێ ژەمە خۆراکێک بخۆم. تا سەرماو بێخەوی شەکەتم نەکەن. چوونکە من خۆم شەکەتم لە ژیان و هاوژینی لەگەل گەلی نەرویجدا.

لە ڕێگەمدا بەرەو چێشتخانەی نەورۆز،، کۆمەلێک شتی سەیرم بینی... سوالکەرێک هاتە سەر ڕێگەم قاچەکانی لە تیرۆک دەچوون... نازانم چۆن قاچەکانی نەدەتەزین و لەسەری دەڕۆی! سوالی دەکرد، هەستم کرد ئەگەر من هێندە بەهێز بوومایە بەو سەرمایە وا بە قاچی ڕووتی بڕۆم، ئەوا سوالم نەدەکرد، بەلکو سوالم دەکرد شتێک فێر بم. شتێکم دەکرد تا کەرامەتم گۆش بکات. سوالکەری دووەمم بینی کوڕێکی گەنجی جوانی نەرویجی بوو، تەنها چاوە شینەکانی ئاسمانی یاد هێنامەوە... سەیری کردم، زانیی منیش کەم دەرامەتم ، بەلام دەتوانم یاریدەی بدەم، ئەویان بە پێچەوانەی یەکەمەوە خۆی لە کیسەی خەوەوە پێچابوو، دەستکێشیشی لەدەست بوو، پەرداخێکی مقەبای لە دەست گرتبوو بۆ وەرگرتنی پارە. بەلام من هیچم بۆ نەکرا، چوونکە دلنیا بووم ئەویش لەمن بەهێزترە لە ڕووی ئەندامییەوە، هەستم کرد دەتوانێت کار بکات.

سێیەم سواڵکەر ئافرەتێکی پیری نەخۆش و لاواز بوو، هاتە بەر دەمم و ڕێگەی پێ گرتم، بە زمانێکی نامۆ داوای یاریدەی دەکردوو پەنجەی شایەتمانی بۆ ئاسمان هەڵدەبڕی و لە هەمان کاتدا کرۆنێکی نەرویجیی نیشان دەدام و بە هەمان زمان دەیگووت تەنها کەمترین یاریدەم بدەی نامرم لەبرسا. چاوێکی شین و چاوەکەی تری ڕەش بوو، چاوە ڕەشەکەی کەمێک چووبوو بە قووڵا، هەستێکی سەیری دوولانەی بەمن دەبەخشی... کە سەیری ناو قووڵایی چاوی چەپیم کرد، بینییم دڵنیا دەبێت لەوەی کەمن بەبێ یاریدە دەست بەرداری نابم، زۆر دڵنیا تەماشای کردم. منیش کەمێک ووردەم دەرهێناو داواکارییەکەیم پەسەندکرد...

ئەوە تەنها بینراوەکان بەبوون لە ڕێگەمدا بەرەو چێشتخانەی نەورۆز، لەگەڕەکی مووسا... بەڵکو زۆر شتی جوانیشم بینی... بینینی کیژۆڵە نازدارەکان، ئەوانەی حەزیان لە سەماو خۆ جوان کردنە. ئەوانەی کە قۆڵی کاریان لێ هەڵماڵیوەو کار دەکەن... کۆمەڵێک فریشتەی بێ باڵم بینی هەر یەکەیان لە یادی بیرێکی سەر سووڕێندا خەندەکانیان مت بوو لەسەر ڕوخساریان، بەلامدا دەڕۆیشتن و بۆن و بەرامیان سەد هێندەی بۆنی ڕیحانە و حێل و مێخەک خۆش بوو، دەتگووت چەپکە نێرگز لە پرچیان ڕواوە، بە بۆنیان هەرچی دوو دڵی هەبوو لە دەروونمدا گوڵاو پژ دەبوون. هەستم بە جوانیی سرۆشی مرۆڤ دەکرد،، وورد وورد تەماشای ئەو ڕێبوارانەم دەکرد، تەماشای فریشتەکانم دەکردو ئەوانم لەگەڵ فریشتەی کچمدا هەڵدەسەنگاند ئەگەر هەرزەکار بوونایە،، گەورەکانیانم بە پێودانگی تەنها جوانی تەماشا دەکرد. چوونکە تەماشا قووتانخانەی هەستکردنە بە جوانی. شتی وەها جوان جوانم دەدی سەرم دەسووڕما لەکاری خوا، بە دەم ڕێوە چاوی کیژۆڵەیەک تەلیسمێکی تێ

گرتم، کە تەلیسمەکەم خوێندەوە، تێگەیشتم کە لە تەماشاکەیدا نووسرابوو: گەر جوانی نەبوایە خواش بوونی نەدەما، دەمرد. لە وەڵامدا فەرمووم: زۆر ڕاستە، تەنانەت خواش بە شانازیی داهێنانە جوانەکانییەوە دەژی. بۆیە پێویستە هونەرمەند لە پێناوی خۆش کردن و گۆش کردنی باوەڕی جوانییدا تا دەتوانێت پێ داگرێت بۆ ئەنجامدانی پرۆژە هونەرییەکانی... تا بتوانێت لە جوانییدا ئاوێتە بێت و دڵنیاو بە بێ مەیلێکی سوودمەندی ماددی لە جوانی بکۆڵێتەوە... چونکە سوودمەندێتی لە جوانییدا تەنها گۆشکەری هەستی ڕەزامەندێتییە... ڕازی بوون لە مرۆڤی پەتی، هەستی پەتی، بیری پەتی. چوونکە هەستی جوانی مرۆڤ لە کەماڵ و نەمری نزیک دەکاتەوە. جوانی ئافرەتیش سیحرێکی کەونییە، مرۆڤ لە ئامانج نزیک دەخاتەوە... چونکە مرۆڤ نەخشەی بوونەوەری تیایە. نەخشەکانی بوونەوەرەکانیش لە هەستی جوانی و لە باوەڕی هاڕمۆنی هونەری و سروشتی ئافرەتی ڕاستگۆ وژیرو شەرمن و جواندایە.

هەندێک ئافرەت هەن، کە بەلاتدا تێ دەپەڕن، هێندە بە حورمەتن کە مرۆڤ سەری لێیان دەسوڕمێت، ئارایشتێکی سادەو بۆنێکی پیرۆزو، نازێکی فێمینین و تەماشایەکی بەڕێز و بزەیەکی شیرین دەگرنە هەندێک لە ئێمە... بێ ئەوەی چاوەڕوانی پاداشت بن، پڕمان دەکەن لە بەهجەت وهەستی شکۆ... دەشێت خۆیان بزانن کە بەو کارەیان سروشت پاکژ دەبێتەوە.

هەندێکی تریان، هێندە بەدخوون، دەڵێی لە دڵی گورگ و بەرازدا ژیاون، قایشی سەگێک یان دوو سەگیان لەدەستە، یان بەرازێک دەگرنە باوەش و پشیلە پەرستی دەکەن... هێندەی

دەست بەسەری پشیلەکاندا دەهێنن، گەر دەست بەسەری تووشبووەکان بە نەخۆشی شێتی دا بهێنن ـ ئەوا نەخۆشەکان چاک دەبنەوە و ترسیان دەشکێت. هەندێک هەن بە کردەوەو هەڵوێستیان ئازاری گیاندارو بێگیان و سروست و خواکانیش دەدەن. هەندێک جۆرلە ئافرەت هەن، مرۆڤ بچووک دەبێتەوە بە تەماشایان. مرۆڤ نابووت دەکەن... ئەو جۆرە لە مرۆڤ، لە خۆیانەوە گاڵتە بە بەرامبەرەکانیان دەکەن و ئەوانی تر گاڵتەبازانە هەڵدەسەنگێنن و هەست بە قوورسایی کەرامەتی بەرامبەرەکانیان و خۆشیان ناکەن. ئەوانەن بوونەتە هۆی زۆر بوونی شەڕ،، خوا نییە کە شەڕ زۆر دەکات، چونکە ئەوان شوو دەکەن بە مرۆڤی باش... ئەویش بە خۆیانەوە تووشی بووغز و غیرە و تۆڵە و هاری و تەعدا دەکەن. گەرچی هەن لە ناو پیاوەکاندا ئەو کارە بۆ هەوەس دەکەن. ئەوان بەجۆرێکی ناجۆرتر سروشت وەڕزو پیس دەکەن.

هێندەی تر برسیم بوو تا گەیشتمە چێشتخانەکە...کۆمەڵێک کۆڵانی وەڕزوو چۆڵم بینی، لە هەر کۆڵانێکدا جێگەیەکی ئەوتۆ خاڵی و بەربڵاوم دی کە دەشیا من بەسوودی پێشانگا سوودی لێ ببینم و ئاوەدانیشی بکەمەوە. کەچی دێوەکان بەمن دەڵێن: ئەگەر جێگەیەک بدەین بەتۆ، ئەوسا هەموو خەڵکی دەێن و دەڵێن ئێمەیش هەمان جێگەمان دەوێت!

لەناو مرۆڤەکاندا بە هەر چوار ڕەگەزەکەوە هەن تیایاندا بە قاقای درۆ دەزگای بیستن و بینینی مرۆڤ هەراسان دەکەن، تیایاندایە بە بوختان شەیتانەکان دەکات بە قالۆنچە و خواکان هەراسان و تووڕە دەکەن. خواکان لە فەرهەنگۆکی مندا ئەو منداڵانەن کە زوو مافی هەبوونی باوانیان لەدەست دەدەن، ئەوانەن کە باوانیان وەک من لە بێکاریدا دەناڵێ و لە زیندانی

بەغیلی و بووغز و ڕقی دێوەکاندا دەستە بەستەن. خواکان ئەو منداڵانەن کە نان نییە بیخۆن و گەلی ئەورووپاش تەماشایان دەکەن. خواکان زۆرن کە لە ناوماندا دەچەوسێنەوە، بۆیە سروشت قینی لێمان هەستاوە، لە پڕ پێغەمبەرێک سەر دەبردرێت، لە پڕ خواوەندێک دەقەپێنرێت، لەپڕ لافاوێک دێت و سەدان دێوو ئەسحابە و فریشتە و خواکان ڕادەماڵێت... چوونکە کردەوەو قاقای درۆو بوختانی ناجۆر و درۆ و شەڕ سروشتیان شێت کردووە.

## *نان خواردن*

کاتێک گەیشتمە چێشتخانەکە کات دەمەو نیوەڕۆ بوو. داوای برنج و فاسۆلیام کرد بەقاپێک ئاوگۆشت و نانی تەنوورەوە... کاتێک دەستووبرد خواردنیان بۆ هێنام، بەدەست، بە خووی منداڵییم کەوتمە نان خوارن و پارو لرفکردن... چوونکە لەبرساندا سەرمام بوو. تامی گۆشتەکە خۆش نەبوو، تێگەیشتم کە ئەو مانگایە بە ڕێزەوە مامەڵە نەکراوە و بەبێ ڕێزی پەروەردەکراوەو سەر براوە... بۆیە ئەویش گۆشتێکی بێ تاموو لەزەت دەدات بە خاوەنەکەی. چوونکە ڕەزامەندی خۆشخوانی بەدی دەهێنێت. تەنانەت گوڵیش گەر بێ ڕێزیی بەرامبەر بکرێت، بۆنی خۆش نابێت. من زۆر لەمێژە دڵنییام لەم بیرۆکە ساکارە. بە هەرحاڵ دەتوانم بڵێم حەزم نەکرد گۆشتەکە بخۆم، بەڵام خواردنەکە ووشک بوو ئاوگۆشتم بەسەردا دەکرد...

کەس منی جیاواز نەدەبینی! سەیرم لێ هات، کەس لە چێشتخانەکە نەیدایە پڕمەی پێکەنیین بە پۆشاک و کڵاوی سەرم، بەلامەوە سەیر بوو کە ئەو چەند نەفەرانەی دانیشتبوون،

هیچیان تەماشایان نەکردم... هەستم بەوە نەکرد کە پۆشاکم بە شتێک لەهی ئەوان جیا بێت. دەنا بێگومان کەسێک دەیدایە قاقای پێکەنیین، چوونکە هەن لەناوماندا بە هەموو شتێک پێدەکەنن. وەک مێرووولە خوا غەزەب لێگرتووەکە.

پێ دەچوو هەندێک هەر نەمبینن! بەڵام من خاوەن چێشتخانەکەم بینی، ئەویش وەڵامی سڵاومی دایەوە، کوڕەکەشی هات و سوراحییەک ئاوو پەرداخ و خواردنی بۆ دانام!

پێم خۆش بوو کە کەسێک لەوان بانگم ناکات بە گاڵتەجاری و بە دەنگی گاڵتەی وەک برا بچکۆلەکەم پێمبڵێت: حەزرەتی نوح بەخێر هاتی سەر سەری حەزرەتی شێخ و شایەتمان و شێت.

باش بوو برا سەرتاشەکەم لەوێ نەبوو، دەنا دەیکردم بە پەڕۆی بێ نوێژ... چوونکە ئەو دڵی بە تاریکی سمیوە، ئەو دێوێکی تاریکی موسوڵمانە جاهیلەکانی لەسەر ناوچەوانی کووتابوو! هەمیشە دەمی پڕ بوو لە جنێو، وای دەزانی برایەتی بریتییە لە هەڵکووتانە سەر کەرامەتی برا گەورە. دڵی لەمن بەخۆڕایی پیس بووە و وای دەزانی خۆی چۆن بێت، بەرامبەرەکەیشی هەمان شێوەیە، بۆیە چاوی بە کەرامەتی مندا هەڵنەدەهات. بە داخەوە، خۆشەویستییم بۆ ئەو هێندەی گەردوونێک مەزن بوو، داگیری کردوو بە هەڵمەتی جنێوو دەمپیسی گەردونی ڕێزی منی لە خۆیدا داتەپاند. پێم خۆش بوو براکەم لەوێ نەبوو. زۆریشم پێ خۆش بوو.

کاتێک وەدەرکەوتم... کەمێک لەشم گەرمای پێگەیی... چوونکە ڕۆژێکی زۆر سارد بوو... لە ڕێگەدا لە سەرما و کرێوەم پرسی: باشە ئەگەر بێت و من ئەم وولاتەو منداڵەکانم بەجێ بهێڵم چی ڕوو دەدات؟ ئایا ویژدانم بەرگەی ئەو زامە گەورانە دەگرێت کە من دووچاری منداڵەکانمی دەکەم؟ کرێوە لووراندی و فەرمووی: بەڕێز حەزرەتی نوح، هیچ تاوانێک هێندەی دوورکەوتنەوەی باوان لەمنداڵەکانی گەورەتر نییە. بەڵام تۆ ئەو کارە لە پێناوی کەرامەتی شکۆمەندیی ئەواندا دەکەیت، ئەوان پێرۆکە بوون. پاشان ئەوان وەک وەچەکانی پێشووت، گەر لافاویش هەڵسێت باوەڕت پێ ناکەن، ئەوان بایین لە فێر بوونی هەڵەی سەردەم. ئەوان ناتوانن دان بە کەرامەتی تۆدا بنێن... پاشان تۆ زەجری ئەوانت ناوێت... ئەوان دەبنە خاوەنی کەشتییەکەت، دەتوانن مشووری ژیانی خۆیان بخۆن. دەزانیین هەڵوێستت نادڵنیاییت سەربار دەکات، بەڵام با سروشت سەرپشک بێت دەرهەق بە هەڵوێستت.

ئەوەی ڕاستی بێت، بیر کردنەوە لە دوو منداڵی هەتیو و بێ دایک زۆر ستەمە میشک و ویژدان دانی پیادا بنێت، ئەم بێ هەستییە چییە لەم وولاتەدا دەستی بەسەر مندا گرتووە!؟ تێناگەم نازانم چۆن توانییم ئەو بڕیارە مێژووییە بدەم؟! تێ ناگەم! سەرما فەرمووی: باوک هێزو توانای منداڵە و دایک گیانیانە. بێ بەری بوون لە هەر یەکێک لەو دوانە، بێ بەری بوون و نامۆ بوونە بۆ منداڵ... نامۆ بوونێک منداڵ نامۆ دەبێت کە تەنها شەڕ لە دەروونییدا گۆش دەبێت. هونەر و مۆسیقای کوڕم دوو

منداڵن هێندە گەورە نیین. نازانم بڵێم چی و چی بەڵگەیەک هێندە ڕەزامەندانەیە تا پێتانی بڵێم! تا سرەوت بە دڵە ڕاوکێتان بدەم. چوونکە حەزرەتی نوح ناتوانێت دەربەستی نەوەکانی خۆی بێت. بەڵام دەبێت ئەوەش بزانن کەمن زۆر دڵنیام لە بەتوانایی منداڵەکانم. چوونکە ئەوان تێدەگەن کە ڕاستییەکان لەلای من هەن، بەڵام زامارن... دەزانن کە ملیۆنەها مرۆڤی کورد لەم سەردەمەی ئێستاو ڕابردوودا بە دەستی ئینگلیز و عەرەب و فارس و توورک بە خۆڕایی کوژراو سەربڕدراون و ماڵیان تاڵان کراو هەتک کران. کەچی خەڵکی بەمن دەڵێن درۆزن. خەڵکی ڕێگە نادەن منداڵ باوەڕی بە کەرامەتی باوانی بێت! ئێوە منداڵ بەوە نەخۆش دەخەن. کاتێک کە منداڵ باوەڕی بە باوانی دەدۆڕێت... هەڵە پەروەردە دەبێت. نا دڵنیا دەبێت. عەجوول و سرک و قیین لەدڵ دەبێت، حەز لە تۆڵە دەکاتەوە کاتێک خۆشەویستی دەردەبڕێت.

بە دەم ڕێکردنەوە بەرەو کۆشکی مەلیک، ئەم بیرانە هەراسانی دەکردم، هەستم دەکرد سەرما و شەختە دانم لێ جیڕ دەکەنەوە، دەیانووت ئێمە بەزەییمان بە مرۆڤی یان بە پێغەمبەری بێ هەستدا نایەتەوە. چۆن دەتوانی دەستبەرداری منداڵەکانت بیت ئەی حەزرەتی نوح؟

فەرمووم: ئەو بیرەی کە من ناچار دەکات دەست بەرداری هەموو پەرستارییەکم بم، ئەوەیە کە منداڵەکانم لە هەست کردن بە کەمی بپارێزم. چوونکە دەسەڵاتی مرۆڤ هێندە تەنگ و بچووک کراوەتەوە لەم وڵاتەدا کە مرۆڤ دووچاری وەڕزی دەکات دەرهەق ماف و ژیان. مرۆڤ ناچار دەکرێت کامەرانیی خۆی بداتە دەستی دێوەکان، ئەوانیش یاری بە چارەنووس و

کەرامەتی خواو خواکان دەکەن، مرۆڤ ناچار دەکەن دان نەنێت بە کەرامەتی خۆیدا، ببێت بە کۆیلەی بڕیارەکانی ئەوان.

هاودەم ـ ی هاوڕێم بیر کەوتەوە، کاتێک کە بەڕێ کەوتم. ئەو شەوەم بیر کەوتەوە کە ئەو تیایدا لە بارێکدا باسی گفتووگۆی نێوان برایانی کارامازۆفی بۆ کردم. ووتی: کاتێک کە هەردوو براکە پێکەوە باس لە چارەنووس دەکەن، یەکەمیان برا بچکۆلەکەی بە لە خاجدانی حەزرەتی مەسیح دەترسێنێت. باسی ئەوەی بۆ دەکات کە چۆن مەسیح داوای بەزەیی لە قەشەکان دەکات. لەو کاتەدا کە هەڵی دەواسن. هاوار دەکات کوا بەزەییتان.

منیش کاتێ تەواو گوێم بۆ شل کرد، تێگەیشتم کە دیستۆفیسکی بە هەڵە لە زات و کەرامەتی حەزرەتی مەسیح دواوە... تەنها توانییم بە هاوڕێ هاودەم بڵێم: کارێکی باشم کرد کە برایانی کارامازۆفم نەخوێندۆتەوەو ناشیخوێنمەوە، چوونکە من دڵنیام کە ئەو باوەڕە هی مرۆڤێکی وەک دیستۆفیسکی نییە، گەر وەهاش بێت، ئەوا بەسەرخۆشی ئەو دیالۆگەی نووسیوە. چوونکە مەسیح خۆی بوو بە قووربانی کردەوەکانی ئەوان. ئەو بۆ قەشەکان لە یەزدان دەپاڕایەوە. کوا کەی مەسیح داوای بەزەیی لە مرۆڤ کردووە؟! ئەو زۆر دڵنیا لەوانی تر خۆش دەبوو. من نە مەسیح بەو لاوازییە دەناسم، نە دیستۆفیسکی بەو نەزانییە. چوونکە مەسیح بەشانی خۆی خاجەکەی گەیاندە سەر ترۆپکی سەرەڕووتەڵ لە ئۆرشەلییم. تا بێ باوەڕە دێوەکان نیشانی بدەن کە ئەو لە جێگەیەکی بێ پیت و فەڕدا سزا دەدەن. ئەویش فەرمووی: بوونەوەر لە سزای سزادەر خۆش نابێت، بەڵام من ئەو کارە دەکەم. گەرچی لێبووردنی بە هەڵە لە سزا بەژانترە. من بە لەتۆ بووردن، سزا بە ناخم دەگات. زامی

قامچییەکانی دەستتان سارد دەکاتەوە. من وەها حەزرەتی مەسیح دەناسم. دەزانم ئەو لەکەس نەپاڕاوەتەوە. تا بیبوورن، چوونکە تاوانێکی نەبوو تا هەست بە ئازار بکات. جا بزانن کە بێتاوان هەست بە ئازار ناکات.

وەڵامێکی سرەوت بەخشم بۆ هەڵوێستەکانم نەبوو. نەمدەزانی دیار نەمانی من؛ سەفەر بەرەو دەرەوەی ووڵاتی نەرویج؛ چی چارەنووسێکم دووچار دەکات! بەڵام ئەوەم بەچاکتر زانی، چوونکە مانەوەم لە زینداندا دووچاری هاری و وەڕزیی دەکردم... چوونکە هەمیشە هەستێکی سەرزەنشت کەر ڕسوای دەکردم، هەمیشە هەستم دەکرد ساڵ بە دوای ساڵ زیاتر لاوازترو ناتوانا تر دەبم، بەجۆرێکی ئەوتۆ کە دەشیا مانەوەم بارێکی ئەشکەنجە بەخش بێت بۆ منداڵەکانم. هەست دەکەم مانەوەم لەم ووڵاتەدا زەربە دەدات لەگیانم. یان بە کورتی مانەوەم دەمکات بە بارێکی گران بەسەر منداڵەکانمەوە، چوونکە ڕێگەی هاتووچۆو کارو گەڕان و ڕێگەی کارکردنی هونەریشم لێ گیراوە. من بە حوکمێک مەحکووم کرابووم کە تەنیا شکستی دەهێنایە ڕێگەم. بۆیە لەگەڵ هەڵهێنانی هەنگاوەکانمدا بەرەو کۆشکی مەلیک زیاتر سوور دەبووم لەوەی کە ئەم ووڵاتە هی من نییە و ناسنامەی ئەوان مایەی شانازیی من نی‌یە.

دارێکم لەدەستە یاخوا دوژمنەکەشم لەدەستی نەبێت. کاتێک کە مرۆڤ ناچار دەکرێت واز لە پیرۆزترین ئەرکی سەرشانی بهێنێت، مانای وایە ئەو مرۆڤە لەبار براوە، کوژراوە، یان مردووە. جا ژیان لە پای چی؟ کاتێک کە مرۆڤ هەست دەکات مەرگ لە ژیان خۆشترە... دەشێت مرۆڤێکی وەها بژی و

هەست بە ئاسوودەیی بکات!؟ جا گوێم بۆ ڕادێرن، برایان ئەم داستانە زۆر ویژدان هەژێن و بیر تەزێنە.

### تۆ بڵێی من دووچاری شێتی لاوی نەبووبم!

هاوڕێ ئاسۆ تووتی وای بەبیردا دێت... کاتێک کە دەچم بە میوانیی وا دەزانێت من وڕێنەی بۆ دەکەم، کاتێک باسی کەرامەتی حەزرەتی نوح و گۆش بوونی گیانی ئەو دەکەم لە خۆمدا. هەست دەکات من بابایەکم دابەش بووم و بەشەکانی خۆم یان لایەکیان نابینم. پێم دەڵێت: تۆ بەکەڵکی کوردوستان و گەڕانەوە نایەیت، تۆ قەناعەتت شێواوە. دەتەوێت مرۆڤ چاک بکەیت؟ دەتەوێت بە مام جەلال بڵێیت تۆ دێویت؟ دەتەوێ چی بکەیت؟ ئایا ئامانجێکی ئەتۆ هەیە کە پاڵنەر بێت بۆ دۆخێکی باشتر لە ژیان؟ ئاخر کوردە تۆ تۆزێک خوات بێت، دەگەڕێنتەوە بۆ کوردوستان بە چی نیازێک؟ قسە بۆ کێ دەکەیت؟ کوردوستان فرۆشراوە. کوردایەتیی چی دەکەیت؟ ئەمڕۆ سەردەمی بە جیهانی بوونەو تۆش تازە بەتازە باسی دێوو خێوو حەزرەتی نوح و قسەی پروپووچ دەکەیت. خوا نەناس، بۆ دانانیشی بە دەردی خۆتەوە، بۆ بەڵا تووشی خۆت دەکەیت؟ خوا نانێکی داوە هەبوو دەیخۆی، نەبوو داوا دەکەیت و پێتی دەدەن. کەس پێت ناڵێت کل بە چاوتەوەیە، ئێرە ترۆپکی سیستەمە... مرۆڤ دەبێت ئیتاعەتی سیستەم بکات، یاخی بوون

تەنها زیان دووچاری خاوەنەکەی دەکات. جا من هیچی ترت پێ ناڵێم.

شەوێکیان لێی هاتمە دەم، فەرمووم: یاساکانی سروشت وەها مێروولەکانی فێر کردووە کە لە وەرزی قڕان و نەمانی خۆراکدا، مێروولە بەخێوکەرەکان لەشی خۆیان بە زیندوویی دەکەن بە ژەمە خۆراک بۆ ووردیلەکان. مرۆڤ لە پێناوی خواستەکانی ئەوانی تردا ناژی. کەسانێک هەن دەتوانن مانا بدەن بە ژیان، جوانی سەرباری ژیان بکەن، دەتوانن ببن بە وانەیەکی پیرۆز و چاوەڕوانی پاداشتیش نیین. بۆیە من کارم بەوانی ترەوە نییە چی هەڵوێستێک دەرهەق بە کەرامەتی من و بەندی باوەڕی من وەردەگرن. لە فەرهەنگی مندا من دڵنیام کە کۆی داستان و بەسەرهاتەکانی من تەنها یەک شت فێری ژیان دەکەن، ئەویش ئەمەیە کە ژیان تەنها خەندەیەکە، دەبێت تاڵی نەکەین. من هاتووم بەڕاستگۆیی خەندە بۆ ژیان بکەم. حەز دەکەم خەندەیەکم لەپاش بەجێ بمێنێت کاتێک کە دەمرم... چوونکە من بەدوای زۆر خۆری و گەندەخۆری و هەلپەرستیدا ناگەڕێم لە ژیاندا... نامەوێت ببم بە کۆیلەو ژیان تەنها لە پێناوی داوا کەچەکانی ئەوانی تردا بژێنم. من دەمەوێت خەندەکانم لەدەست نەچن. پاشان هەن لەناوماندا بەدوای مانادا دەگەڕێن، هەشن ماناکان دەنێژن... هەن لەناوماندا قینی لە هەبوونی مانایە. بەو دەڵێی چی؟ هەروەها مەبەست لە گەڕانەوەشم تەنها بەسوودی خۆم نییە. بەڵکو ئەوە ئەرکێکی سروشتییە، مرۆڤ دەبێت بەر لەمردن بگەڕێتەوە شوێنگەی لەدایک بوون. مرۆڤ دەبێت فێر بێت، لەوێدا بە هەمیشەیی دەگات کە تیایدا لەدایک دەبێت. هەروەها چەق بەستن لەسەر کەرامەتی پێغەمبەران تاوان نییە... دەشێت وڕێنەکانی ئەمڕۆمان یەقینێکی حەق بن لە ڕاستییەکی تردا. دەشێت من نەتوانم تەنها کاژێرێک وەک تۆ

بژیم. کەچی من ئامۆژگاری و ڕێنیشاندانم بۆ ئێوە نییە. نازانم بۆ کە من باسی گەڕانەوە دەکەم بۆ کوردوستان، خەڵکی دەترسن و دەیانەوێت بمترسێنن، وەک ئەوەی کوردوستان بە لەشکری دێو داگیر کرابێت. یان خوانەخواستە کورد هێندە بێ ناوەڕۆک بێت کە شایانی ئەوە نەبن لە ڕستەیەک تێبگەن! وەک ئەوەی کوردوسیان گورگ بێت یان جەهەننەم.

هاوڕێکانم نایانەوێت تێم بگەن، خۆیان لە ڕاستییەکان گێل دەکەن، هاودەمی هاوڕێم شەوێکیان وەک سەگی هار تێم بەر بوو و ووتی: تۆ خۆت بە خوا دەزانی. دەڵێیت من خوام دروست کردووە. منیش فەرمووم نەخێر من خواوەندی خۆمم هەیە، دەشێت خواوەندی من مێرووڵەیەکی سپی بێت یان مێشێکی ڕەش. بەڵام خوای گەورەی جەنابیشت دەبینم و ڕێزی لێدەگرم ئەگەر خاوەن خواوەند بییت! چوونکە من خواوەندی خۆم دەپەرستم، پاشان من چی پێویستییەکم بە خواوەندی ئێوەوە هەیە؟ من پێویستم بە حەجموو قەبارەی خواوەند نییە. پێویستم بە گەورەیی ئەو نییە. خواوەندەکانی من بچکۆلەو جوان و کارمەندو ژیرن هەروەکوو منداڵەکانم، هەر وەکوو فریشتەی کچم.

ئێستا ئەگەر ئاسۆ تووتی ئەم چیرۆکە بخوێنێتەوە بە دەم پێکەنینەوە دەڵێ: دۆزیمەوە... خاڵی تێکچووەو دووچاری ئەمری واقیع بووە، گاڵتە بە باوەڕی باوکی خۆی دەکات، یاری بە ئایینەکان دەکات، دەڵێت: خاڵی نازانێت کە لە ڕاستیدا( من)؛ واتە چیرۆکخوان نە حەزرەتی نوح ـەو نە کچێکیشی هەیە ناوی فریشتە بێت.

بەمە تەپڵم بۆ لێدەدات و باڵی خۆی لەبەر دەمی دەمڕووتێکی نەرویجیدا پان دەکاتەوەو دەڵێت: چیرۆکخوان دووچاری

هاوژیانی بووە لەگەڵ فەنتازیدا و ناتوانێت بە حوکمی واقیع ڕاستییەکان هەڵبسەنگێنێت. بۆیە منیش بەر لەوەی ئەو ڕێگە بە خۆی بدات، بەو دەڵێم: ئەو مرۆڤەی ڕێز لە کەلتوورو ئەدەب و زمانی خۆی نەگرێت... بێ ئەدەبە و دەبێت بزانێت چی دەڵێت.

بیرم لە زۆر شت دەکردەوە، بەڵام لە ناخی دڵمەوە هەستم دەکرد مەسیحی پیرۆز پێم دەڵێت: پێویستە لە پاسپۆرتەکەت بنووسیت من پاسپۆرتی سپییم دەوێت، دەبێت بە خەتی مێرووولە لە پاسپۆرتەکەم بە ئاوی ئاڵتوون بنووسن: ناو: سەربەست، ناوی باوک: خەسرەو ناوی باپیرعارف، نازناو: نوح. ناسیۆنالیتێت:کوردوستانی گەورە. کۆڵان: زاگرۆس ژمارە یەک. ژمارەی پۆست 429. پاشان نازناوی دووەم: پێاوی سپی. بە ئینگلیزی وایت مان. دەبێت پاسپۆرتێکی تایبەت و نوێ بۆ من دروست بکەن تا بە خۆڕایی سەفەر بۆ هەر وڵاتێک بکەم... بیر لە پارەو خەرجی نەکەمەوە و بە پارە یاریدەی کەس نەدەم. چوونکە من تینوو برسی بینینی جوانییم، من هۆگری تەماشاکانی باڵندەکان و ئاژەڵ و ئاسمانەکان و خەڵکی جیهانم. چوونکە من بەوە بە هرەکانم گۆش دەبێت. حەزرەتی مەسیح فەرمووی، نەکەی پاسپۆرتێک لەوان داوا بکەیت کە هینی تۆ نییە چیی تر. تا ئەو کارەت بۆ نەکەن، باوەڕ نەکەیت باوەڕت پێ دەکەن. تۆ شایانی هەڵگرتنی ئەو پاسپۆرەیت کەمن سپی سپی دەیبینم. لە ناخمدا حەزرەتی ماریا سەری دەلەقاند. بزەی تێ دەگرتم. بە خەیاڵ وەڵامی پاشام دەدایەوە، وەڵامی هاوڕێکانم، وەڵامی منداڵەکانم دەدایەوە... ئومێدم دەخواست منداڵەکانم گەورەتر بوونایە. یان پیرۆز لە ژیاندا بمایە.

کۆسپی من لێرەدایە... چوونکە پیرۆز نەمردووە. بەڵکو زیندووە. بەڵێ بەهەڵەمدا بردن، ئەو نەمردووەو دووچاری

شێرپەنجەش نەبووە. بگرە زیندووەو قڕوو قەپی کردووە. ماندووە، دەروونی پڕە لە زرتە سکاڵا دەرهەق بە ژیانی ڕۆژانەو بێکاریی من و کار دۆڕاندن و ترسان لە لەدەست دانی کار! داماوە هەر کە لەکار دێتەوە، ملی لار دەبێتەوە، نەخۆش نییەو کەچی ماندوویی داگیریان کردووە. نەخۆش نییەو نەخۆشی خۆی داوە بەسەریدا... نادوێت، ناگەڕێت، ناڵێت، حەزی لە هیچ نییەو تەنانەت منیش نابینێت. هەمیشە دانیشتن و نووستنی تێکەڵ کردووەو هێندە ماندووە، ڕۆژی دەیان جار بە مردوویی دەیبینم. بۆیە زۆرجار وا هەست دەکەم مردووە. لەبەر ئەوە دەشێت مل شکانی من و دیار نەمانی من ئەو ڕاچەنێنێت و بێدار ببێتەوە. ئەوسا دەشێت بتوانێت من و خۆی و منداڵەکان و کتێبەکان و خەونەکانمان ببینێت. بەڵێ خوێنەری بەرێز ئەو نەمردووە. ئەو لەمن زیندوو ترو لەش ساغتروو بەهێزترە... چوونکە من دووچاری نەخۆشیی شەکرە هاتووم و لە پڕ ماندوویی دێت و دەستم دەگرێت، دەمبات بۆ ئاسمانەکانی غەیب، ماندوویی لە درەختێکی پیری مەتین دەچێت... لەسەر سەرم دەڕوێت و بەر دەگرێت، گوڵ و گەڵای دڵ شێوە دەگرێت، چرۆی خەندە دەکات، گەڵای دڵشێوە دەگرێت، ڕەنگی سپی هەڵدەگەڕێ و ڕووسپی دەبێت. ئەوسا منیش سەرخەوێک لە غەیبا دەشکێنم. خەوێک بە فریشتەی کچمەوە دەبینم، خەوێک بە پیرۆزی هاوسەرمەوە دەبینم کە لەولامەوە پرخەی دێت. بۆیە دەشێت گەڕانەوەی من بۆ کوردوستان لە سوودی ووریا بوونەوەی مێشکی ئەوو هەردوو منداڵەکەم بێت. چوونکە وەک فەرمووم... فریشتە منداڵی سێیەممە، ئەو لە ڕاستییدا لەبار چووە. بەڵام من دان بە مردنیدا نانێم. چوونکە هونەری کوڕم دەفەرمووێت: هیچ بوویەک بۆ هەمیشەیی نامرێت. لە هەستی مندا ئەو دەژی. منداڵی خۆمە، باوک و دایک نییە لەم جیهانەدا منداڵی خۆیان لەبیر بکەن کاتێک کە دەمرن. ئێمە نازانیین کە

زووربەی کاتەکان لەگەڵ مردواندا بەسەر دەبەین. ئەم کارە ئەگەر ئازارمان نەدات، پیرۆزترین ئەرک و نووێژە. بگرە ئەمە نوێژی ئەو باوانانەیە کە منداڵەکانیان لەبار دەچێت یان دەخنکێت، یان دەسووتێت یان بە نەخۆشی دەمرێت.

دەڕۆیشتم بەرەو کۆشک و باڵەخانەی مەلیک... بەدەم ڕێوە خەوم دەبینی... خەونی ئەو لاوە کوردانەی کە هاتبوون بۆ ژن هێنان لە وڵاتی نەرویج. بەزەییم بەواندا دەهاتەوە. چوونکە زۆر جار بینیوومە چۆن دێوە نەرویجییەکان منداڵ لەوان دەخەنەنەوەو پاشان تڕۆیان دەکەن و دوای هەوەسی خۆیان و سەگەکانیان دەکەون و سەگ دەکەن بە باوکی فریشتەو منداڵ.

بەزەییم بە خۆمدا دەهاتەوە، بەدەم ڕێوە بە خۆمم دەفەرموو: ئەرێ کاعبەی ئەم وڵاتە تێک دەچێت گەر کوردوستان ئازاد بێت؟ چی ڕوو ئەدات گەر جیهان هێندە مەرد بێت پرۆژەی ئازاد بوونی کوردوستان ببێت بە خەونی شیرینی هەر مرۆڤێکی جیهان پەروەر؟ چوونکە بە ڕاستی نەنگییە مرۆڤی کورد ئاوارەی شەقامەکانی ئەوروپا بن و سەربکەن بە تەنەکەی خۆڵی دێوە برسییەکانتاندا. ئەو دێوانەی بە پارەی دزراوی نەوت و گیانی کورد چنگیان خستووەو خۆشییان بۆ خۆیان پێ دابیین کردووە. بە خۆمم دەگووت: من دەبم بەو مرۆڤەی کە پرۆژەی ئازادیی کوردوستانی گەورە دەر دەبڕم. با هیچ بوونەوەرێکیش گوێم بۆ ڕانەگرێ، بەڵام من بە جیهاندا دەگەڕێم و دەفەرمووم: من کوردم و کوردوستانی مەزن وڵات و خاکمە. من لە نەوەی حەزرەتی نوح م... گەر پێتان ناخۆش بێت ئەوا پێتان دەفەرمووم من خوودی ئەوم. هاتووم باسی ڕزگار بوونی کوردوستان بۆ منداڵەکانتان بکەم. دەزانم گەورەکانتان بێ باوەڕن. دەزانم دەوڵەتی نەرویج ناتوانێت دان

به ناوی وولات و ئالاو مافی گەلی مندا بنێت، گەر وا بوایە دەیانتوانی پاسپۆرتێکی سپییم بۆ دروست بکەن و بە ئاوی ئالتوون لێی بنووسن: ناسنامەی کوردوستان. چوونکە ئەمە یەکەمین و دواهەمین ماف و خۆزگەو فەرزی منە. تکاو داواو ئاواتیشمە. هیچ کوردێک نییە لە جیهاندا بە خوێندنەوەی ئەم پیتانە ناهاوڕا بێت. چوونکە کوردوستانی گەورە پرۆژە و خەوی هەر کوردێکی ڕەسەنە.

کاتێک کە هێندەم نەمابوو بگەمە کۆشک، بینییم لە ستوورتینگە واتە ئەندامانی دەستەی بالای نەرویج، لەبەر دەمی کۆشکی ئەواندا خەڵکێکی زۆر کە ماددەی سڕکەر بەکاربەربوون، واتە مرۆڤە بەدکێش و مووعتادەکان، هەیئەتی کۆشکیان شێواندبوو! پیاو هەستی دەکرد سەیری مەزاتخانە یان بازاڕی سەرپێیی دەکات. دیمەنەکان ناجۆر بوون. دەبوایە دەرمان بەکار بەرەکان بەو کارە هەڵنەستاندایە. دەبوایە مان بۆ ئازادبوونی دەرمان وەرگرتن نەگرن، بەڵکوو دەبووایە تکا بکەن تا یاریدەی ڕزگار بوون و چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە. چوونکە تێکچوونی نەزم و هارمۆنیی مرۆڤ، مرۆڤ دزێوو پەرپووت و بێکەڵک دەکات. مرۆڤ بۆی نییە زیاتر لە سێ جار لەساڵێکدا پەنا بەرێتە بەر حەشیش و ماددەی خوو پێوە نەگرتن. چوونکە خووگرتن بە ماددەی بێهۆشکەرەوە مرۆڤ جوان و بەهێزو کارامەو ژیر ناکات. زیادەڕۆیی مرۆڤ ناشیریین دەکات. دیمەنەکان بەزەییان دەخرۆشاندم... حەزم دەکرد دەنگم بەوان بگەیەنم تا داوای ڕێگە چارە بکەن، نەک ئازادکردنی کێشان و دەرمانی سڕکەر.

بەتەماشاکردنی ئەوان هەستم بە ماندوویی کرد... نەویست لە قاوەخانەیەکی دەستە ڕاستی شەقام دانیشتم، کە کۆشکی مەلیک و پەیکەری کۆنگ ئۆلافی لێوە دیار بوو... ئافرەتێکی

جوانکیلەی ماندوو هات بە دەنگمەوە، فەرمووی: شتێک دەخوازیت؟ فەرمووم:زەحمەت نەبێت یەک کاپۆچیینۆم بۆ بێنە. پاش نۆشینی ئەوە، دەست و دەمووچاوم شۆری و بەرەو کۆشک بەرەوژوور سەرکەوتم... هێشتا نییو کاتژمێری مابوو بۆ کاتژمێر دوو... بە پێویستم زانی تەلەفۆن بۆ مێدیا واتە گۆڤارەکان بکەم یان یادیان بهێنمەوە. چوونکە دوێنێ شەو ئەوانم ڕاگەیاندبوو کە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی بیستوویەکەمی مانگی سەرماوەز بەکارێکی تایبەت هەڵدەستم و پاسپۆرتەکەم دەگەڕێنمەوە بۆ مەلیکی نەرویج.

## *ڕۆژنامەکان*

هەڵبەتە دوێنێ شەو ڕاستەوخۆ بەر لە نووسینی نامەکەم بۆ مەلیکی بەڕێز، ئاگاداری گۆڤاری ڤ گە ـ داگبلادە ــ ئافتن پۆستن کردبوو، هەروەها بە ڕێکخراوی ئەنتی ڕاسیستم ڕاگەیاندبوو. گەرچی زۆر دڵنیا بووم لەوەی کە هیچیان ناوێرن بێن بە دەنگمەوە، نامەم بۆ ناردن... تا دڵنیا بم لەوەی کە بە هەڵەدا ناچم. زانیشم ئەوان دەشێت بووختانێک لە دژم داڕێژن و دەشێت پۆلیس بە بووختانێک ئاگادار بکەن. کەمێ هەستی پەشیمانی دایگرتم، کەمێک ترسام لەوەی کە پۆلیس کوێرانە بدات بەسەرمداو تا لێم دەپرسنەوە نییوە خنکێنم دەکەن. بەلام دەربەست نەدەهاتم... چوونکە مەرگم بچووک و لاواز دەبینی لە دواوەوەمدا... هەستم دەکرد دەتوانم بە ڕاستگۆییم ڕێگە لە هەڵمەتی پۆلیس بگرم.

کاتێک کە گەیشتمە مەیدانی کۆشکی مەلییک، چاودێرە ڕەشپۆشە ووردیلەکان کە یاساولّی کۆشک بوون، مەشقیان دەکردوو جێگەی خۆیان لەگەڵ چاودێرانی پێش نییوەڕۆدا دەگۆڕییەوە. کەمێک تەماشای پەیکەری ئەسپ سوارێکی گەورەم کرد، کە لەژێر قالّبی پەیکەرەکەدا نووسرابوو: سووپاس بۆ گەلی نەرویج کە ئەم پەیکەرەیان دامەزراند. پەیکەرەکە مەزن بوو، مەلیکی ئەسپ سوارو شکۆی ئەوی نیشان دەدا... مەیدان لم ڕێژ بوو بە لمی وەنەوشەیی تێر ڕەنگ. گاردەکانی کۆشک سەرنجی منیان کێش کرد، هەستم کرد کە گاردەکانی مەلیک کەسانێکی دڵنیاو ووردیلەی کۆمەڵگەن و بە ووردی شتە گەورەکان دەبینن. کەمێک بە هێمنی بە دەوری خۆمدا سووڕامەوە، تەماشای چواردەوری خۆمم کرد. گوێم لە قاژەی قەلە ڕەشکەیەک بوو دەیگووت: منیش گاردم، کەچی کەس من نابینێت، منیش لەو گاردانە دەچم کە پاسەوانی کۆشکی مەلیکن، بەڵام من چاودێری ئەو فریشتانەم کە لە هەوادا نادیارن. پاش کەمێک خوردبوونەوە، نامەیەکم نارد بۆ ڕوژنامەی ڤ گە، هەڵبەتە بە تەلەفۆن. پاشان بۆ داگبلادەو یادم هێنانەوە کەمن نیازمەندم پاسپۆرتەکەم بۆ مەلیک بنێرمەوە. حەز دەکەم کەمێک باسی ئەو هەڵوێستەم بۆ میللەت بکەم. بەڵام وەڵامەکان ئۆتۆماتیک وەڵامم دەدرانەوە. بۆیە پەیوەندیی ڕاستەوخۆم لەگەڵ چاودێری ڕۆژنامەکەدا بە تەلەفۆن ئەنجام دا. کاتێک کە تەلەفۆنی هەڵگرت، بە کوورتی تێمگەیاند کە حەز دەکەم مێدیای ووڵات یاوەرم بێت بۆ هۆکار زانیینی هەڵوێستم سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی ناسنامەی نەرویجی لە ووڵات. کابرا نەزان دیار بوو، ووتی باشە بۆچی ئەو کارە دەکەیت؟ ووتم چوونکە پڕ بووم لە ناهەقی و بەد ژیانی لە

ماوەی هەژدەساڵدا. پاشان ووتی ئەی چۆن دەگەڕێیەوە بۆ ووڵاتی خۆت بەبێ پاسپۆرت و ناسنامە. ووتم ڕێکخراو زۆرن کە یاریدە دەدەن و کاغەزی سەفەر بۆ کۆچەرو بێوڵاتان تەیار دەکەن. ئایا دێن یان نایەن؟ ووتی من ناتوانم هیچ بڵێم بەڵام ئەوە کارێکی تایبەتە. من ووتم: بەهەرحاڵ زۆرم حەز دەکرد هەڵوێستم گشتی بکەم، ئەوسا دەشیا بتوانم بەم وویستە مەتیینانەم بە پێی خۆم بگەڕێمەوە بۆ ووڵاتەکەم. پاشان تەلەفۆنەکەم بە دڵنیایی لەسەر داخست. تێگەیشتم کە هیچ یەکێ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ناوێرن بێن... لەو بیرو بۆچوون ووردکردنەوانەدا بووم، سەیرێکی کاتژمێرەکەم کرد، کات یەک و نیوی دوای نیوەڕۆ بوو، لە سەرمادا هەڵدەلەرزییم، ڕۆژێکی سارد بوو. هەتاویش لە ئاسماندا لای ڕاستی لەشمی ڕۆشنتر نیشان دەدا،، درەختەکان بێ وەنەوزو گەڵاو ڕووت بوون. پاشان بیرم لەوە کردەوە بپرسم داخۆ دەبێت بەچی ئەرکێ هەڵبستم تا بتوانم ئەو کارەم بکەم.

بیینیم خەڵکی دێن و دەچن و دەتوانن لەگەڵ گاردەکان بدوێن، دەتوانن وێنەیان لەتەکدا بگرن. تێگەیشتم کە دەتوانم پرسیاریان لێ بکەم. بە وورده پیاسە بەرەو لای ئەو یەکەیان چووم کە تەنها چاودێری دەروازەی کۆشک بوو، بینییم کە سندووقی پۆست؛ بە دەرگا بەشیش چنراوەکەدا ئاوێزان بوو. کە گەیشتمە نزیکی بینییم گارد کیژۆڵەیەکی چاوشینی ووریاو زیتەڵەو کورتەباڵاتر بوو لەمن. سڵاوی سەندمەوەو بە ڕێزەوە ووتی: دەتوانم یاریدەیەکت بدەم؟ کارێکی تایبەتت هەیە؟ ووتم: بەڵێ هاتووم نامەیەکی تایبەتم پێیەو نیازمەندم بیگەیەنم بە مەلیکی بەڕێز، نامەکەم کراوەیە. ووتی: گەر ساتێکی کوورتم بدەیتێ، دەتوانم وەڵامێکی تەواوییت چنگ بخەم. پاش یەک دەقیقە گاردێکی باڵا بەرز، باڵای بەرزتر لەهی من بەکڵاوو بەرگی

گاردی ڕەشپۆشەوە بەرەو لای من هات، کە بە مەشق کردنی جوان دەڕۆیی؛ هات و سڵاوی لێ کردم. ووتی: من سەرۆک کۆماندۆی گاردەکانم، پێمگەیشت کە بەڕێزتان پێشنیارو نامەی هەیە بۆ مەلیک. ووتم بەڵێ ئەوە ڕاستە. ووتی: دەتوانم ناوەڕۆکی مەبەستت بزانم؟ ووتم، بەڵێ بە دڵنیاییەوە، نیازمەندم ناسنامەی نەرویجیم بگەڕێنمەوە بۆ مەلیک، چونکە بە یاریدەی بەڕێزیان من ئەو ناسنامەیەم وەرگرتووە. من سوپاسی مەلیک دەکەم و لەهەمان کاتدا بەم نامە نووسراوە کراوەیە نیگەرانی هەڵوێستم دەرهەق ساڵانێکی دوورو درێژی ژیانی پڕ شکست دەردەبڕم. سەرۆکی کۆماندۆ ووتی: دەتوانم ناوی بەڕێزتان بزانم؟ ووتم بەڵێ، لاپەڕەی یەکەمی پاسپۆرتەکەم نیشان دا کە ناوو ناونیشان و ئەدرێس و ژمارەی خوودیی منی لەسەر بوو. پاشان لاپەڕەکەی بەرامبەریشیم نیشان داکە بەخەتی خۆم لێم نووسیبوو: من کۆیلە نییم، بەڵکوو ئازادم. ووتی زۆر باشە پاش کەمێک کەسانێکی تر دێن بۆ یاریدەت. هێندەی یەکوو دوو ، دوو پۆلیسی موڵکی هاتن بەرەو لام و سڵاویان لێ کردم و کارتی پۆلیسییان نیشان دام. ووتیان بەچی کارێک لێرەدا چاەڕوانی دەکەیت، بیستمان ووتووتە کە چاوپێکەوتنت هەیە لەگەڵ مەلیکدا. ووتم نەخێر ئەمە هەڵەیە، چوونکە من نەمتوانییوە چاوپێکەوتن لەگەڵ جەنابی بەڕێزی مەلیک سازبکەم، بەڵام مێدیام ئاگادار کردووە کە نیازمە پاسپۆرتە نەرویجییەکەم بگێڕمەوە بۆ مەلیکی ووڵات. یەکێکیان ووتی: بۆ؟ ووتم : چوونکە توانای هاوژیانییم سست بووە. هەست دەکەم دەچەوسێمەوە. ووتیان کارت هەیە؟ ووتم نەخێر دوێنی خاوەن کار لەبەر نیشاندانی ویستی گەڕانەوەم لەکار دەری کردم.

هەردوو پۆلیسەکە لەمن بەهێزترو باڵابەرزتر بوون. چوارشانەو بەڕێزیش بوون، دەیانتوانی من بە گوێ هەڵبگرن، بەڵام ئاخاوتنی دڵنیام ڕێزی منی لای ئەوان زیاتر کرد، چوونکە بەر لەهاتنیان من دەلەرزییم لە سەرمادا، بەڵام لەکاتی ئاخاوتندا هەستیان کرد چییدی نالەرزم. ئەوی لای چەپمەوە کە زیاتر لەگەڵمدا دووا ووتی: ئێمە لێپرسراوی وەرگرتنی نامەین، هەر نامەیەک بێت بۆ کۆشک، چاودێری پۆست ڕاستەوخۆ دێت و دەیگەیەنێت بە ئێمە. چوونکە خودی مەلیک مامەڵەکەری داواکارییەکانی تۆ نییە. ئەو ئەو کاتەی نییە. ووتم، من دەمەوێت نامەکەم بە دەستی ئەو بگات، هەروەها گەر نیازم ئێوە بوایە، ئەوا دەمتوانی پەیوەندیتان پێوە بکەم و بە ئێوەی بگەیەنم. بەڵام من کاتێک کە ناسنامەی ووڵاتی ئێوەم وەرگرتووە، بە ڕەزامەندیی و بڕیاری مەلیک ئەو کارە ڕوویداوە. بۆیە بە ئەرکی سەر شانمی دەزانم بیگێڕمەوە بۆ بەڕێزی. یەکەمیان ووتی: ئایا کارتی خۆناساندنت پێیە، ووتم بەڵێ. کارتەکەم لە گیرفانم دەرهێناو دامە دەستی ئەویان کە لای ڕاستمەوە وەستابوو. بەدەم تەماشا و تۆماری ناومەوە داوای ناونیشانی لێکردم، منیش ناونیشانی خۆمم بەو دا. پاشان ووتیان ئەی دەتوانی پێمان بڵێیت ئەو زەرفەی دەستت چیی تیایە؟ ووتم بەڵێ نووسراوو کتێبێکی خوێندنەوەی تیایە. یەکەمیان ووتی: ئایا دەتوانیین دڵنیا بیین لەوەی کە پاش نامە خستنە ناو پۆستەوە، کارت بێرەوە نامێنێت و دەڕۆیت؟ ووتم: کارێکی لەوە زیاترم نییە. ووتیان زۆر باشە سەرکەوتوو بییت. ووتم : سوپاستان دەکەم. ئەوان ڕۆیشتن و منیش وەرچەرخام بە نیازی تەماشای دەورووبەر. سەیرێکی کاتژمێرەکەم کرد کات یەکوو چل و سێ خولەک بوو.تێگەیشتم کە هەندێک لە ئەندامی ڕۆژنامەگەری لەو ناوەدان، بەڵام پەیوەندیم پێوە ناکەن... چوونکە کاتێک بە پۆلیسەکانم ووت مێدیام ئاگادارکردووەو چاوەڕوانی ئەوەم

کاتژمێر دوو نامەکەم بهاوێژمە پۆستەوە، ئەوان هەردووکیان وورده ترسێک و هەڵوێستەیەکیان کرد و بەلای چەپی خۆیاندا نادڵنیا تەماشایەکی پەلەی پارکەکەی دەستی چەپمیان کرد ، کە هەندێک خەڵک پەرت وبڵاو لەو ناوە بوون.

ترسم شکا چوونکە تیگەییم کە مێدیا هیچی بۆ تێنەچاندبووم... بەڵام ئەگەر بهاتایەو فرسەتم بقۆستایەتەوە، دەمتوانی بڵێم بەڵێ من کاتم وەرگرتووە بۆ بینینی مەلیک، دەشیا ئەو فرسەتەم چنگ کەوتبا! بەڵام بەرگی بەرم وەها نەبوو کە ڕووم بێت خۆم نیشانی مەلیک بدەم. چوونکە ئەو بەرگە سپییەی لەبەرمدا بوو، بەرگێکی تەلیسماوییەو تەنها خۆم هەستی پێ دەکەم ، کەسانی تر ناتوانن بە چاوانی من ـ من ببینن! بۆیە چاتر وایە ڕێگە بۆ خوێنەر خۆش بکەم تا بتوانن وەک چۆن من خۆم لەم ووشانەدا دەبینم؛ ئەوانیش وەها هاوگیانم بن و بمبینن.

بە هێمنی و کاوەخۆ، دڵنیاو سەربەرز... ئازاو بە مەبەست، بە شێوەی خاوتر لە هەنگاوی سەربازە چاودێرەکانی کۆشک؛ هەنگاوم نا بەرەو گاردە چاوشینە پرچ زەردە کیژۆڵەکەو شیعرەکەی گۆرانی شاعیری نەمرم کەوتەوە یاد. کە دەفەرمووێت: ئەی قژ زەرد، ئەی بەژن و باڵا کەڵەگەت! بۆ واکز ڕاوەستاوی بەرامبەری من؟ بۆ دەستت ناوەتە نێو چەنەی خەفەت! بەڵام تفەنگەکەی شانی دەستڕێژێکی لە گیانم کرد و کۆترەکانی ئاشتیی ڕاپەڕاند. فەرمووی من ئاشتی پەروەرم.

کەگەیشتمە بەر دەمی گاردی خوێن سارد، خەندەیەک لە لێوەکانی ترازاو کۆترەکانمی هەڵنیشاندەوە. فەرمووی: بەڕێز، بەچی دەتوانم یارمەتیت بدەم. فەرمووم : بە وەڵامی پرسیارێک. گوێی بۆ شلکردم،، منیش بە ئەسپایی و هێمن تر لەناخی زەریاکان فەرمووم: ئایا ئەم پۆستە بە دەستی جەنابی مەلیک دەگات یان پۆلیس دەیبات؟ فەرمووی: بەڵێ، دڵنیات دەکەم کە هەرنامەیەک بخرێتە ئەو پۆستەوە، بە شانازییەوە دوو گارد دێن و دەیبەن بۆ ئامادەسازی بەڕێز خودی مەلیک. منیش بەرەو پۆستی ئاوێزان بە دەرگای شیش بەنددا چووم و نامەکەم لەگەڵ پاسپۆرت هاویشتە ناو. پاشان بەرەو لای گەڕامەوە کە چوار هەنگاو لێمەوە دوور بوو؛ فەرمووم سوپاس، چاودێرییەکی خۆش و ڕۆژێکی شاد.

شەرم گرتمی کە ویستم ڕووی خۆم لەو جوانە وەرگێڕم... چوونکە دەبوو بەپێی دابی حەزرەتی نوح ڕوومەتم بەر ڕوومەتی بکەوتایە، تا فێری هەستکردن بە هاوڕێیەتی بێت،

لەگەڵ ئاشتیی خوشکم و ئافرەتانی چەوساوەی مەملەکەتما! بەڵام کەلتووری ئەو نەبوو ڕێگە بە من بدات هاوڕێیانە بەڕێ بکەوم یان پشت بکەمە گەردوونێکی تر. بەڵام من بە خەیاڵ ماچم کردوو هەر بەخەیاڵیش داوای لێبووردنم لەو کرد کە پارەی کڕینی چەپکە گوڵێکم نەبوو بۆ ماڵی مەلیک، بۆ هاوسەرو منداڵەکانی! هەستم بە شەرمەزاری کرد، هەستم بە کەمی کرد و فرمێسکێک لە هەردوو چاوما قەتیس ما ! لەو کاتەدا بوو، بینییم تیشکی خۆر چەندین چەپک تیشکی گوڵ شێوەی ئەلەکترۆنیی لەسەر چڵی درەختەکانی باخچەی کۆشک دادەناو یاریی بە دیکۆری تۆپە تیشکئاساکان دەکرد لەسەر چڵ و پۆپی دارەکان... خۆر لە منی پرسی: حەز دەکەیت چڵەکان بێ گەڵابن؟ یان گەڵایان لەدەور بێت؟ دەتەوێ ڕەنگی گەڵاکان چۆن بێت؟ زەرد یان سوور؟ یان پرتەقاڵی؟ لە خەیاڵمدا بە تیشکی خۆرم فەرموو: من خۆم بە گەڵا سپییەکانی ناو دەروونی خۆم ئەو تیشکانە دیکۆر دەکەم، چوونکە حەز دەکەم بەو هەموو تەختەو قەیدو بزمارو خاچانە دیکۆریان دەکەم کە مەسیحیان پێ پێ بەست و دەست بەست کرد. من ئەو گوڵە تیشک بەخشەی بەڕێزتان بە خوێنی مەییوی مەسیح بۆ دەڕازێنمەوە. لێی دەنووسم ئەم چەپکە پەیامە پەیامی منە، پێشکەش بە خواوەندی گەلی نەرویجی دەکەم. خۆر فەرمووی: سەرپشک بە، خۆت دەزانیت چۆن جوانی دەهۆنیتەوە.

بە سەر فەرشی لمی مەیدانی کۆشکا بەرەو لاڕێ گەڕامەوە. جگەرەیەکم داگیرساند؛ کاتێ کە دوای بیستویەک هەنگاو جگەرەیەکم پێکرد. هەستم کرد بەم زووانە بەڕێزی مەلیک نامە ماندووە خەمۆکێکەی منی پێ دەگات... شازادە سەر بۆ مەلیک و مەلەک دادەنەوێنێت و بە هەستی پڕی بەزەیی، نامەکەم بۆ بەڕێزی مەلیک دەخوێنێتەوە. مەلیک و مەلەک و مالک، واتە

کوڕی مەلیک؛ گوێ بیستی مەلەکزادەن. ئەوسا پاش تەواو بوونی خوێندنەوەی دەقی نامەکەم؛ گشتیان کەمێک بێدەنگ دەبن. سەری ڕێز بۆ ئازارەکانم دادەنەوێنن و هەر یەکەیان بەجۆرێک لە باخچەی ووشەکانی مندا بەدوای پەپوولەکانی مندا ڕاناکەن! دانیشتوون و تەماشای ئەو هەموو پەپوولە مەسیح و ماریاو مندالّ و ژنانە دەکەن کە شکست و داماوو ماندوو، سپی سپی لە دەروونی ووشەکانی مندا ڕاکشاون،، هەندێکیان زیندوون، هەندێکیان نووستوون، زۆربەیان لە ئەندێشەدا متن. چوونکە من لە نامەکەمدا دەفەرمووم بیانبینن. من توانییم هەموو ئەم پەپوولانەی ئاشتی لە باوەڕی مەسیحەوە، لە خەوەکانی ماریاوە بهێنمە ژیانەوە. من توانییم دەست بەرم بۆ بەزەیی خواکان و پێیان بفەرمووم ئاوڕێک لە میللەتەکەم بداتەوە.

هەستم کرد وەک تیشکی خۆر ئازاد دەچمە ناو کۆشکەوەو منیش بۆ یەکەم جار بەشداریی بیستنی دەنگی شازادە دەکەم... بە خەیالّ وامکرد. دانیشتم گوێم لە هەناسەکانی حەزرەتی مارتا گرت.

بەڵام زیاتر لە گشتیان مەلیکی بەڕێز دڵی کوولایەوە، فەرمووی ئەمە نامەی کێیە؟ ووتیان مرۆڤێکی کورد کە دەڵێن گوایە بانگهێشتی ئەوە دەکات کە حەزرەتی نوحە! هاوڕێکانی تۆمەتی شێتیی دەخەنە پاڵ! فەرمووی چۆن؟ ئایا بیستووتانە لە داستانەکاندا کە کەسیک دێت سەری لە ئاسمان و پاکانی لە زەمیینە؟ هەموو گوێ قوڵاغ دەبن. بەڕێز مەلیک برەو بە داستانەکە دەدات،، دەفەرمووێت: بەڵێ ڕۆلەکانم، غەیبناسەکان باسی هاتنی کەسێک دەکەن کە کەس نازانێت ناوی چیەو چۆنە، دەڵێن دێت و داوای پاسپۆرتی سپیمان لێدەکات. ئێمەش مەحکوومی دەکەین بە شێتی، وەک چۆن پێشتر وەهامان کرد

بەرامبەر بە باپیرانمان. بەڵام ئەو هاتووەو کێشەکانی (فۆرنووفت)= ڕەزامەندێتی چارە سەر دەکات. ئەو هێندە زانا نییە کە نەزانێت چی دەڵێت، چوونکە ئەو قسان ناکات. ئەو نادوێت، بەڵکوو تووڕە دەبێت و فەرموودەکانی تووڕە دەردەبڕێت... بە تایبەتی لە کاتی جەنگ و بریندار بوونیدا. بەڵام ئەو ووشەکانی لە تەماشای بزەی سەرلێوی فریشتەکانی ئێمە دروست دەکات، ئەو لە ئێمەیەو ئێمەیش لەوییین، چوونکە ڕاستە کە کەسێک دێت ئەگەر نوحیش نەبێت، دەبێت بەو. چوونکە ئەو تواناو هونەرو سەلیقەی هارمۆنیی پێیە. دەڵێن کە دێت، ملیۆنەها مێرووولەی سپیی پیرۆز لە مێشکییدا سەمفۆنیا و بووق و جووق و جووزەلەو زووڕنا لێدەدەن... ئەو لەحەشری شەڕەکانتان شەکەت و ماندووە... دەشێت کە هات بمرێت! یان وون بێت، یان بەر هەڵمەتی دێوەکان بکەوێت! ئاگاتان لێی بێت، ئەوە ئەوە، خۆیەتی لێتان تێک نەچێت. لە بیرتان نەچێت ڕۆڵەکانم چەرخەکانی ڕۆژگار دووپات دەچەرخێت، ئەمە ڕاستییەکە کە مرۆڤ دووبارە دەبێتەوە لە باوەڕ و ئازادییدا. مرۆڤی ئازاد نامرێت.

کۆشک پڕ بوو لە چەپڵە... منیش بە شەقامە ڕۆشنەکانی تیشکا بەرەو دواوە، بەرەو بازاڕ و تەماشاکانی خۆم قۆڵم کردە قۆڵی شازادەکانی فەنتازی و بەرەو ڕووی ماڵی گەل بەڕێ کەوتم،، بەڵام بە مەبەستی ئەوێ نا! جگەرەکەم زوو تەواو بوو، جگەرەیەکی تریشم پێکرد. تەماشایەکی کۆشکەکەیانم کرد، بەوێدا تێپەڕیبووم پێشتر. بەرەو خوار چووم... هەستم بە ئازادی دەکرد، گەرچی تەگەرەم هێنایە ڕێگەی خۆم! چونکە من هێشتا بڕیاری تەوای گەڕانەوەم ئاشکرا نەبوو... نا، بەڵام من دەمویست مێدیا فێری بانگهێشت بکەم، تا جیهان چاوی لێ بێت من چی دەڵێم و چی دەکەم. دەمویست باسی پرۆژەی ئازاد

بوونی مەملەکەتی کوردوستان بکەم... باسی نەوەی نوح. واتە نەوەی خۆم.

لەهەر هەنگاوێکدا کە هەڵمدەهێنا سوور بوونێک هانی دەدام، لە ڕۆژگارێکدا خۆمم دەدی سەیر! هەستم بە تەنهایی دەکرد لە ساردبوونەوەی باوەڕی میللەتان و لە سست بوونی ویستییان. هەستم دەکرد لە ئازدیی خۆمدا لەنگەرم گرتووە. زۆری پێ نەچوو تا گەڕامەوە ناو کەشتییەکەم. بەرەو ئۆسگۆرد کەشتییەکەم بەهامان ڕێگەدا واژۆشتەوە بەرەو ئۆسگۆرد. هەستم دەکرد ئەگەر بێت و غەدر لەمن بکرێت، ئەوا دەشێت بوونەوەر بتەزێت، یان ئاسمان بڕوخێت، یان دەشێت بمرم! هەستم دەکرد ئازادییەکانم لە خوودی خۆم زیندووترن.

کاتێک لە کۆشک لامدا... کاتێک کە قەلەڕەشکەکان پێکەوە فەرمووی قاژەیان لێهەستا؛ بە توولە ڕێگایەکی هەمان ڕێگەی ڕۆشنندا، بە سانت ئوولافدا گیانی خۆمم نارد بۆ گەڕان بە دوای حەزرەتی لووقماندا. ئەو بە قسەی ئاسۆ تووتی لە شەقامێک دەژیا کە ناوی ڤالدەمار تێراسسە – ژمارە سێکس بوو، بە زمانی نەرویجی... کە گیانم وەک سەردەمی لاویی زەمانی زووم، وەک هەیبەتێکی پیری هەرزەکار لە دۆخی نوح هاتمە دەرێ و خۆمم گۆڕی بە پێغەمبەر دانیال... ئەوسا لە دێوێکی ڕەشم پرسی. دێوێک کە خۆی گەمارۆ دابوو بە پێستی بەراز. وای زانی دەیەوێت لەگەڵیدا جووت بم. کە لێیم پرسی: ببوورە خانمی بەڕێز؛ ئەرێ زەحمەت نەبێت، گەر کاتت هەیە، من لە ناونیشانێک دەگەڕێم... بە دوای ژمارەی سێکس دا دەگەڕێم! ئایا دەزانییت ئەو ژمارەیە دەکەوێتە چی ئاستێکی بوونەوەرەوە، یان ئەم شەقامەوە؟ بە زمانێکی ترساوو پڕ لە گوومان و پێشداوەریی هەڵە ووتی: نەخێر تۆ بۆت نییە سێکس لەمن داوا بکەیت! منیش بە تیلەی چاوەکانی دانیال، کە تەماشا لە ئەستەری کەنیزەکی کۆشکمەوەفێر بووبووم؛ فەرمووم: من، بەدوای هاوڕێیەکدا دەگەڕێم. ووتی: ئاخر من تۆم ناوێت. فەرمووم: ئەی حەزرەتی دێو، من هەرگیز بە هەڵەدا ناچم، من ئازادیی هیچ کەسێک ناشێوێنم، بەڵام بە هەڵە داوەری ناکەم. ووتی: من کانت و هیگل و سپینۆزاو مارکس و سارتەرم لەبەرە. فەرمووم: تۆ هیچ لە دابی پێغەمبەرەکانتان تێنەگەیشتووی، چوونکە زانست کردووتی بە دێو. منیش هاتووم لە دڵی دێوەکاندا فریشتەکان لەخەو هەستێنم. هاتووم پەیامی

خواکان و پێغەمبەرەکانتانم پێیە. چۆن بەچی حەقێک واز لە ڕەسەنایەتیی باوانتان دەهێنن؟ دەمەوێت بچم پرسێ بە هاوڕێ حەزرەتی لووقمان بکەم. ئافرەتە دەڵە دێوەکە ووتی: من هیچ لە مەبەستت ناگەم تۆ گوناهکارو گوومڕای. منیش دوای باکان کەوتم،، پاش ڕۆژانێک کەووتم کە لووقمانم تیا دییبوو! سەردەمی هەرزەکاریمان.

کاتێک دەرئەنجام حەزرەتی لووقمانم بینی، کاتێک دەرگاکەی لێ کردمەوە، بینییم تەنهایی وەک دەڵە دێوێکی قووزبۆگەن لە ماڵەکەی ئەودا دەگەڕاو تووڕە دەبوو و قەپاڵی لە خۆی دەگرت و هار دەبوو لە خۆڕایی. دێوێکی بۆگەن و پیس و پڕ لە ئەسپێ بوو. کە لووقمانم لەو دۆخەدا بینی فەرمووم، ئەم دێوە چییە ڕات گرتووە؟ فەرمووی: گەورەی بەڕێز من دەزانم کە تۆ ئازادیت و پەیامی ئازادییت جوانە، چوونکە تۆ هونەرمەندی ئازادییت. منیش ناوی عەبدیان لێناوم، لووقمانی حەکییم. من دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ لای میللەت و کەسی حەکییم، تا بزانم بۆچی ئەو ناوەیان لەمن ناوە!فەرمووی: من و تۆ نابیین بە هاوڕێ، بەڵام من ڕێزێکی هەمیشەییم بۆ تۆ هەیە. فەرمووم: بەڕێز هاوڕێ، جارانی هەرزەکاریت لە بیر دێت چەند زاناو دڵدارو بیرەوەر بوویت؟ فەرمووی: جەهەننەم ئەو تەمەنەی خواردیین... نەبوونی و قاتووقڕی لە ئێستا خراپتر دەستی بەسەر هەردووکماندا گرتبوو... سەردەمی لاویمان بەعس و ئیسلام وتەتەر و مەغۆل کردیان بە جەهەننەمی خۆیان. لاویمان تەنها پڕ بوو لە پاراستنی لاشەکان و تەرمی فریشتە ترساوەکانی سەردەمی منداڵیمان. فەرمووم: ئێستاش دەبێت ئەو فریشتانە دەربهێنیین، وەک گوولە بیتەقێنیین بە ڕووخساری خەڵکی جیهانداو پێیان بڵێین: ئێمە لێتان تووڕە دەبیین. ئێوە لە تووڕە بوونی پێغەمبەرەکانتان ناترسن؟! ئەرێ خەڵکیینە ئێوە کەرن؟

چۆن وا بێ ڕێز نەوەکانی من ڕەفتار لەگەڵ ئێمەدا دەکەن؟ حەزرەتی لووقمان فەرمووی: ڕێگەت نادەن. چوونکە بە سەیارە لەمنیان دا، دووجاریش لێیان داوم و خوێنیان لێ هێناوم... هاودەمیان فێر کرد من داوەت بکات بۆ شەڕە جنێو، هێندە جنێوی سووکی پێ دام حەیاو شەرەفی بردم! کاک سەربەست، حەزرەتی نوح و دانیال واز بێنە با سەر نەکەنە سەر تۆش، دوایی هاودەمت بۆ دەنێرن تۆش تەمبێ بکات. فەرمووم: ئەو حەقێتی، چوونکە دێوەکان دڵی دایکی ئەویان بە ئاگر برژاندو خواردیان. ئەویش ئاگای لە هیچ نەبوو، وەک منداڵێکی بێ نەوا دەیویست بچێتە ناو باوەشی دایکی ئاگرگرتووی تا قوومێک شیر بمژێت. دایکی خۆی دەبینی و باوەڕی نەدەکرد! دەیویست بچێتە باوەشی دایکی... دێوەکانیشی دەدی، بەڵام نەدەترسا هاودەم. لووقمان فەرمووی: باسی حاجی لەقلەق بۆ هاودەم مەکە. ئەو حاجی لەقلەقێکی دێوی هەیە، وا دەزانێت دایکی لەو دەچوو! ناهەقی مەگرە، چوونکە دێوەکان کە ئەویان گڕ تێبەردا؛ هاودەم چاوی لێیان بوو. دێوەکانی لەبیر ماوە ئەو داماوە. هاودەم منداڵیی خۆی لەو کاتەوە لەبیرە. دەزانێت دێو چییە، خێو چییە؟ دەزانێت جنۆکە و فریشتەو جوانی چییە، بەڵام حەز دەکات هەڵە بکات. هەڵە لە کردەوەکانی نابینی؟ فەرمووم با! بەڵام ئەو وا خەریکە باوەڕ بە من و تۆ دەهێنێت. بگرە باوەڕیشی پێمانە. چوونکە من دەیبینم ڕێزم لێدەگرێت. هاتۆتەماڵەکەشم، بەڵام کەمێک دەترسێت، دەڵێ نەکا نوح دڵی پیس بێت، بۆیە نایەت بۆ ماڵم.

کاتێک کە حەزرەتی لووقمان یادی هێنامەوە کە خوێنیان لێ هێناوە دێوەکان، فەرمووی: نازانم کێ بوو! بۆیە لەو کاتەوە کە دێوەکان خوێنیان لێ هێنام، لەو کاتەوە کە لێیان دام بە سەیارە، تووشی شکست و نەخۆشی بووم. وازم لە هونەر هێنا. چوونکە

هونەرمەند کەسێکە کەس لێی نادات. چوونکە ئەوەی پەیامی هونەرو ئازادیی پێیە نابێت کەس هێندە بوێر بێت خوێن لەو بهێنێت. بۆیە دەبێت کە هونەرمەند لێدانی خواردو خوێنی لێ هێنرا، واز لە کارە هونەرییەکانی بهێنێت. چوونکە خوێن خراپە لە عەقیدەی مندا لە مرۆڤی هونەرمەند بێت. چوونکە خواوەندی من وا دەڵێت، وا دەفەرموێت:وەک هونەرمەند؛ ئەگەر ڕقئەستوور خوێنی لێ هێنای دوور کەوەرەوە لە هونەر، گەر نەتتوانی، هونەر بنێرە ناو تەنەکەی خۆڵەکەوە. چوونکە تەنها مرۆڤی خاوەن کەرامەت و هەستی ئازادی دەتوانێت هونەرمەند بیت. ببوورە کاک سەربەست من هونەرمەند نیم، بۆیە ڕوومەتی خۆمم نەدا پێت، کاتێک وەژوور کەوتی.

کاتێک لووقمانم بینی منی لە بیر ماوە، پێم خۆش بوو... بینییم داتەپیوە. بینییم تەنهایی وەک سەگێکی گەڕی ئاڵۆش گرتوو لە ماڵەکەیدا جەراعەتی دەردەدا. فەرمووی: بەڕێز من چاوەڕێی سەفەری گەڕانەوەم. من هێشتا تەسکەرەی نەرویجیم وەرنەگرتووە! تۆ نەرویجییت؟ فەرمووم نا، من بەر لەتاوێک پاسپۆرتەکەم بۆ گەڕاندنەوە. من لە ماڵی مەلیک بووم، تا پاسپۆرتەکەم بگێڕمەوە. چوونکە منیش نیازی گەڕانەوەم هەیە. فەرمووی: من دەیان ساڵە چاوەڕیم. فەرمووم: بەوە خۆیان بە لەعنەت دەکەن. چوونکە ئەم ووڵاتە بێ مێشکن، ناتوانن ڕێز و حورمەت لە بێگانە بگرن، بە بێگانە تەماشامان دەکەن. فەرمووم: من توورەم لێیان هێندەی باکان. چوونکە باکانیش توورەن. چوونکە تەبیعەت وەڕزە لە بەدکارییان. بەڵام بە ویستی حەزرەتی مەسیح داوای پاسپۆرتی سپییم لەوان کردووە، گەر بۆمی دروست بکەن، ئەوا من بەرەو ئازادی یەکانی خۆم دەگەڕێمەوە. ئەگەر تۆش لە باوەڕدارانی دوام دەکەویت. بەڵام حەزرەتی لووقمانی حەکیم دەشێت تۆ گومڕاو هیلاک و پیر

بووبیت، دەنا بەدوای مندا دەهاتیت. چوونکە منیش نیازی گەڕانەوە یان دابەزینم هەیە. کەشتییەکەم داگیر کراوە لە وولاتی نەرویج. هێشتا لە یادیان نەماوە کە بەر لە سێ و نیو هەزار ساڵ خاوەن کەشتییەکی سپی بووم... کە کەشتییەکەم تەواو بوو، ئامادە بووم بۆ سەفەر، بەر لەوەی لافاو هەستێت، کۆمەڵێک دیوی زرێ پۆشی قۆچدار خۆیان خزاندە ناو کەشتی و بۆڕاندیان کە باوەڕیان بە منی نوح هەیە. منیش پشتم لەوان بوو، بەر لەوەی فەرموویان لێ بکەم بە تەور دایان پاچییم... بۆیە ڕاستەوخۆ باران بوو بە تۆفان... ئەوانیشی قڕ کرد. بۆیە کەشتییەکەم سپی سپی کردبوو، تا خواکان ڕەنگی کەشتییەکەم لەناو دووکەڵدا بناسنەوە. تۆ ئەو داستانەت لەیاد نایەت.

حەزرەتی لووقمان داتەپیبوو... بەوم فەرموو: من هەمیشە چاوم لێتە، لێم مەترسە چوونکە من هەمیشە هاوڕێتم، بمبوورە کە هەمیشە وەک برا بچکۆلە ڕێزمگرتوویت، منیش لێت تووڕە بووم. جا لە هاودەمیش ببوورە. ووتی خۆ ئاسۆ تووتی لەو چاترە، وانییە؟ ئەم پرسیارەی بە گوومانەوە لێ کردم. منیش هیچم نەوت. ووتم با ئاسۆ تووتیی هاوڕێمان دڵ لە دڵ نەدات، بەڵام با کارتەکانی خۆی ستۆک بکات. با بزانێت کە دێو هەیە، ڕەشمارو سەگ و بەرازو بەراز خۆریش هەن. بەڵام پیاو دەبێت باوەڕی بە خۆی هەبێت.

ئەوم بینی هەرەسی هێنابوو لە چاوەڕوانی سەفەردا، دەستیمگرت و پێم فەرموو: منیش دەگەڕێمەوە، من لە شەری دێوەکان بوومەتەوە، نیازمەندم ئەگەر خۆشم نەتوانم، ئەوا تەرمەکەم دەبێت بگەڕێتەوە بۆ زاگرۆس. من دێوەکانم سڕ کردووەو گشتیانم لغاو کردووە. من وەک تۆ ترسنۆک نییم. من ئازادیم لە نەعرەتەی دێوەکانی مەلیک گەورەترە. من شکۆی

پێغەمبەرەکانیانم کێ دەتوانێ شوخت بکاتە کەرامەتی من؟ فەرمووی: ئازادی وەک تۆ دەدوێت. بۆیە زۆر لای حەزرەتی میرزا نەمامەوە، ئەو فەرمووی: تۆ زۆر بەهێزیت لە بەگژدا چوونی دێوەکان، دەنا تۆ هێندەی بنی زەریا قووڵ و ئارام و هێمنیت. من هەمیشە باوەڕم بە هونەرو بە ئازادیی تۆ هەبووە. بەڵام دەبێ ببووریت کە من ناتوانم هاوڕێی تۆ بم. چوونکە من عەبدم،، واتە لووقمانی حەکییم. من چاوەڕێم بگەڕیمەوە ناو کەسەکانم، چوونکە کە حەزرەتی لووقمان ڕێگەی نەدرا ئەولادی هەبێت، ئەوا نیشانەکانی شەر و زاڵبوونی شەڕ سەر هەڵدەدات، من منداڵم نییە. ناتوانم ئامۆژگاریی منداڵەکانم بکەم. فەرمووم: بێ گوومان بە کە حەزرەتی لووقمانی حەکییم منداڵی هەیە. منداڵەکانت زۆرن، دەزانم تۆ لەم کونجەدا کە ئاسمانت لێوە دیارە، دانیشتووی بە چپە ئامۆژگاریی منداڵەکانت دەکەیت. پێی خۆش بوو، فەرمووی: ئەرێ سەربەست تۆ چەند منداڵت هەیە؟ فەرمووم: دوان، نا سیان چوونکە کچێکی لەبار براویشم هەیە، دوو کوڕی زیندوو و چاپووک و ژیریشم هەیە،، یەکەمیان مۆسیقای ناوە، دووەم هونەر. ئەوان لە داڤیدو ئیلیاس دەچن. ئیلیاسی خاوەن عەرەبانەی ئاگر. کە شەوان لە خەویا دەچێت بۆ لای خوا. ئەمشەو قامچییەکەی توند وەشاند، بەر ڕوومەتی خۆی کەوت، بەوم فەرموو: نەرم قامچی بووەشێنە، دەنا خۆت زامدار دەکەی. تەماشای دەکردم، دەیگووت ئای باوکم چەند مەزنە، کتێبی پەیامی خواکانی تەواو کرد!

لووقمان چەندین جار خەندا، پاشان بەڕێی کردم، سەدو یەک هەنگاو لەگەڵمدا هات... ئەگەر بهاتایەو کەشتییەکەی ببینیمایە، سوار دەبوو. بەڵام من گیانم بۆ لای ئەو ناردبوو. دەنا لەگەڵمدا دەهات، دەهاتە ناو کەشتییەکەمەوە.

ئێوارە درەنگانێ گەیشتمەوە ئۆسگۆردوو لە کەشتییەکەم دابەزیم. زۆر ماندوو بووم بە بینینی حەزرەتی لووقمان، بە سەفەر بۆ کۆشکی مەلیک، بە ناردنەوەی پاسپۆرتەکەم. یادم هاتەوە، ئاسۆ تووتی گۆتەنی: کەس بە خەیاڵی گونیا نایەت تا وەڵامی ئێمە بداتەوە، چوونکە لێرە وایە، ناتوانی داوای یاریدە لە دوژمن بکەیت. منیش بەو دەڵێم، من خاوەنی دوژمن نییم، من کێشەم لەگەڵ دێوەکانیان هەیە، دەنا مرۆڤەکانیان دەبینم جوانن. ئەوان ئەرکی پێدانی پاسپۆرتی سپیمان لە ئەستۆ دەگرن ... من گومڕا نییم دەرهەق بە مووراليزم ولۆژیک. بەم بیرانەوە گەڕامەوە ناو کەشتییەکەم و بەرەو کەنارەکانی ئۆسگۆرد. بینییم پیرۆز لە خەو هەستاوە و زیندوو بۆتەوە. منداڵەکانیش نووستوون لە نهۆمی حەوتەمدا! نەمزانی چۆن هاتبوونە ژوورەوە! ئا، وەک فەرمووم گیانم لای حەزرەتی لووقمان مابووەوە، کەمێک دوای هاتنەوەی لەشی مردووم گەڕایەوە، دەشێت لەو نێوانە کاتییەدا بووبێت ئەوان گەڕابێتنەوە ناو کەشتییەکەم. چوونکە مۆسیقاو هونەر لە قوتابخانە بوون... پیرۆزیش سەنسۆری گوولە تۆپ وکارتی ماددەی هەستیاری ساز دەکرد، بۆیە لای من بەر لەعنەتی خوا کەوتبوو، باوەڕی بە من و فەرموودەکانم نییە. حەزی لە بیستنی داستانەکانم نییە،، هەمیشە کنە کن، پەیامی دێوو، خێوو شەتیان دەخاتە بەر دەمم. منیش لێی تووڕە دەبم. بە تووڕە بوون. چوونکە هێندە لێی بووراوم کە چییدی ناتوانم لەپاڵیدا ڕاکشێم. چوونکە ئەو بۆگەنی کردووە... پڕە لە دابی بۆگەنی سەردەم و بچووک بوونەوەی قەبارەی خێر. ئەو وا دەزانێت، مرۆڤ دەبێت شایەتمان بە کەرامەتی دێو بهێنێت. منیش سزای دەدەم. بەوەی لەگەڵیدا نادوێم.

کاتێ سواری کەشتییەکەم بوومەوە، کاتێک کە لەنگەرم هەڵکێشایەوە و بای باشوور پێچەوانە بووەوە تا پاڵ بە چارۆکەکانی کەشتییەکەمەوە بنێت... کاتێک کە چوومەوە نهۆمی ژێرەوە بۆ نوێژ کردن؛ هەموو مەسیحەکان و ماریاکان ومێرووڵەکانی مەملەکەتی دەروونم هەستان لەبەرم و کردیان بە چەپڵە ڕێزان و سەماو سیمفۆنی و کۆراڵی ئامیین. گشتیان سروودی مەملەکەتی کوردوستانی یەکگرتوویان دەچڕی، منیش گریام. هێندە گریام تا بووم بە ڕووبارێکی تر بۆ تێر کردنی هەستی تیینووی ئیسرائیل. بیری چاوە گەشەکانی ئەستەر- م دەکرد لەسەرکار... ئەو کارەی کە بەر لە دوێنێ دۆڕاندم. هەستمکرد ئەستەر بیرم دەکات لەسەرکار. کەمێک دڵم تەنگ بوو. حەزم دەکرد لەناو کەشتییەکەمدا بوایە ئەویش!

پاشان چوومە نهۆمی حەوتەم؛ ژوورەکەی خۆم؛ چوومە خەونی باڵندەکانی ناو هێلانەکان. تەماشای تابلۆکانم کرد. ئاسمان بەرەو پرتەقاڵی دەچوو... منیش بیرم لای زاگرۆس بوو، بۆ زاگرۆس نوێژێکی دیکەم دابەست... لە ئاسمانەوە، فریشتەی چاوشین وقژ زەردو چاوڕەش و فریشتەکانی شەرق و غەرب

تەماشایان دەکردم. سەرەتاتکێیان لەگەڵدا دەکردمو، چاوشارکێیان بوو لە نێوان پەڵە هەورەکانەوە، لە ئاسمانی پەنجەرەی کەشتییەکەوە ئەوانم دەدییت.

تەماشای هەورەکان و ئاسمانەکانی دەرەوە و سەرەوەی کەشتییەکەمم دەکرد. ئەمجارەیان بەرەو دواوە نا، بەڵکوو بەرەو کەنارێکی چەپەرتری نادیار سەفەرم گرتە بەر و خۆم نایە ناو مشتی شەپۆلەکان و باکان. نەگەڕامەوە بۆ لای هونەرو مۆسیقاو پیرۆزی هاوسەرم. کەچی باکان بەویستی حەزرەتی لووقمان منیان هاژوشتەوە بۆ دوورگەی ئۆسگۆرد! ووتی ستەمە دابڕان لە کۆرپەکانت. گەر پێڕۆکە نەبوون. میرزا هێندە دەترسا لە ماڵەکەی خۆیدا، دەیگووت: ئەها کامێرایان لە ژوور سەرم داناوە! منیش دڵیم دەدایەوە... فەرمووم: ئەمە گەر ڕاستیش بێت درۆیە.

لەناو پەنجەرەی کەشتییەکەوە تەماشای فریشتەکانم دەکرد هەندێکیان لە ئەستەر دەچوون و دەهاتن یارییان لەگەڵ فریشتەی کچمدا دەکرد... منیش هەمان شێوە وەک منداڵ یاریم لەگەڵ ئەوان دەکرد. بە ئەسپایی دەچووینە ناو نهۆمی یەکەمەوەو مێرووله سپییەکانمان دەخستە سەر لەپی دەستمان و نوێژمان دەکرد پێکەوە. پێکەوە بە ڕاستگۆیی دەدواین و مرازەکانمان دەگۆڕییەوە. بەبێ ئەوەی وورتەمان لەدەم دەر بێت... ئازادیی ڕاگۆڕینەوەمان یەکسان بوو.

حەزم نەکرد لە کەناری ئاکابریگە بمێنمەوە، چوونکە ئافرەت و کچەجوانەکان هەندێکیان هەر خەریکی سەگ پەرستی و پشیلە پەرستی و مشک و باڵندە پەرستیین... سەریان لە جیهانی ئاژەڵ و باڵندەو ماسی شێواندووە! ئاخر خەڵکیینە، سەگ پێی شەرمە لەبەر دەمی کەرامەتی مرۆڤدا گوو بکات. داستانەکان دەڵێن

سەگ تەنها دەتوانێت لەبەر دەمی دێودا گوو بکات. سەگ ترسنۆک و هەلپەرستە، کە یەکەمجار مرۆڤ تووڕەبوو، سەگ لە تووڕەیی ئەو دەرپەڕی. بەڵێ، سەگ زادەی تووڕەییيەکانی مرۆڤە. مرۆڤی ئازادو مەزن نەک دێو پەرست. سەگ پێی شەرمە گوو لەبەر دەمی خاوەنەکەیدا بکات. بۆیە ئێوە هەمیشە زەرفەکانتان لەدەستەو ڕۆژ تا ئێوارێ چاوەڕێی گووی سەگن کۆی بکەنەوە. گەر ناشارەزایەک نەزانێت، وا تێدەگات کە گووی سەگ گەوهەرە لە نەرویج و مرۆڤ کاتێکی زۆرو مەیلێکی تایبەت بەکار دەبات بۆ کاری گرد کردنەوەی گووی سەگ.

لەبەر ئەوە تاقەتی ئەوانەم نەبوو، مەیلم نەبوو تەماشایان بکەم. چوونکە نە ئەوان شەرمیان دەرهەق بە مرۆڤ مابوو؛ نە مرۆڤەکان ڕێزیان بۆ سەگەکان مابوو! بۆیە بینینی دیمەنەکانی ناو کۆڵانەکانی پایتەخت ماندووم دەکەن. بۆیە زوو سواری کەشتییەکەم بوومەوە... چوونکە ئەو ئافرەتانەی بە سەگەکانیانەوە شانازی دەکەن، ئەوانەی لەبری هاوڕێ سەرگەرمی سەگن، کەسانێکن دوو دڵ و ترسۆ و داگیرکەر. حەزیان لە ژیاندا تۆقییوە... کەم لەوان گیانی هاوڕێیەتییان تیادا زیندووە. من نامەوێت لەگەڵما بدوێن، نامەوێت بیاندوێنم، نامەوێت تەماشایان بکەم. من حاشا لەوانە دەکەم کە ڕاگرتنی سەگ بۆ هاودەنگی دەکرن. یان بۆ ناجۆر بەکار بردن. بەڵام سەگ دەشێت بۆ کار بەکار بردن، یان پاس کردن، یان ڕاوکردن، یان ڕاگرتن... چوونکە مرۆڤ نابێت لەگەڵ سەگدا بژی. نابێت.

کاتێک ئاسمان تاریک داهات... کاتێک کە فریشەی کچم وفریشتەکان لە یاریی چاوشارکێ و قەڵاندۆشکان کەوتن...

منیش هەستم بە ماندوویی کرد... هەستم بە تەوژمی مەیلی بینینی هونەرو مۆسیقا کرد... چوونکە من ئامۆژگاریی ئەوانم وەها کردووە، کە مۆسیقا باوکی مۆسیقای کوڕمەو مۆسیقاش تەنها مۆسیقا دەپەرستێت. گەر بێت و بیری باوکی خۆی بکات، دەبێت تەنها مۆسیقا بژەنێت، دەنا باوکی سۆزی کەم دەبێتەوە بۆی. بە هونەریشم ڕاگەیاندووە کە باوکی ئەو هونەر دۆستە و هاوڕێی هونەرە، تەنها لە هونەردا دەتوانێت منی باوکی خۆی ببینێت، کاتێک باوکیان وون دەبێت یان نایەتەوە. بەڵام هێندە بیرم دەکردن نەبێتەوە، هەستم دەکرد سەدەیەکە بەجێم هێستوون نەک نییوە ڕۆژێک. ناچار لە دوورگەی ئۆسگۆرد تکام لە با کرد هێمن بێتەوە. پاشان ئەوان لە هەمان جێگەدا سواری کەشتییەکە بوونەوە؛ لەوێدا لەگەڵ پیرۆزی دایکیاندا چاوەڕێم بوون. کات تاریک بوو! وەها ئەوانم لەیاد بوو بە لەش! چوونکە گیانم هێشتا لەگەڵ حەزرەتی لووقماندا دانیشتبوو، یان تازە خواحافیزیی لەو کردبوو...

نووستیین... هەر کەسەو لە نهۆمی خۆی... بەڵام من بەخووی هەمیشەم لەکاتی نووستندا چاودێری دەکەم، بیر لە بوونەوەرەکان و گێتی و ژیان دەکەمەوە، بۆیە من کەم دەنووم و نییوەی شەوم دابەش کردووە بۆ هاوژیانی لەگەڵ ووشەکان، فەرموودەکان.

کاتێک کە شەکەتییم سپارد بە تاریکی، بە ئاستەم هەستام و چووم هونەرو مۆسیقام گەرم داپۆشییەوە، فریشتەشم لە باخەڵدا بوو... ئەو زۆر خۆش مشەی دەهات... دانیشتم مۆمێکم پێ کردوو، ئاوهەنگوینێکم کولاندو کەمێک بغووردی بۆنخۆشم داگیرساند کە پیرۆز بە دیاری بۆی هێنابووم لە بولغاستانەوە... دانیشتم پاش ئەوەی خۆمم پاک پاک شۆری و سەروڕیشم

تاشی... لەناو بەرگە ڕاستییەکەی خۆمدا، لە ناو سەڵتەوچۆغەی بلووریی سپییدا، لەناو ژووری نهۆمی حەوتەمی کەشتییەکەمدا لەتەک درەختە سپییەکەوە دانیشتم و پاڵم دا بەوەوە... ئەو درەختە دیاریی خوایە و لە دێرزەماندا خواوەند بە دیاری بەخشیی بە ئادەم وحەوا کاتێک لە گووناحەکانیان خۆش بوو. لەو سەردەمەوە من پارێزەری ئەو درەختەم، لەوەوە فێری هۆنیینەوەی خەون و داستان و سەرگوزووشتە دەبم... بۆیە شەوان ئێشک دەگرم. چوونکە ماسییە پرتەقاڵییەکانی ناوی، لەناو شارەگی درەختی زەمانی ناسکدا، لە ناو نوورێکی ڕۆشندا خوول دەخۆن و بەدوای خواکانی خۆیاندا دەگەڕێن. ماسییەکان لەناو لەشما، کە وەک شووشەی بلوورییني سپیی زێڕین دەدرەوشێنەوە، هێندە ناسک وڕوونە شووشەی دەروونی من؛ کە ماسییەکانی تیادا بە ڕوونی دەبینرێت. بیرم لە کەرامەتی بوونەوەر دەکردەوە. بیرم لە خۆزگەی دراوسێکانم، کە بیرم دەکەن، کە دەترسن لە دەرگام بدەن، کە ناوێرن ڕاستگۆیانە لەگەڵمدا بدوێن، کە سەگ دەکڕن، کە دەم دەنێنە ناو دەمی سەگ و بە دەستی چەپەڵ ماساجی مرۆڤە تەن درووستەکان دەکەن. چوونکە هاوسێکانم سەگ پەرستن، درۆ دەکەن، خۆیان ناشیرین و پیر دەکەن.

بیرم لەوە کردەوە نامەیەک بۆ دکتۆرەکەم بنووسم، چوونکە دەستەی زانایانی دەروون ناس وای بۆ دەچن کە منی چیرۆک خوان لەوەتەی خۆمم لێ بووە بە حەزرەتی نوح؛ پیرو پەککەوتەو لاواز بووم و کارەکانم بۆ بەڕێوە ناچێ! وا دەزانن من کەنەفت و سستم. ئەمەش سەرزەنشت و نشووستییە لە باوەڕی مندا... من هەر لەسەر هەمان بابەت گیانی خۆمم لە پیرۆز سەندەوە، ئەو لە باوەڕمدا مرد و کۆچی دوایی کرد. چوونکە من تەمبەڵ و پیرو کەنەفت نییم. من بیردۆزم، من کارم

تەماشاو بیستن و بینیین و ڕستنی چەمکە. من کارم هونەر و جیهان بینی و گەردوون بینییە... من کارم بەسەر ئەو دێوانەوە نییە کە هەڕەشەو گووڕەشەم لێدەکەن و دەڵێن: ئەگەر بە وویستی ئێمە نەکەیت، ئەوا هەردوو منداڵەکەت دەبەین بۆ خۆمان. فێری بەراز پەرستی و بەراز سیفەتییان دەکەین، دەیانکەین بە دووژمنت. منیش هەندێک جار بۆش دەدەم و ماوەیەک کارێکی بێگارییان بۆ دەکەم، گەرچی من کار ماندووم ناکات، ئەوان بە شتێک ڕازی دەکەم. پاشان دێمەوە ناو گەردوونی خۆم. بەڵام هەمیشە هەوڵ دەدەم دێوەکان واز لە سروشتی خۆیان بهێنن وکەمێک تەماشای فریشتەکانی دەروونم بکەن. ئەوان وا ناکەن.

چوومە نهۆمی حەوتەم... پراجەکتۆرەکانم داگیرساند، بەڕەنگی بەر لە ڕۆژهەڵات، ڕەنگی پرتەقاڵی... ڕووی گڵۆپێکم کردە ئاسمان و وێنەی ئاسمانێکی شینی نەخش کێشراوی سافی مانێم داگیرساند... پەردەکانم دادایەوە کە ئەوانیش وێنەی ژێرکراسەکەی فریدای دراوسێم شین و سپیی ئاسمانی بوون... ژوورەکەم پرتەقاڵی بوو... لەگەڵ پەردە شینە ئاسمانییەکان ڕەنگیان کەمێک تێکەڵی یەکتری بوو. خۆمم ڕووت و قووت کردەوە... تاماشای خۆمم کرد. پاش کەمێک گەڕان، هەموو ئەو خوایانەم بیینی کە ئەمڕۆ وەک و نەخش لە یادمدا کووترابوون... بەڵکو یادی منیان سمیببوو... یان ئەوان لەسەر لەشم وەک نەخش کووترابوون. ئەو جوانانەی کە سەگیان پێ نەبوو! کە نووسابوون بە لەشما؛ گەردی ئەلەکترۆنیی لەشیان. لە لەشم جیا بوونەوەو کەوتنە یاری کردن و سەماو گەڕان بەناو نهۆمی حەوتەمی کەشتییەکەمدا، سەرسووڕماو تەماشایان دەکردموو دەیانفەرموو: وواو!! ئەمە کێ ئەم دیکۆرو نەخشانەی کێشاوە؟ کێ ڕووناکیی بۆ ئێرە داناوە؟ ئایا ئەو

پەردانە ئاسمانن؟ ئایا ئاسمانەکانن وا ڕۆشن یان ڕووناکیی دەستکردن؟! بەسەر سووڕماوی تەماشایان دەکردوو واقیان دەسووڕما... منیش تەماشای کەرامەتی ئەوانم دەکرد، سەیری سەمای ووشەکان و حەرەکات و سەکەناتیانم دەکرد... سەیری بزەو خەندە و شەرم و لەدایک بوونی پرسیارەکانیان. پاشان گشتیان بەسەر لق وپۆپی درەختی زەماندا هەڵگەڕان و سەلارانە دانیشتن و دەستیان نایە ژێر چەنەیان... بیریان دەکردەوە ئاخۆ من باسی چییان بۆ دەکەم! باسی داستانی چل تووتی و ڕۆستەم و زۆراب و مەم وزین، خەج وکاکە مەم؟ یان باسی نالی و دڵدارو فانی وبێسارانی! یان باسی گەردوونەکانی قووڵایی گیانی مرۆڤی باڵا؟ نەیاندەزانی چی بپرسن! منیش تەماشام دەکردن، وێنەی خەیاڵەکانیانم دەکێشا وەک چۆن سیزان تەماشای سێوەکانی دەکرد... ئاوەها بە فڵچەکانی دەستم مەمکی توورت و کچانەیانم وێنە دەکێشالەسەر تابلۆکانم... کە لەتەک درەختی زەمانەوە سێ سێپا بۆ کاری هونەری تەیار بوو. یەکێ لە کیژۆڵەکانم گازکرد کە ناوی: تەنیا بوو؛ ئەو هەرچەند بەلای پەنجەرەکانی کەشتییەکەمدا دەڕوات؛ پرچی زەردی وەک تیشکی خۆری زەرد لە دەورم دەگەڕێت... فڵچەکەم دایە دەستی و لە پشتەوە دەستییم گرت و ڕەنگەکانم خۆش خۆش بە دەستی نەرمی تێکەڵ کرد... پاشان بە هەمان دەست، واتە دەستی هەردووکمان، وێنەی درەختی زەمان و خەونی شاعیرمان کێشا... ئەوانی تریش تەماشایان دەکردوو بووبوون بە تەماشا. تا دەمەو بەیان. تا ئەوکاتەی بە مەجبووری گەڕامەوە ناو ژیان. چوونکە دەبوو نامەیەک بۆ دوکتۆرەکەم بنووسم.

بۆیە کەمێک تووڕە بووم لە دکتۆرەکەم... کات بەرەو بەیانی دەچوو... دانیشتم و تێڕامام چی بنووسم!... فریشتەی کچم بێدار بووەوە. فەرمووی بابە، ڕێگەم بدە من نامەیەک بۆ دکتۆرەکەت

بنووسم... بەڵام خۆت لەداهاتوودا دەتوانیت لێی تووڕە بیت. فەرمووم چی بنووسم کچم؟ فەرمووی بنووسە. نووسییم:( بۆ دکتۆرەکەم: فڵان!

بۆ ئەوەی دەستبەرداری سەرزەنشت کردنی نەویستراو بم، بەچاکم زانی کە فەرموودەکانم دەربڕم بەم نووسراوە. چوونکە من پێویستم بە دکتۆر نییە، ئەو دکتۆرانەیش کە تاوەکوو ئێستا سەروکاریان بە منەوە هەبووە بەهەڵەدا چوون دەرهەقم، بەبێ ئەوەی مەبەستیان بووبێت.

دکتۆری پێشووم پیاوێکی چاک بوو. بەڵام کاتێک وازی لەو کارەی هێناو منی سپارد بەئێوە، حەزمکرد لەپای سووپاسگوزاریدا تابلۆیەکی پێشکەش بکەم. بۆیە چوارچێوەم بۆ یەکێک لە تابلۆکانم کڕی و ئامادەم کرد بۆ ناردنی. هەڵبەتە لەگەڵ نامەی سوپاسگوزاری و پیرۆزبایی جەژنی سەری ساڵدا. لەوێدا بوو کە ڕێگەم کوورت بووەوە، چوونکە هەڵوێستم ئەوی ترساند. نەیوێرا ناونیشانی ماڵەکەیم پێ بدات؛ بە ترس و دوودڵییەوە ووتی: چاتر وایە دیارییەکەت بنێریت بۆ ناونیشانی کارم! بەوە من زۆر دڵگیر بووم.

تۆیش جەنابی دکتۆر هەمان شێوە پەشیمان وپەشمووردەت کردم... چوونکە هاوینی ئەمساڵ من تووشی وەرەمی گوێ یەشە هاتم وچەندان هەفتە لەسەر سەر دەخوولامەوە لەتاو ژانی ئازار. تۆ لە پشووی هاوین گەڕابوویتەوە، منیش کاتم لای بەڕێزتان داوا کرد. بەڵام تۆ منت دا بە دکتۆرێکی چاودێر، کە نەیتوانی یاریدەم بدات. منیش لەو ماوە درێژانەدا زیاتر لە دوو هەزار کرۆنم خەرج کرد بە دەرمانی ئارام کەرەوەو دکتۆری تایبەتمەند، بەڵام بێ سوودانە کەس یاریدەی نەدام. گوێچکە و

ژانەکان چاک بوون پاش ئەوەی تووشی گوویسووسە بووم، ئێستا مێشکم دەزرنگێتەوە و لەگەڵ کاتدا زەبری زۆر دەبێت.

دەشێت دکتۆرە ئافرەتە جێگرەکە، کە سێکسۆلۆژ بوو؛ بووختانی زۆری بەدەممەوە کردبێت، چوونکە من بەوم فەرموو: هەموو شتێک لە بیرمدا هەرەس دەهێنێت لە هەڵمەتی زۆری گویَ یەشەو سەریەشە و بێ خەوییدا.بۆیە هەست بە نشووستی دەکەم لە دابی مامەڵەتاندا و دەڵێم مامەڵەم بە هەڵە دەکەن.

ئەگەر تۆی بەڕێز دان بە ووتەکانمدا دەنێیت؛ حەز دەکەم بڵێم کە من هەست بە لادان دەکەم کاتێک لەگەڵ نەرویجییەکدا دەدوێم، هەست بە سەرزەنشت و لاوازی دەکەم بۆ هەر پێشنیاری کارێک کە هەست دەکەم دەمەوێت بیکەم. من تووڕەم دەرهەق بەو هەموو ناجوانییانەی لە ماوەی هەژدە ساڵی هاوژیانیمدا بینیومن. خەریکم باوەڕم لەدەست دەدەم سەبارەت بەوەی کە دەشێت مرۆڤێکی ڕاست هەبێت لەناوتاندا؛ کە بتوانێت من وەک مرۆڤێک هەڵبسەنگێنێت. بۆیە من زۆر دەترسم لەوەی کار لەگەڵ نەرویجیدا بکەم؛ چوونکە بەهەڵەدا چوون وپێشداوەریتان لە پانتایی ئاسمان بەرینترە. ئەمەیش ئازارم دەدات و دەروونم دەچەوسێنێتەوە. چوونکە ئێوە لەگەڵ قەبە بوونی بەهەڵەدا چوونتاندا؛ گەورە دەبن بەرامبەر بە کەلتوورێکی تر لە گووناهەکانتاندا.

لەم مانگەی دواییدا پێشنیاری کارێکی ناجۆرم پێگەیی، کاری ژینگەیی لە ئۆردوگای پەنابەریدا، ئەویش ڕێکەوتی سیویەکی مانگی گەڵا ڕێزان بوو... دوای هەژدە دانە ساڵ لەناوتاندا نیوە کارێکیان لە شاری ئۆسلۆ پێ دام، بە مووچەیەکی کەمتر لەوەی کە خەرجم دەکرد بۆ هاتووچۆ، سەعاتی کارم سەدو بیست وپێنج کرۆن بوو هەمان پارە لە ڕۆژانی پشووشدا بەبێ زیادە.

من بەوکارە داهاتم کەمتر بوو لە خەرجیی ڕێگەم بۆ سەرکار. بەوەش بواری ئابووریمان هێندە هاتە کزی؛ کە هاوسەرەکەم خەریک بوو مەبەستانە سووکایەتییم پێ بکات. هەروەها ئەو چییدی وەک پیاوێک یان کارمەندێک سەیری من ناکات لەماڵەکەدا! ئەو لەو باوەڕەدایە کە سووکایەتییە بۆمن دادەنیشم و کتێب دەنووسم، ئەو کتێبانەی کە کەس نایانخوێنێتەوەو یاریدەی لەچاپکردنیان نادرێت. چوونکە وەک بزانم، من لە جەهەننەمی ئێوەدا زیندانم.

ڕۆژی پێنج شەممە، بەر لەوەی بڕیاری گەڕاندنەوەی پاسپۆرتەکەم بدەم؛ئەو کارەشم لەدەست چوو... چوونکە بە خاوەن کارەکەم فەرموو: کە پێشداوەریی ئێوە نەخۆشە، هەروەها گەلی نەرویج پێویستی بە ئێمەی بێگانە نییە. بۆیە من دەتوانم ببم بە یاریدە دەر، ئەگەر ئێوە پرۆژەی گەڕاندنەوەی پەناهەندەکانتان هەیە. حەز دەکەم منیش بگەڕێمەوە و کاری لێپرسراوی پرۆژەیەکی وەهام لێ دەوەشێتەوە. چوونکە من لەوێ لەو کارەدا نەخۆش کەوتم، چوونکە هەوڵیان دەدا من فێرە بێڕێزی بکەن دەرهەق میللەتی خۆم و بێگانەیش! لەگەڵ کەسانێکدا کارم دەکرد کە قیینیان لە باوانی خۆیان بوو، هەروەها قیینیان لەمن بوو بەبێ هۆکار. من تووڕە بووم لەوان، بەبێ ئەوەی ئەوان پێ بزانن. زۆر تووڕە بووم لێیان؛ بەجۆرێکی ئەوتۆ کە هێڵنجم دەهات لە ژیانی کارگووزاریم. زۆریش هەست بە نشووستی دەکەم، دەرهەق گشت ئەو پێشنیارە کارەکییانەی تاکو ئێستا بۆم لوواون.

ئەم ووشانەی دەیاننووسم، سەرزەنشتکەر نیین. من لەو باوەڕەدام مامەڵەکان کە لەگەڵ مندا کراون بە درێژایی ساڵەکانی ڕابردوو، ژیانم لەناو دەبات. چوونکە کۆمەڵگەکەتان زۆر

سەخت فشار دەخاتە سەر من؛ ئەمەش تا دوورخستنەوەو گەیین بە خاڵی سوورو خەتەر. ئومێدەوارم ژیانم لە چنگتان دەرباز بکەم.

ئەگەر لەو باوەڕەدایت کە بەڕێزتان مرۆڤێکی ڕاستگۆن؛ بە بەڕێوە بەرایەتی پشتگیری کردنی کۆمەڵایەتی بڵێ کە ئێوە خەڵکانێک نیین بتوانن بەیاریدەتان دەربازم بکەن. چوونکە من لە باوەڕتاندا بە هەڵە پێشداوەری کراوم، جا من هەرچۆنێک بم! هەروەها ئێوە ناتوانن قەرەبووی ئەو هەڵانە بدەنەوە کەمن هەستیان پێ دەکەم. هەرچەندە لێبووردنم هێندەی بوونەوەر مەزنە؛ حەز ناکەم لەو هەڵانە ببوورم کە بەسەرتان هێناوم. جوان نییە و دزێوە کۆمەڵگە وەها بەدرەفتاری لەگەڵ ئێمەی کەلتوورخوازدا بکات. چییت وویست بە بەڕێوە بەرایەتیی بڵێ" چوونکە لەڕاستیدا دکتۆرەکەم بە بۆنەی نیمچە گۆشەگیر کردنمەوە نیازی بوو فۆڕمم بۆ پڕ بکاتەوەو ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی پشگیری کردنی پەککەوتەکانی بکات، تا بەزەییان دەرهەق بەمن ببزوێت!" بەڵام من واهەست دەکەم ئەو زەبرانەی خەڵکەکەتان بەمنیان گەیاندووە بەژانترە لەشەڕو ئاوارەبوون. نەنگییە کە من ناتوانم کرێی دکتۆرەکەم بدەم. نەنگییە کە ناتوانم سەفەرێک بکەم و کەمێک بەکەلتوورێکی دی ئاشنا بم! نەنگییە کە من بەبێ کاری ڕێزم لای کەس و منداڵەکانم دەدۆڕێنم. نەنگییە کە کەلتوورێکی بێ هەستتان هەیە. نەنگییە کە ئێوە دەروونی من دەپشکنن بە درێژایی ساڵەکان و بەدوای زەبرو زەنگدا دەگەڕێن. بەڵام من دەڵێم: من لە ئێوە چاترم، بەڵێ من لە ئێوە چاترم. بە بەڕێوەبەرایەتیی کارگوزاریش بڵێ، بە بەڕێوەبەرایەتیی پشتگیریش بڵێ: ئەو لێمان دەترسێت، هەست بە سەرزەنشت دەکات، هەست بەکەمی و داڕووخان دەکات؛کاتێک لەگەڵ ئێمەی نەرویجیدا دێتە زمان.

بڵێ: ئێوە ناتوانن ئەو بەزەویدا بدەن، چوونکە ئێوە سەری ئەوتان بە ترس بڕیوە، ترس لە بێگانە.ئێوە ئەوتان بە کینەو بەهەڵەداچوونی نەخۆشانە لەناوبردووە.

لە ترسی ئەوەی دەنگم بەسەرتا بەرز نەکەمەوە؛ لەو بڕوایەدام کە شتێکی باشە نامەت حەواڵە بکەم. چوونکە من لە بارێکی باشدا نییم. بەڵام لەبەر ئەوەی کە منداڵەکانم دەزانن من مانایەکم هەیە، خۆم بەرەو کاری ناجۆر کێش دەکەم. هەوڵیش دەدەم دڵنەوایی خۆم بکەم بەوەی کە ژیان بەڕێوە دەبەم. چوونکە خەریکم ئازارەکان سەربار دەکەم. چوونکە مردن هەزار جار جوانترە لە ڕوخساری ئافرەتی نەرویجیە سەگپەرستەکان. من زەجر دەکێشم لە کەلتووری ئێوەدا. من قینم لە ژیانی خۆمە لە وولاتی نەویج. خەریکم لە لێبووردن و میهرەبانیی خۆم تەووەلا دەبم.

من دوو ڕۆمانم نووسیوە، ڕۆمانێکی تریش بە زمانی دایک، کورتە چیرۆکەکانیشم لە گەڵ کتێبێکی هونەریدا بە چاپ گەیاندووە... کەچی هاوسەرەکەم هەست بە دۆڕانم دەکات. وەک دۆڕاو تەماشام دەکات. چوونکە من کات بە هەڵە بەکار دەبەم. چوونکە نان نییە بیخۆین. بۆیە حەز دەکەم بڵێم کە نەرویج تڕۆم دەکات. سووکایەتییم پێ دەکات وەک هونەرمەند وەک باوک، وەک کارمەند وەک نووسەر وەک کوردێکیش. تەنانەت وەک نەخۆش و وەک کەسێکی تەندروستیش. بەمەش دەڵێم: با بەس بێت، بەس. چوونکە سنووردارێتی بوونی هەیە لەوێدا تا چی ئاستێک ئێوە  بێگانە بەرەو کۆیلایەتی کێش دەکەن. ئەمە نەنگییە، بەداخەوە، زۆر حەزم دەکرد مەبەستەکانم وڕێنە بوونایە.

بۆیه ماڵیاوایی و سووپاسگوزاریتان دەکەم... له بارو دۆخێکی ناهەمواردا، کاتێک باری ژیانم بەرەو نالەباری زیاتر بچێت؛ بەجۆرێک کە هاوسەرەکەم توانای هێڵانەوەی منی نەبێت لەناو ماڵەکەدا، ئاگادارتان دەکەم کە هیچ چاودێری و مامەڵەیەکی پزیشکی له وڵاتی ئێوه پەسەند ناکەم.چوونکه من باوەڕم به یاریدەی ئێوه نەماوه. چوونکه ترسەکانی ئێوه، ئێمەی لاوازو نەخۆش و خستووه... منیش کەمتر بەرگەی ئێوه دەگرم. چوونکه مافی ئەوەم نییه سەفەرێک بکەم، ئاهەنگێک ببینم، هەست بکەم که باوکم و هونەرمەندم. پێشەوەچوونیش تاریک دەبینم وەک نووسەر. چوونکه ڕۆشنایی له ڕوخسارتاندا نابینم. چوونکه نکووڵی کردنی گەلی ئێوه باوەڕی خواکان دەرهەق به منی باوک دەڕوخێنێت. منیش لێبووردو نیم بەرامبەر نەنگکار که بنیاتی باوکانەم هەرەس پێ دەهێنێت له چاوو باوەڕی منداڵەکانمدا... شەرم بکەن نەرویجییەکان، چوونکه ئەمە شەرمەزارییه.

سەربەست. ئۆسگۆرد...). ئەم نامەیەم بۆ دکتۆرەکەم ئامادە کرد، تا له داهاتووی نزیکدا، دوای گەڕاندنەوەی پاسپۆرتەکەم، بەدەستی بگەیەنم.

***کە نامەی دکتۆرەکەم تەواو کرد***

---

جگەرەیەکم پێکرد، پاشان ڕوخسەتم له فریشتەی کچم وەرگرت و بەنیازی نووستن پاڵ کەووتم، تا سووڕی نووستنم تەواو بکەم. کە تەواو ڕاکشام وخۆمم کێشایەوەو چاوەڕوانی پشوو بووم... مۆسیقای کوڕم لەگەڵ هونەری کوڕم هاتنه خەونم... لەخەوما لەهەمان جێگەدا لەپاڵ درەختی زەماندا ڕاکشابووم...

هەردووکیان هاتن... مۆسیقا گیتارێکی لەدەست بوو، هونەر فلّچەیەکی گەورە... ئەو گیتاری بە هێمنی بۆ دەژەنییم و هونەریش بە ڕەنگەکانی تیشک بۆیەی دەکردم. ماندوویيان لەلەش و گیانمدا دەردەکێشا... زامەکانی ڕۆژێکیان تیمار دەکردم... فریشتەی کچیشم وەک سامییەکی دەنگ خۆش کەمێک هۆیکەی بۆ دەکردم.

ئینجا نووستم... لەخەونمدا هەستامە سەرپێ... خۆمم باڵابەرز بیینی،، بینییم درەختی زەمان بەشێکە لەمن، هەستم کرد لەسەر سەرم ڕواوە... لەدەوری سەرم هەزاران هەزار مەلی سپی و مێروولەو دڵی سپی و ڕێبواری سپی سووڕ دەخۆن بە دەوری کەشتییە سپییەکەی مندا... من وەکوو خۆم نەمابووم، لە کەشتییەک دەچووم. هەستم دەکرد لە حەوادام، یان دەشێت لەناو شەپۆلە نەرمەکاندا بم. هەستم دەکرد شەپۆلەکان پرچی حەزرەتی مارياکانی ناو کەنیسەکانی هەموو جیهانن. هەستم دەکرد هەڵگیراوم یان بەرز بوومەتەوە،، دەشیا لەناو دەروونی زەریای ئارامدا بم! لە مرۆڤێکی پیری ڕەنگ سپی و سیما سپی دەچووم، وەک ئەوەی بە دەستی هونەر بۆیە کرابم! دەڕۆیشتم و ئەرکی ڕۆیشتنم لەبار چووبوو... کەچی دەبزوام... خۆمم لەسەر لووتکەی بڵندی زاگرۆس دەبینی... لەوێ هەرچی کەلە سەری لاوانی شەهیيدانی کوردوو ئەرمەنییەکان هەیە بە زیندوویی و وەک باڵداری تەنها خاوەن سەرو باڵی ڕۆشن بەرامبەرم مەشقئاسا بە دەنگی لێکدانی باڵەکانیان چەپڵەیان لێدەدا لە هەوادا؛ لە هەنگی سپی دەچوون... هەستم بە ئازادی دەکرد، هەستم بە نەجات دەکرد، هەستم دەکرد ئازادی دواهەمین ئامانجی مرۆڤ و بوونەوەرە. هێندە هەستەکانم ڕەزامەند بوون، کە ویستی بێدار بوونەوەم لەدەست دابوو... مەیلم نەبوو بێدار ببمەوە...لەو کاتەدا کە خەریک بووم بیرەوەریی چوونم بۆ

کۆشکی مەلیک لەیاداشتی فەنتازیمدا تۆمار دەکرد، بێدار بوومەوە. چوونکە خەوم دەبینی. لە خەوما لە پارکی مەلیک درەختەکانم جوان دەکرد و ئەو گەڵایانەم دەکردە بەری چڵ ولقی درەختەکان کە ئەوان شەوان خەویان پێوە دەدی... هەروەها ئەو گوڵە تیشک زەردانەم دەدا لە پرچی درەختەکان کە لەو کاتەدا بینیم! واتە دوای پۆستکردنی نامەکەم و ڕوو وەرگێڕان لە کۆشک و گاردەکان. بەو پەڵە ڕۆشناییانەی کە ئەمڕۆ لە ڕاستییدا بینیمن، توانییم پێشانگایەک بۆ مەلەکزادەو مەلیک و مەلەک بکەمەوە... تا نیشانیان بدەم کە من هەست بەچی دەکەم، کە هەست ژیانێکە بەندە هەرگیز دەست بەرداری نابێت، چوونکە من دەتوانم... دەتوانم دەست بەرداری جیهان و ماڵ وکەشتی و سامان بم، بەڵام هەستەکانم هەرگیز دەست بەردارم نابن. چوونکە من بە هەستەکانم دەژیم. بیر زادەی هەستە. لە خەوما درەختەکانم خۆشنوود دەبیینی، هەستم دەکرد سروشت شانازی بە سۆزی منەوە دەکات بۆ ژیان... هەستم دەکرد ژیان خەندە بۆ باوەڕم نیشان دەدات... منیش لە پارکی مەلیکدا گەڵای سپی و سوورو مۆرو زەردو پرتەقاڵی و شیینی ئاسمانییم ئاوێزان دەکرد بە پرچی درەختە ڕووتوو قووتەکاندا، بەزەییم بەواندا دەهاتەوە. کاتێک کە بێدار بوومەوە، بینییم پیرۆز لەتەکمدا ڕاکشاوە! سەیرم لێ هات! چوونکە ئەو زۆر لەمێژە بێ باوەڕیی خۆی دەرهەق بەمن ڕاگەیاندووەو دەڵێت: سەگپەرستەکان لەسەر حەقن. بینییم لەلای چەپمەوە ڕاکشاوەو نووستووە بە نهێنی. منیش بیرم لەوە دەکردەوە کە سەفەر بە تەنها بکەم. هەستم دەکرد کەس هاوسۆزو هاو سەفەر و هاودەمم نیە، هەستم بە تەنهایی و نامۆیی دەکرد لە جیهاندا... هەستم دەکرد کەشتییم نێیە،ووڵاتم نیە، ئاڵام نیە... پاسپۆرتی سەفەریشم نیە... چۆن بڕۆم؟ بەچی ناسنامەیەک خۆم بناسێنم ئەگەر سەفەری کۆچ بکەم! یان دەبێ ڕوو لەکوێ

بکەم؟ بە پیادە یان بەسواری کەر یان بەپاسکیل سەفەر بکەم؟ بە کەشتی یان بەخەو؟ یان بەسواری تەیارە؟ چۆن سەفەر بکەم؟ خۆکەس هێشتا بلیتی کوردوستانی گەورەو پاسپۆرتی ئەوێی نەبینییوە! خۆ هێشتا کەس زاتی دەمکردنەوەو باسی پرۆژەی ڕزگار بوونی مەملەکەتی کوردوستانی نەکردووە. کەس باوەڕی بە پرۆژەی پیرۆز نییە. بەڵام من لەوەتەی هەم هەر ڕۆژەو بە جۆرێ پرچی کوردوستان شانە دەکەم و بۆنی لێدەدەم و لە ئامێزی دەگرم؛ هەم هەر جارەو بە تەکنیکێکی تایبەتی عیشقی ئەوێ ئاوەدان دەکەمەوەو سەردانی دەکەم،، هەر شەوەو بە جۆرێک لە کۆلان و شارەکانی زاگرۆسدا دەگەڕێم و خۆشەویستی دەبەخشمەوە بە کیژۆڵەکانی زاگرۆس. لەبەر ئەو هۆیانە بوو من بڕیارم دا پاسپۆرتەکەم بگێڕمەوە. چوونکە من وولاتی خۆمم هەیە. من جگە لە کوردوستانێکی مەزن شتێکی تر نییم. من شێت نییم، من پێغەمبەر نییم، بەڵام لە پێاوی ئازادی و دامەزراندنی مەملەکەتی کوردوستاندا چیم بووێت دەیکەم و دەیڵێم. چوونکە من گیانی وولاتەکەمم. جا کاتێک کە کۆشکی مەلیکم جێ هێشت، تەنها لەیەک شت دوو دڵ و پەشیمان بووم، ئەویش ئەمە بوو لەیادم نەبوو بە قسەی فەرموودەی حەزرەتی مەسیح بکەم، تا داوای دروستکردنی پاسپۆرتی کوردوستان، پاسپۆرتی سپی بکەم لەگەڵی نەرویج. چوونکە ستەمی ئەوان هێندە گەورەبوو کە نەیانهێشت هەست بە دڵنیایی و ئامان بکەم لە ناویاندا، بە درێژایی هەژدەساڵ منیان ڕەنجاند، منیان مەحکوومکرد.

## بەشی دووەم

ئەمە کورتەی بەسەرهاتی ئەو بڕیارە بوو کەمن هەژدە دانە ساڵە خۆمی لێ دەدزمەوەو خۆم تەفرە دەدەم. هەژدە دانە ساڵە لە وڵاتی نەرویج دەژیم و خەون بە نەبوونی بستێ خاکەوە دەبینم. هەستێکە تەنها مرۆڤی خاوەن کەرامەت و مرۆڤی وولات داگیرکراو هەستی پێ دەکات.

نەبوونی وولات نەخۆشییەکی کوشندەیە مرۆڤ نابووت دەکات... مرۆڤ دووچاری پەرێشانییەکی ئەوتۆ دەکات کە ناچار دەبێت بچێت بە گژی مەلائیکەت و خواکاندا... مرۆڤ دووچاری نەخۆشیی بێ وولاتی دەبێت... دابەش دەبێت وەک چۆن من دابەش دەبم بەسەر پێغەمبەرەکان و ئاسمان و خواکان و فریشتەکاندا. من بابایەکی خۆش بیین و هەوەس تەڕم و ژیان زۆر ڕەنگیین و پیرۆزو ڕۆشن دەبینم. بەڵام لەوەتەی پشتم کردۆتە دیاری خۆم، مرۆڤێکی وەها نابینم هێندەی مرۆڤێکی کورد نامۆو بێ یارو دابەش بێت. من خۆم و هاوڕێکانم دەبینم بووین بە هەزار کەرتەوە، هەر یەکەمان بە زمانی پێغەمبەرێک دەدوێت بۆ جیهانێکی بێ هەست و بێ کەرامەت. دەمانەوێت باسی نهێنییەکانی میللەتی زاگرۆس بە ووشە بۆ دێوەکان بکەین. بەڵام دێوەکان لە زمانی زاگرۆسی تێناگەن. کاتێک باسی ئەفسانەو شیعرو ئەدەب و مۆسیقاو کەلتووری کوردی دەکەین، باس لە پیرۆزی دەکەین. چوونکە دەزانیین، کە میللەتی زاگرۆس ئەفسانەیەکی دێرینەو بە ووشەکان باسیان کۆتایی نایەت. هەژدە ساڵە من لەناو ئەم گەلەدا وەڵامی پرسیارە نامەفهوومەکانی خەڵکی دەدەمەوەو پێیان دەڵێم من تورک و عارەب و فارس وبیانی نیم. من خاوەنی مەزنترین شارستانییم. جا بۆیە ئێوە کورت دێنن کاتێک کە پرسیارە نەخۆشەکانتان بەر دەدەن و کەلتوورو ئایین و زمان و شارستانیەتی کورد تێکەڵ بە دۆزی دێوی عەرەب و فارس و توورک دەکەن. چوونکە

ئێمە لەوانە نیین کە دوژمنایەتیی دراوسێکانیان دەکەن. چوونکە میللەتی کورد پرۆژەی بە جیهانی بوونی بەر لە مێژوو دەست پێکرد، ئەو کاتەی کە حەزرەتی نوح لە دوای تۆفان لە کەشتییەکەی دابەزی؛ بەو میللەتە کەمەی لەگەڵیدا بوو، وانەی هاوژیانیی لەگەڵ ئەو خێڵانەدا بۆ نەوەکانی خۆی باس دەکرد، کە لەدواییدا بوون بە مەیموون و بەراز. پاشان ڕووسپیمان کردنەوەو کردماندنەوە بە مرۆڤ. بەڵام ئەوان کورتیان هێنا. ئەوان شەڕ فرۆش و دەم پیس و هەتک کەرو لاسایی کەرەوەی ئاژەلەکان بوون. لەو کاتەوە ئێمە خەریکیین بە هەست و بیری بە جیهانی بوون لەگەڵ ئەو ئایین سزانەدا ڕەفتارو هاوژین بیین. وەک دەبینن ئەوان، هەڵدەکووتنە سەرمان و لەوەتەی هەین و دابەزیوین ئەوان تاڵانمان دەکەن، دەمانکوژن، سەرمان دەبڕن و ئێمەیش لێیان خۆش دەبیین. ئێوەش بە چاوانی خۆتان دەبینن کە ئەوان غەدر لە خۆیان دەکەن.

دەمەو بەیانی لەگەڵ شەفەقدا چاوم چووە خەو... فریشتە کەمێک ئامیین وسالماو کۆراڵی بۆ خوێندم بە دەنگی کریستینا ئاگۆلێرا وسارا برایتمان... ئیتر خۆمم بە پێوە بۆ ڕاگیر نەکرا! کەوتم... لەسەر جێگاکەم بە تەنها کەوتم.

زۆری نەبرد خەوێکم بینی؛ خەوێک کە هەمیشە بە زیندە خەو دەیبینم... لە خەونمدا ملیۆنەها مێروولەو هەنگی سپیی ڕۆشن تێم وورروکان و بە گشتیان دایان پۆشیم... سەڵتەو ستارخانیی دیاریی فریدای دراوسێمیان پێشکەش کردم و لە سەر لەشم بە ڕەنگی سپی نوورانی دایان پۆشیم، لە ڕازاوەترین بەرگا... پاشان بە کۆراڵ خوێندیان: ئامیین... بە ناوی هەموو فریشتەکانی ئەرزو ئاسمانەکان. بە ناوی خواوەندی یەکتاو کۆی هەموو هەستی خواکان... یەک لە ئێمەو دوو لەوان، بە ناوی

حەزرەتی گیانی پاکی پێغەمبەران، هەڵی بگرن بێ ماندوو بوون... بە ناوی داودو سالۆمۆن و دانیال. بە ناوی ئیدریس و یۆحەناو ئەکوینی و مەتی و لۆقاوە... بە ناوی یونس و یووسف و عیساو مووساو ئیبراهیمەوە. بە ناوی جوبرائیل و میکائیل و ئیسرائیل و ئیسرافیلەوە؛ حەزرەتی نوح بە ناوی باوکی گەورەمانەوە، بە ناوی خواکانی پێشوومانەوە، بە ناوی هێرا و ڤینۆس و ئەوروپاو ئاسیاوە... هەڵی بگرن بە ناوی ماریاوە،، بیبەن بۆ نزرگەی خواکان.

کە وایان فەرموو مێروولەکان... لە جێگەی خۆم بەرز بوومەوە... وەک ئەوەی لەسەر دەستی نەرمی خواکان بم... هەڵیانگرتم؛ بردیانم بۆ دوور... بۆ ئەو جێگەیەی کە ئادەم لەسەری دابەزی، کە نوح لەسەری دابەزی، کە درەختی زەمانی لێ ڕوا... واتە زاگرۆس=جوودی پیرۆز؛ لەوێ منیان ڕواندەوە! سەیرم لێدەهات! تەماشام دەکرد! سەرم دەسووڕما لەوەی کە خۆمم دەبینی وەک درەختێکی مەزنی سپی دەڕوام و کاکێشانم تەی دەکرد... قەددو باڵای درەختم ؛ نووری بە ئاسمانەکاندا دەپژاو نووری ئازادی پرتەوی دەکرد. زرمەیەک لە دەروونی خوا هەستا. ئاسمان بوو بە دووکەرتەوە... من دڵی ئاسمانەکانم بە تیشکی خۆم تەی دەکرد. لق و چڵم بە بوونەوەرەکاندا دەگەڕا...بە تەوژمێکی بەتین باڵام دەکرد لە خۆشیدا... هەموو گیانم غەرقی ئاو بوو... لە خۆشیدا ئارەقەم دەکردەوە... هەوەسم پڕ گوڕو تاو بوو... هەڵدەچووم لە داهێناندا و کەرامەتی خۆمم دەدی بە چاوان. نەمدەتوانی بنووم، هەڵدەستام و دەنووستمەوە...چەپکی گوڵی نێرگزشم لەدەست بوو، دەمفەرموو، ئەوەی باوەڕی بەمن بێت، ئا ئێستا ، با بێت وبۆنی ئەم چەپکە نێرگزە بکات..ئەوسا دەنگی پێدانی پاسپۆرتی سپییم بۆ دەدات.

بینییم هەرچی مەسیحە ئازادبووەکانی جیهان و هەرچی مارياكانە لەشێوەی دڵی سپیدا بە درەختەکمدا خونچە دەکەن و دەگەشێنەوەو دەبن بە گەڵای سپیی دڵشێوە. بینیم هەرچی کوردە ئەنفالکراوەکانە لەوێن، بینیم، مێرووڵەکانی مەملەکەتی من کە گیانی شەهیدانی جیهانن؛دەوریان داوم بە پەیداغی کوردوستانی گەورەوە... میرووله سپییەکان پەیداغی مەملەکەتی کوردوستانیان دەچنی ولەسەرسەرم دەشەکایەوە. بینینم گۆش دەبوو، وەک منداڵێکی ساوا بێخەوش هەموو شتێکم دەدی. بەر لەوەی بێدار ببمەوە بە گریانەوە. بەر لەوەی خەوم لێبکەوێت... دەرۆیشتم و بەدەم ڕێوە کەروێشکە خەوم دەکرد... جارە جارەش ئاورێکم دەدایەوە، دەمووت دەشێت پیرۆز باوەڕی هێنابێت، دەشێت مۆسیقاو هونەر ئەو فێری باوەڕ هێنان بکەن! تۆ بڵێی لە دوامەوە بن؟!

هەستم بە تەنهاییەکی تۆقێنەرو هەرەس هێنەر دەکرد... هەستم بە تەنهایی خوا دەکرد... چوونکە زۆر لەمێژە دەزانم کە خواوەند دەناڵێنێ لە دەستی تەنهایی!... تەنهایی لە شێوەی ئاسماندا شەقی بردوو بوو بە دوو کەرتەوە... ئاسمانەکان شەقیان برد... لە یادم نەبوو باسی بکەم بۆتان؛ کە چۆن ئاسمانەکان شەقیان برد! کاتێک کە ئاسمان بوو بە دوو کەرتەوە؛ من هەستم بە تەنهایی دەکرد؛ چوونکە کەسم لە دواوە نەبوو! کەسیشم لە پێشەوە نەبوو! خۆمم بە خوا نەدەزانی وەک هاودەم بە هەڵەدا چوو! لە مرۆڤێکی بچکۆلەی کوردی تازە لە دایک بوو دەچووم کە لەو ساتەدا لەدایک بوومەوە کە ئاسمان بوو بە دوو کەرتەوە. وەک زەرنەقووتە دەمم بۆ ئاسمانی باوەشی دایکم دەکردەوە، هاودەم ئاسا بۆ دەکروزامەوە تا قوومێک شیری مەمکی گڕگرتووی دایکم بمژم... تەنهاو ڕووتەڵەو بێناز، هاوارم لە دایکم دەکرد لەسەر ترۆپکی

جوود... کەس لای لێ نەکردمەوە؛ تا حەزرەتی ئیلیاس هەڵی گرتمەوە. ئەو گۆشی کردم. بەو هەستانەوە لەوێدا وەستابووم؛ یان ڕوابووم.

ئادەمیزاد فریشتەیەکی مەزنی باڵدارو تیشکدار کە لە خوودی نێردراوی خواوەند دەچوو؛ لەبەر دەممدا وەک بروسکە دەرپەڕی... پاشان سڵاوی خوای لێ کردم و فەرمووی:هەست بە تەنهایی خواکان مەکە گیانەکەم... خواوەند تەنها نییە... بەڵام لەم سەرزەمیینەدا مرۆڤ هەموو شتێک بچووک دەکاتەوە... تۆو خواکانیش بە تەنها بەجێ دەهێڵن. ئەوان هێندە سەرشێتن کە نازانن چی دەکەن، چی دەخۆن، چۆن کار دەکەن! فەرمووی: من میواندارێتیت دەکەم، هاتووم بە زمانی خواوەند، بە ویژدانی مرۆڤ و بە کەرامەتی پێغەمبەرو فریشتەکان... بە ناوی خێرو شەڕەوە تکاتان لێ دەکەم کورد مەکەن بە دۆستی عەرەب و توورک و فارس و ئینگلیز... چوونکە ئینگلیزەکان بەر لەسەردەمێک خوا کردنی بە بەراز. زۆریان بە دەستی کورد ڕاوکران. ئێوە نازانن کە ژیان دووبارە دەبێتەوەو مرۆڤ دەبێت بەو هەڵوێستانەی کە لە ژیانی پێشویدا نواندی. ئەوەی بەدیی کرد؛ سەری خۆی شۆڕکرد.

فەرمووی: ووتەکانی سەر لێوتان دیاریی خوان، ئەوان بەهەڵە بەکاری دەبەن. هەست بە تەنهایی نەکەیت... چوونکە حەزرەتی مریەم دەتبینێت. حەزرەتی ئەو؛ ئەو گەمژەو گەلحۆیانە لغاو دەکات کە بوون بە دێو لە بەرامبەرت. تەنهایی خۆشە یان ژیان؟ تۆ کەرامەتی ژیانیت؛ وانەزانی کە خواوەندو خواکان تۆیان لە یاد چۆتەوە! وا نەزانی ها! دەنا پەیداغەکەت لە زاگرۆس لێوەرناگرم. فەرمووم: بەڕێزتان کێن وا زمانم لاڵە لە بەر دەم پەرستارمدا؟ فەرمووی: من خوودی خواو خواکان و

هەموو فریشتەو پێغەمبەرەکانم؛ هاتووم بە جیهان دەڵێم کڕنووش بۆ زاگرۆس بەرن، چوونکە ئەوێ مەککەی ڕۆژئاوایە. نزرگەی نوحە. بەخێر بێیتەوە ئەی حەزرەتی نوحی پیرۆز... من لێپرسراوی پرۆژەی کەشتیی نوح ــم پیری مەزن... ئێرە پایتەختی مەملەکەتی کوردوستانی مەزنە. منیش سەرلەنوێ ڕاستەوخۆ لە دایک بوومەوە. بینییم! بینیینم پڕا بە ئاسماندا... پڕ بووم لە زەڕڕاتی حەق. وام ئەزانی ئەو ڕۆژەیە کە هەرقل لەدایک بووا!! ئەم سەرگووزوشتەیەتان لەوانەکانی تردا بۆ دەهۆنمەوە. دوای سەفەری گەڕانەوە....

***بەشی سێیەم***

## چوونە میوانیی زاگرۆس لە خەوا

ئەو شەوە، کە ڕۆژەکەی تیایدا پاسپۆرتەکەم گەڕاندەوە، دەیان خەونم بینی و خەویشم لێ نەکەوت. سەرگەردان، وەک یەکێک لە مێروولە سپییەکانی ناو نهۆمی یەکەمی کەشتییەکەم؛ خۆمم سڕو تەنهاو بێکەس دەبینی... هەستم دەکرد ڕێگەی گەڕانەوەم لێ تێکچووە! هەستم دەکرد تاک و تەنهام لە جیهاندا، کەوا خەریکم سوویێم بێتەوە بۆ بینینی کەسێک – کەسێک لەم وولاتە ڕووسپییەدا باوەڕی بە ووشەو دۆزو کەلتوورو ئایینی کورد هەبێت. هەژدەدانە ساڵە من دەڵێم

کوردم، ئەوان تەرجوومەی عەرەبیم پێدەکەن. وا دەزانن کوردیش برای عەرەب و فارسی خۆفرۆش و توورکی کەمالیستە. ئەگەر کەمالیست شەرەفە، با ئەو شەرەفە شایستەی توورک خۆی بێت.

ئێمە ئەوانمان ناوێت، دەزانن بۆ؟ چوونکە ئێمەی کورد لەوەتەی هەین داب و یاساو دۆزو سیستەمی بە جیهانی بوونمان پیادە کردووەو کەلتووری بە جیهانی بوونمان ئەزموونادووەو لەوەیش لامان داوە... ئێمەی کورد لە چاخەکانی پێش مێژووەوە هەوڵ دەدەین ببین بە هاوڕێ و هاوژیانی ئەوان، ئەوان مەبەستم لە عەرەب و توورک و فارسە. بەڵام کورد پرۆسەی بە جیهانی بوونی لەگەڵ دەیان میللەتدا بە ئەزموون کردووە... بۆ نموونە: یەهوود، گرێک، قەوقاز، عەرەب و مەغۆل و ڤیکینگ و ڕووس. ئینگلیز و جەرمەن... گشت ئەمانە لە خوێنی میللەتی کوردیان خواردۆتەوەو تێر نابن. نابینن ئەوان، بە تایبەتی عەرەب و توورک و فارس چییان بە میللەتی کورد نەکرد؟!

خەوم لێ نەدەکەوت، چوونکە ئومێدم خنکا لە ناو گەلی نەرویجیدا. تێگەیشتم کە کەسیش منی خۆش ناوێت. هەستم دەکرد هێندەی تەنهایی تەنهام. هەندێ لە مێروولەکانی ئاشنام لە دوورەوە بە تێلەپاتی گیانیی ئیحایان دەنارد... جادوویان دەنارد، دەیانگووت برام لەکەلی شەیتان دابەزەو پاشگەز بەرەوە. منیش بە هەمان زمانی جاران بەوانم دەگووت: براکانم بەعس نەما... هەموو بە چاوی خۆتان دەبینن عەرەبی لە خوا پرکیین چی لە میللەتی کورد و لەخۆشیان دەکەن؟ باشە جیهان ئێوە کوێرن؟ کەرن؟ کەڕن؟ ئەی نابینن توورک و فارس وبەعس چیمان پێ دەکەن؟ نازانم چۆن غەرب و ڕووس و ئینگلیز قێزیان دێت لە ئاوێنەکاندا سەیری لووتی خۆیان بکەن! چوونکە وەک فەرمووم زۆر لەوان بوون بە بەراز، بە برسێتیش دەمرن. بە دەردوو وەناق و ڕشانەوەو خنکان. ئەوان خۆرەی سەرو دوژمنی ڕاستەقینەی میللەتی کوردن.

جا کووردە بەڕێزەکان، کە من ویستم بگەڕێمەوە، ڕێگاکانم بۆ خۆش بکەن. بە خامی سپی ڕێگا سپییەکانم بۆفەرش و ئاوپژێن و گوڵپژێن بکەن... چوونکە من لە تەنهاییدا وون بووم و ناتانبینم. وا خەریکە هەردووچاویشم کوێر دەبێت.

وەک خودی خۆشم، وەک هەر مەخلووقێک کە بە نیاز خۆمم دەکرد بە گیانی پێغەمبەران و هاوڕێیان و خزم و کەسکدا و پرسی ڕێگەی گەڕانەوەم لێ

دەپرسیین ؛ هەر یەکەیان بە جۆرێک گورگی دەکرد بە گژما! دەیانگووت: مەگەڕێرەوە، وون دەبیت.

منیش وەک ئەو مێرووله کەساسە تازە سەرپشکووتووە، لەناو خەونە سپییەکانی خۆمدا شیری کانیاوەکان و بیرەکانی کوردوستان نۆش دەکەم. دەزانم گۆشت و خوێن و شیری دایکان و مندالانی ئەنفالی تیایە، ئەگەر من لەهەر ئاوێک بخۆمەوە لە گەڕانەوەمدا، ئەو ئاوە دەبێت بە مووفەڕکێکی دەزوولەیی تاڵ شێوە، وەک تەنافی جالْجالْۆکە. چوونکە من هێندە نیازپاک لە ئاوی هەڵەبجە دەخۆمەوە کە تا هەتا هەتایە کەس نەتوانێ دەست درێژی بۆ کەرامەتیان بکات. هەمان کار لە زێوەیش دەکەم. هەمان کاریش لە سەر هەر بستێکی ئەم زەمیینە دەکەم. چوونکە زەمیین مافی ڕەوا مووڵکی باپیرانی منە. کەس بۆی نییە دەست بهێنێتە ڕێگای گەڕانەوەم بۆ جیهانی مندالییم.

چوونکە لای من جیهان ئەو بستە خاکەیە کە مرۆڤ تیایدا لە دایک دەبێت. زادەگای مرۆڤ قسنێکە، بابڵێین کەشتییەکە؛ کە گیانی کەسی مردوو دەبات بۆ هەمیشەیی. مرۆڤ دەبێت لەوێدا کە لەدایک دەبێت؛ ناوو نیشان و نازناوی بنووسرێت، تا کە مرد دەرئەنجامی چاکەکانی بگات بە هەمیشەیی و لەهەمان جێگەدا چاوەکانی لێک بنێت و دیزەو گۆزەش بکرێت. وا نەزانی هەمیشەیی موڵکی گشت کەسێکە! نا، هەمیشەیی جەمسەرێکە؛ یان ئاست و تەوەرێکە کە هەرگیز توانای هەڵلووشینی جەمسەری شەڕی نییە. چوونکە لەوێدا شەڕ جەمسەرێکی تروو تەوەرێکی ترە. بۆیە مرۆڤی پیرۆز پێویستە لەسەری لە ژینگەی لەدایکبوونیدا یان لە جێگەی خۆزگە و خواستیدا بنێژرێت.

خەوی چییم لێ بکەوێت! نازانم، یان بۆ دەربەستی نووستن بێم!؟ بەڵام هەستێکی خۆش نەیدەهێشت کە من خەوم لێبکەوێت. دەزانن بۆ؟... چوونکە ناسنامەی نەرویجم لەکۆڵ خۆمکردوەوە... چوونکە بەڕاستی بارێکی سەخت و کوشندە بوو. چوونکە ئەوان تووڕەیان دەکردم، بە ڕاددەیەک کە تووڕە دەبووم لە جیهان. بەوانم دەگووت: من هەم، من لە مەسەلەی بە جیهانی بوون بوومەتەوە... بەڵام جیهان دان بە کەرامەتی نەوەی باپیرانیاندا نانێن. ئیتر من چۆن قێزم بێت لە هەژدەساڵ زیاتر تکایان لێ بکەم. تکای بچووکترین داخوازی، ئەویش ئەمە بوو کە دەمووویست کارخانەیەکی هونەریم هەبێت. چوونکە نەرویج کارخانەی ساروخ و تانک و قونبەلەی هەیەو چەکیان دەفرۆشت بە سەدام و فارس و تورک

تا کوردی پێ قڕ بکەن، بەرازە هۆڵەندییەکان دەچوون بە هەرزان لە بازاڕی ڕەش زەهراوی کیمیاییان دەفرۆشت بە عەلەی عەلووچ. دواییش خۆیان تەپڵیان بۆ خۆیان لێدەدا. کورد بەمە دەڵێت: لەپاش تڕێک خەمشەی بڕێت. ئێوە ئابڕوو کەرامەتی خۆتان بە خۆڕاییش دەفرۆشن بە دوژمنەکانی کوردوستان. ئەمە کەی مافی جیهان ناسی و جیهان پەروەرییە؟!

بەدەم خەوەوە خەبەرم دەبووەوە و خەونی مێرولەیەکی سپی سپییم دەبینی... لە خەوما پیر دەبووم، خۆمم دەبینی وەک پیرێکی ڕیش سپیی خۆشمەشرەب و بوێرو بزێوو لەڕو کوڕ... دارێکی سپییم لەدەست بوو، هەندێک وایان دەزانی دارەکەی موسایە! بەڵام ئەو دارە حەزرەتی بارزان بە دیاری بۆمی دەنێرێت، لە ئێسکەکانی ئەنفال دروست دەکرێت. هەروەها لەشم بە تەونی مێروولەکان؛ لەچنینی خانمە ناسکە هۆلەندییە ڕاهیبەکان داپۆشرابوو، پۆشتە بووم... پاشان درەختی زەمانیان لە تەنافەکانی جاڵجاڵۆکەی مەزن بۆ چنیبووم، جاڵجاڵۆکەی سپی. دەڕۆیشتم و خۆش خۆش بە دەم ڕێگەوە بە منداڵ و کیژۆڵە چاومەستەکانم دەفەرموو کە دەهاتن بۆ تەماشام. دەمفەرموو: وەرن گەر ڕاست دەکەن، با گشتمان بچیین بۆ مەککەی ڕۆژئاوا، بۆ زاگرۆسی حەزرەتی نوح. چوونکە من حەز دەکەم لەوێ بمرم لەلای کەشتییەکەم. دەڕۆیشتم لە ڕێگاکاندا هەستم بە تەنهایی نەدەکرد... چوونکە میللەتی خۆرئاوام لە پشتەوە بوو، دەستە بە دەستە چاودێریی و سەرپەرشتییان دەکردم. منیش دەڕۆیشتم... وەک ئەوەی هەڵیانگرتبم، یان مردوویەکی زیندوو بم! نەمدەزانی چۆن بەو پیرییەوە توانای بڕیینی ڕێگانی حەقم هەبوو! بەڵام دەڕۆیشتم و گووڕو تاوی هەرزەکارانەم تیا بوو.

لە ڕێگەمدا خەونم دەدی، بە خەو چووم بۆ لای حەزرەتی ئاران زاگرۆسیی شاعیر! ئەویش فەرمووی: بەڕێز ئەم بەرگە نایابە چییە لەبەرتا! دەڵێی دەتەوێت دەست بۆ دڵی خواکان و پێغەمبەرەکان بەریت! بەڵام بەڕێز حەزرەتی نوح تۆ ناتوانی دەست بۆ بەزەیی میللەتان بەریت؛ چوونکە ئەوان بێوویژدانن. ئەوان سەری مارەکەن. فەرمووم ئامیین.

پاشان هەواڵی جیهانی شیعرم لەو پرسی! ئەویش ووتی: من هەر بە ئینگلیزی دەخوێنمەوە. فەرمووم: ئاگات لێ بێت نەبیت بە بەراز. چوونکە ئەوان بەرازیان زۆر تیادایە. ووتی: نا مەترسە هێندە ترسناک نییە. کورد بەرازەکان دەناسێت، ئەگەر بێن و لە کوردوستان نوێژێک بکەن و کەمێک نۆکەریی دەست و پێ

پەڕیوەکان و ژەهراوی بووەکان بکەن، دەشێت خوا لە گوناهەکانیان خۆش بێت. فەرمووم: ئامیین.

دەشێت باوەڕ نەکەی گەر بڵێم خەونم بە جیهانەوە دەدی، لە خەوما بە جیهانی تر دەبووم، بە هاوسێکانی مەملەکەتی کوردوستانی مەزنم دەفەرموو: هەرکەس بگەڕێتەوە ناو میللەت و خوێشی خۆی. هەرکەسێک لە جێگەی خۆیەوە با سەرێک بۆ میللەتی نوح دانەوێنێت و لەدڵی خۆیدا بڵێت: بەڵێ، جوود نزرگەی نوحی باپیرە گەورەی پێغەمبەرەکامانەو دەبێت لەناو کەشتییەکەی خۆیدا بنێژرێت. چوونکە کەشتی قسنی کوردو ڤیکینگ و زاگرۆسە. کاتێک کە لە دێرزەماندا توانامان نەما کەشتی دروست بکەین، مەیتەکانمان دەخستە ناو گۆزەوە... تا لە تۆفانی ئاخیرەتدا بگەڕێنەوە هەمان جێگە.

ئەم دێڕەی سەرەوە نوێژی تازەی پاپاو کاردینال وقەشەکان و موونکەکان و ڕاهیبەکان و ئەوانەیە کە باوەڕیان بە ئایین مەتیینە،، چوونکە ئایین کەرامەتی مرۆڤە نەک ئەفیییونی گەلان. دەزانن چی ئەفیوونی گەلانە؟ تەنهایی و ئاوارەیی و دۆڕاندنی تەمەن بە شەڕ ... وەڕزی و دەردی دوورە ووڵاتی. خودکوشتن و نامۆبوون بەخود... داگیرکردن بەناوی خواوە ئەفیوونە. سەگپەرستی و بەرازپەرستی و دێوپەرستی و ڕەگەزپەرستی ئەفیوونی کیننە دۆزییە و مرۆڤایەتیی ژەهراوی کردووە. نا ئایین دزێوییەکی ئەوتۆی تیا نییە، بەڵام دزێویی سەربار کراوە. جا من دەتوانم بەسەر ئایینەکاندا بچمەوە...

ئیتر چی دڵێکم بە میللەتی نەرویج خۆش بێت؟ خۆ ناچارم دەکەن بنەڕێنم بەسەریانداو پییان بڵێم، من هەرچییەک بم، نەخۆش نییم. من لە ئێوە چاترم.

بۆیە پاسپۆرتەکەتانم ناردەوە،، تا بزانم ئایا دەوێرن پاسپۆرتێک لە گیانی شەهیدەکانی سەدەکانی پێش زایین بۆ من بچنن و بە ئاوی ئاڵتوون لێی بنووسن نوح... ووڵات: مەملەکەتی کوردوستانی مەزن. ماڵ: زاگرۆس. ناوی لێنراو: سەربەست خ. عارف. ژمارەی تەمەن: 429

باڵا: نەزانراو. شێوەی ناسیینەوەی: لووتی عیقابی هیندی. باوەڕی ئایینی: جیهانپەروەرو ئازادی پەرست. ئەو حەزی نەکرد دان بەوەدا بنێت کە عیشق و ئازادی چنگ ناکەوێت. ئەمە لە پاسپۆرتەکەم بنووسن : من زۆر درەنگ

تێگەیشتم کە مرۆڤەکان ناتوانن عیشق و ئازادی بکەن بە دابی ژیان.. من ئەو کارە دەکەم ... چوونکە من عیشق لەگەڵ خۆمدا دەبەم بە دیاری بۆ زاگرۆس. بۆ ناو نهۆمی حەوتەمی کەشتییەکەم.

پێویستە پاسپۆرتەکەم  هەموو فەرموودەکانی منیان تیادا نەخش بکرێت. دەبێت هەرچییەکم فەرمووە لە ناو کتێبی سپیی دەستمدا چاپ و نەخشکرابێت وەک ناسنامەی من... لە سەفەری گەڕانەوەمدا پێویست بوو پێمبێت. دەبوایە میللەتی نەرویج بەو کەرامەتە هەستانایە، لەبری ئەمەی تۆمەتم بخەنە پاڵ وبەکەم تەماشام بکەن و لەبری کار پێدان، لای دکتۆری نەخۆش چارەم بکەن. ئەی بەخۆتان بن. شەرم بکەن، ئاخر من حەزناکەم لێتان تووڕە بم. ئێوە جگە لە گومڕایی هیچ هەقێکتان بۆ من بە ڕەوا نەدی، جگە لە تۆمەت نانە پاڵ... نەتانهێشت ڕۆژێک دڵم شادبێت بە تەماشای ئەو هەموو جوانییە. خوا لەم گوناهەتان خۆش نابێت. بۆیە من پێم نەنگە بە خۆم بڵێم نەرویجییم.

هەڵدەستام و دەنووستمەوە، هەناسەم سۆزی بلوێرێکی پڕ لەغەمی لە سنگم دەردەبڕی... بۆنی غەم لە گەرووم دەهات و هەناسەم بۆ نەدەدرا کاتێک کە لەگەڵ درواسێ و ئەم و ئەودا دەدوام،، چوونکە هەژدە دانەساڵە بەگشت شتێکی دزێو مەحکومیان کردووم و کەس مسقاڵە زەڕڕەیەک ڕێز لە باوەڕو کەرامەت و کەلتوورو ئایینی من ناگرێت. نەمدەزانی بەچی زمانێکی ئەدەبی شاکارەکانم بخەمە بەر دەمیان... کەچی کاتێک کە بە زمانی دایکیان هاتمە گفتارو نووسین، وەک گورگ و سەگ تێم بەربوون و هەزارجار پیامدا هەڵشاخان... کەچی کەس عەقڵی بەوە نەشکا یاریدەیەکم بدات! کەس کتێبێکی بۆ چاپ نەکردم! گشتیان لێ دزیم و تۆمەتی شێتیشیان خستە پاڵم. جا منیش لێیان خۆش ببم، خواوەند سزای ئەو کارەیان دەدات. ئیتر نووستنی چی؟

لەسەرما شەکەتی؛  بە بۆڕەی مزراحێکی وەک نەڕەی دێو دەبۆڕاند بە مێشک و گوێمدا... دەنگی گەلی نەرویج هێندە قیژاندیان بە پەناگوێمدا: کەی دەگەڕێیتەوە؟ منیش دەترسام بە پیرۆزی هاوسەرم بڵێم: پێناسنامەی سەفەرم ناردۆتەوە بۆ مەلیکی بەڕێز. دەترسام لەوەی ئەو بەر لە هاوسێکانم بە شێتم لەقەڵەم بدات. دەترسام مەحکومم بکات بە شێتی... چوونکە ئەو لە سەگپەرستەکان و دێو پەرست و بەرازپەرستان دەترسێت. هونەرو مۆسیقایش لە قووتابخانە سەرشێت بوون، چوونکە لەکەرامەتی باوکیان تەفرە دراون. جا با لەوەش زیاتر بکەن. من

دان بە باشەکانیاندا دەنێم. بەو مەرجەی بەزۆر دەست بەندو بەدخوویيم لەگەڵ نەکەن لە خەستەخانەکانیاندا. چوونکە من فەرمووم: لە بەڕێزی جەنابی خودی مەلیک تەندروستترم. من هیچم لێتان ناوێت، چوونکە ئێوە ناتوانن پاداشتی دۆرانی تەمەن و خۆزگەو ئومێدو تەنهایی هەژدەساڵی ژیانی من بدەنەوە. چوونکە من هەر دەگەڕێمەوە، تەنانەت ئەگەر هێندەی مێروولەیەکی سپی سپییم لێ بێت، هێندەی تریش بچووکم بکەنەوە؛ من گەورەیی خۆمم یەک چرکە لە بیر ناچێت. من ئەوەم کە ئێوە پێویستە لەسەرتان ڕێز لە کەلتووری بگرن. چوونکە من چاوەکانی ژیانم. من هەژدەدانە ساڵی ڕەبەقە کە دەنووم؛ لەخەوما دەگەڕێمەوە. چوونکە زۆر ناشیرین بوو یەکەم بەرخووردم لەگەڵ دێوە نەرویجییەکەدا کە باسم کرد لەسەرەتادا. چوونکە کاتێک کەمن هاتم بۆ ووڵاتی نەرویج؛ دڵ و دەروونم هێندە بێگەردو مەزن و پاک و سپی بوو، گوومانم لە وورچە سپییەکان نەکرد. چوونکە وورچەکانی بەستەڵەکم لەلا جوان و سپی و پۆشتە بوو. کەچی منیان نایە ژێر کەڵبە و قەپۆزی خودپەرستی و دێو پەرستی و مادده پەرستی و ڕەگەزپەرستی و فاشیزم و نازیست،، هەر ڕۆژەو بە چەکێک بەرخوردم لەگەڵدا دەکەن. منیش دابەش دەبم بەسەر جیهانداو هاوار دەکەم: من لێتان ناترسم. من سەفەری خۆم دەکەم. من لە ئێوە نییم، بەڵام دەبێت یادتان بێتەوە کە ئێوە بەر لە ئێستا لە من بوون و ئێستاش بابین؛ لەخۆتان بابین و ڕێگەتان هەڵە کردووە.

بەسە هێندە ئازارم مەدەن. وەهام بە ئیزابێلا دەفەرموو، کاتێک کە لێی تووڕە دەبووم. وەهاشم بە پیرۆزی هاوسەرم فەرموو بەر لەوەی ئازادی بکەم. وە گەلی نەرویج قەرزبارمە بەوەی سووکایەتیی کرد بە خۆشەویستییم. تابلۆکانیان دزییم... هەشت پێشانگام کردەوەو تابلۆکانیان لێ نەکڕیم. لە هۆڵەندە دوو جانتای پڕ لەبەرهەمی هونەرییان لێدزیم، کاتێک کە پەنابەر بووم لەوێ لە ساڵەکانی نەووەتووچواردا. ئەمانە تاوانن، وردەتاوانن کە بەرامبەرم کراون، جەزایان دەبێت بدرێتەوە. بەڵام لە ئێزابێلاو پیرۆز خۆشنابم، چوونکە خۆش باوەڕ نەبوون بە پەیامم. دڵسۆزم نەبوون. بۆیە هەست بە شەکەت دەکەم، بەجۆرێ کە مزراحی بەدرەفتاری و زووشتییەکانیان لە ناو مێشکمدا سووسەی درووستکردووە و دەبۆڕێنێ لەناو مۆخمدا، نایەڵێت بنووم. هێندە شەکەتم ئێستا،، کە تەنها خۆزگە و ئاواتم ئەوەیە کە پاڵکەووتم هەڵنەستمەوە... چوونکە یەک میللەت ؛ هەژدە ساڵە بە بەر گوێمدا دەنەڕێنێت: بۆ دەرەوە ئەی بێ ئاڵا، ئەی بێ ووڵات. منیش دەڵێم...

ئەوەی یەکجار گوێی لە سیحری سۆزی مەزهەر بێت، بە مردوویش دەگەڕێتەوە. گوناحکار کەسێکە کە ناگەڕێتەوە.

لەگەڵ ئەم هەموو هەستە جوانانەدا! لەپاڵ ئەم هەموو بیرۆکە ئێستاتیکییانەدا، تەنها لە پاڵ پەیکەرێکی حەزرەتی مەریەمدا کە ناوم لێنا پیرۆز... واتە پیرۆزی هاوسەرم؛ دانیشتووم و تەماشای خەونە خوارو خێچەکانی دەکەم... لەتەک ئەودا خۆم نەخۆش و ماندوو شەکەت دەبینم... ئەو لە خۆم ماندووتر دەبینم... دەبینم لە خەونیدا لەتەک مندا دەگەڕێت؛ کەنیسەکان،، مۆزەخانەکان... بازاڕەکانی جیهان دەگەڕێت و تەماشا دەکات. تەماشای مەزنی و شکۆو مەتینیی کەلتووری ئەورووپا دەکات. ئەو خەونەکانی لە هی من ناچن. ئەو خاوەنکارەو کار بۆ دێوەکان دەکات. کاری درووستکردنی سەنسۆری هەستیارە بۆ چەک و تەقەمەنیی مۆدرێن! بۆیە ئەو زۆر لەمن هەراسانترە؛ بەڵام ناوێرێت تەسلیم بێت. ناوێرێت دوای شێتێکی وەک من بێئاڵاو ئایین و بێوڵات بکەوێت. دەترسێت... دەترسێت لەوەی کە هونەرو مۆسیقا برسییان بێت. یان لەسەرمادا ڕەقهەڵێن! ڕاست دەکات ئەویش؛ من هاوڕایم. چوونکە جیهان زۆر بێ ئەمەک بووە بەرامبەر بە هەموو حەزرەتە مەریەمەکانی ئەورووپا... کە نیازیانە هاریکاریی میللەتی نوح بکەن! چۆن؟ نازانم.

بۆیە دیوارێکی مەتین لە نێوان من و ئەودا دروست بووە. دیواری بێهەستی و نەهی کردن لەتەوەری یەکتری. ئەو من نابینێت. ئەو من ناناسێت. بۆیە خۆم وەها دەبییم لە ڕوانگەو سۆنای ئەوەوە: دەبینم، تاک و تەنها دەڕۆم بەسەر شەقامەکانی ئەورووپادا... نە داردەستم پێیە و نە بەرگی سپیشم لەبەردایە! تاک و تەنها دەڕۆم و درەختێکیشم لەسەر سەر نییە... بەڵام دەڕۆم. چوونکە ئەو دڵنیایە لە بێ بەزەییو بەکەم تەماشاکردنی بێگانە لە کەلتووری ئەورووپادا. ئەو دەزانێت کە کەس، هەر هیچکەس دەربەستی بیرۆکە پووچەکانی خورفبوویەکی وەک من نایەت. بەڵام من باکم نییە. بۆیە لە خەونەکانی بەڕێزی هاتوومەتە دەرێ و لە جیهانی تەنهایی خۆمدا هەمیشە وەک گەڕۆکە بێناوەکە؛ وەک مرۆڤێکی پەیامپەرست و مافپەرست و ئازاد دەڕۆم... باو باران پەلەیانە بۆ قۆستنەوەی تەرمەکەم بۆ ئەبەدییەت. چوونکە من لەوێوە هاتووم. ئاگرو کڵپە حەز دەکەن تەنانەت تیرۆریستەکانیش هان بدەن تا بێن و خۆیان لەبەر دەمی مندا بتەقێننەوە تا زوو گیانم لە چنگی دێوپەرستەکان دەربازبکەن و بیگەڕێننەوە بۆ لای پێغەمبەران و خواو

خواوەندەکان و بەوان بڵێن: ئەمە پارچەکانی جگەری حەزرەتی نوحە ؛ وا هەڵپژا بە ڕووتاندا! ئەوبە سوودی ئەمڕۆ و بەکەڵکی یەکتاپەرستی نایەت.

بەزەییم بە هاتنەوەی خۆمدا دێتەوە لە چاوی گەلی نەرویج و ماریاکانیاندا! دەبینم هەر یەکەو لە جێگەی خۆیەوە قایشی سەگێکی لە دەستەو گووی سەگ کۆ دەکەنەوە! دەیانبینم ئافرەتانی ڕوسیاو بولغاریاو پۆلۆن و بۆسنیاو ئێران و کوردو هی هەموو جیهانیان هێناوەو بە تاڵان مەزاتیان دەکەن. دەبینم ئەوەی کە سەگیش ناپەرستێ؛ دێوێکی بە گوومان و ترسنۆک و لاوازی لە ماڵە تەنهاکەیدا ڕاگرتووەو گوومان لە هەموو کەسێک دەکات. شک لە هەموو جوانییەک دەکات. خۆیشی بە پیاو دەزانێت. وا دەزانێت ئافرەت هیچ نییە.

منیش بەزەییم پیایاندا دێتەوە... دەڕۆم و تەماشایان دەکەم... بە دڵ و دەروونێکی ڕەنجاوەوە... وەڵامی پرسیارەکانیان دەشێت نەدەمەوە! چوونکە ئەوان باوەڕیان بە باپیرانیان نەماوە... ئەوان باوەڕیان بە خۆیان سستە. بۆیە لەبەر هەمان هۆ منیش؛ پشتمکردۆتە هاوسەرەکەم... تەنها دەڕۆم بە دوای خەونە خۆشەکانی خۆمدا؛ خەونی ڕواندنی درەختی زەمان لە چیای جوود... ئەوسا باسی دۆزی مەملەکەتی یەکگرتووی مەزنی کوردوستان بۆ منداڵەکان دەکەم. فێریان دەکەم ڕا نەکەن... لە وڵاتی باوک و دایک دوور نەکەونەوە... باسی مێروولەکانمیان بۆ دەکەم... کە چۆن وەک ئەو منداڵە ووردیلانەی ئەنفال و کیمیاباران لە مندا دەژێنەوەو باسی زانستی کوردناسییم بۆ دەکەن. چوونکە ئەوان دەفەرموون کە نوح لە چیای جوودەوە بیرۆکەی بە جیهانی بوونی مرۆڤەکان ئەزموون دەکات. ئەو دەزانێت چۆن بە جیهانی بوون لەگەڵ دێودا مەحاڵە... ئەم باسانە بۆ سەرکردەکانیش دەکەم. ئەگەر سەرکردەکان حەز بکەن؛ ئەوا من باسی ئەو ڕۆژەیان بۆ دەکەم کە شەڕیان کردەوە بە خوو. پاش ئەوەی لەسەفەری دەریادا، چەند ئەندامی میللەتانمان ڕزگار کرد. من دەمەوێت گەرانەوەم بە سوودی جیهان بەکار بەرم. من چاوەڕوانی هیچی ئەوتۆش نییم... باوەڕیشم سستە دەر هەق ئەوەی کە سیاسەتمەدارانی کورد گوێ لە من بگرن. بەڵام من ڕاستییەکی تایبەتم.

بەتایبەتی ئەو کاتانەی لە قووتبی خۆمدا خۆم هێندەی هەزاران خواوەند تەنها دەبیینم. لە چاوتروکانێکدا فرسەت دەهێنم و سەفەرێک دەکەم... کەشتییەک دروست دەکەم... بەناو زەریاکاندا داژووم... باکان سەرپشکن لەوەی بۆ کوێم دەبەن... من زۆر کەم بەتەنگ ژیانەوە ماوم... چوونکە هێندە بەدوای نیشتیمان و

وڵات و مەملەکەت و سەرزەمینی خۆمدا گەڕاوم؛ شەکەتم هێناوە. خەونەکانم بوون بە کەشتییەکی سپی سپی... کە دەنووم سواری دەبم... نا؛ فریشتەکان دێنە ژێر باڵم و دەمبەنە نهۆمی حەوتەمیین... لەوێ دادەنیشم بیر لە چارەی نەخۆشییەکانی جیهان دەکەمەوە... بیر لەجیهان و ئاسمان و خواوەندو بتەکان و فریشتەکان دەکەمەوە. لەژێر درەختی زەماندا دادەنیشم و گوێ لەهەستی بوونەوەر دەگرم. وانە بە مندالانی میوانم دەڵێمەوە... وانە بە فریشتەکان و دایەن و دایک و ئافرەتان دەڵێمەوە... وانەی بە جیهانی بوون.

بۆیە بەر لەوەی چارەکە کاژێرێ، یان کاژێرێک دوو بنووم؛ بڕیارمدا کە لە ساڵی دووهەزارو نۆ دا لە بیستوو یەکەمی نەورۆزدا ماڵئاوایی لەگەلی نەروێژیش بکەم. پێیان بڵێم: من عیشقم دەست نەکەوت لەناوتاندا تا نیشانی جیهانی بدەم. من بە جێتان دەهێڵم ماڵتان ئاوا. چیشم هەیە بۆ ئێوە، جگە لە بەرهەمە هونەرییەکانم. ئەوان موڵکی ئەو کەشتییەن کە لە زاگرۆس بنیاتی دەنێم دوای گەیشتنم بە کوردوستان. من بنیاتنەرەوەی کەشتییەکەی نوح ــم. دەگەڕێمەوە و دوای خەونی میللەتی کورد دەکەوم... چوونکە ئازادی گەر لە عیشقا نەتوێتەوە، مەزن و پیرۆزترە... بەداخەوە. ئازادی لەعیشق مەزنترە. بەڵام من دەمویست عیشق و ئازادی پێکەوە گرێ بدەم و دوا زانستی خامۆشتان فێر بکەم. بەمە من لێتان دڵگیرم. بۆیە بەجێتان دەهێڵم. جا هەر کەسێک تابلۆیەکی منی لەماڵەکەیدا هەیە؛ دەبێت بە دەستپاکییەوە بینێرێتەوە بۆ کوردوستان... تا خۆم لەوێ چاودێریی بکەم. چوونکە ئێوە منتان بە هەرزان کڕی. منتان ماندووکرد؛ نەخۆش خست، ڕسواکرد... نەتانهێشت بە هونەر لە باوەڕم بدوێم بۆتان. نەتانهێشت تێر تەماشای جوانیی ووڵات و گەل و باوەڕتان بکەم.

### وەسیەتنامە بۆ هاوڕێکانم

من هەرکەسێک بم؛ خۆم زۆرباش دەناسم. دەمەوێ بگەڕێمەوەو لە زاگرۆس نوێژ بۆ کەمترین هیانلەبەری ئەوێ بکەم. بچەمێمەوە بۆ نزرگەی خۆم. من گیانی لێبووردنم هێندە مەزنە، حەز دەکەم ڕێز لە هەموو گیانلەبەرێک بگرم. من خۆم و خوای خۆم دەناسم. من خاوەنی پەیامی هونەرم.

بەناوی جوانی و ئازادی و هونەرەوە. بەناوی گیانی پیرۆزو باوک و کوڕەوە. بە ناوی هەموو پێغەمبەرەکانەوە؛ داوا لە هاوڕێکانم دەکەم، کە گومان لە تەندروستیی من نەکەن. چوونکە من شێت نیم. بەڵکوو پێویستە لەسەرتان هاوکاری بکەن بە گشتتان دەستێ بەرگی سپییم بۆ بکەن... ئەگەر خۆشم نەمام و مردم؛ یا پێڕانەگەیشتم ئەو کارە بکەم... ئەوا دەستێ بەرگی سپی بیکەنە بەری لاشەکەم. لێی بنووسن: نوح نامرێت. ئەوسا منیش هەڵدەستمە سەرپێ و بە مردوویی پێتان دەڵێم: ئەوە بەرەو کوێ دەڕۆن هاوڕێکانم؟ چاوەڕوانی چیین؟ وەرن، بۆکوێ دەچن وا کەساس و دۆڕاوو تەنها دیارن؟! وەرن دەست بدەنە دەستم تا ڕێگاتان بیر بخەمەوە... زاگرۆس ناکەوێتە ناو قەبرسانەکانتانەوە، نەخێر، بەڵکوو دەکەوێتە ئەم ڕێیەوە کەمن بە مردووییش لێمتێک ناچێت. گەر کەشتییەکیش نەبوو باوەڕەکانم هەڵگرێت، ئەوا خۆم و فەرموودەکانم بخەنە ناو گۆزەیەکەوە و بمدەن بە دەم ئاوەوە... شەپۆلەکان دەزانن بۆ کوێم دەبەن. چوونکە ئەوان لەگەڵمدا دواون. ئەوان گیانم دەبەخشن بە گوڵ... گوڵیش میوانی دێت،، هەنگە سپییە

باڵدارەکان دێن و شیلەی گیانی من لە لێوی گوڵ دەگرن، ئینجا ڕێکوو ڕاست دەفڕن بەرەو کەشتییەکەم. ئەوسا هەمووتان تێدەگەن، کەمن کێم و کوڕی کێم.

ئەگەر بێت و هەنگەکان ڕێگەیان لێتێک بچێت، ئەگەر بێت و زەریاو دەریاکانیش دووچاری بێخەوی بن وەک من و ئارام نەگرن. ئەوا باکان یان بۆرکانەکان دێن بەدوامدا... ئەگەر ئەوانیش بە دەردی ژینگەوە بناڵن و نەتوانن هەڵمبگرن؛ ئەوا تۆفانێک هەڵدەستێ نەبێتەوە. چوونکە تۆفان من دەناسێت... دێت و فێ دەیگرێت و بە کەفاوی دەمی پەرکەمگرتووی دەگرمێنێت بەسەر ئاسمانەکاندا و تاریکیتان دەکات بە میوان و مانگ پشتتان تێ دەکات... ئەوسا تەرمەکەم هەڵدەگرێت و دەمباتەوە. چوونکە من و تۆفان هاوڕێی لە میژییەی گەشتی سەفەرین. ئەوسا گەرما سەرمای دەبێت.